د. خالد زیادە

# دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان چاکسازیو هەڵوەشانەوەدا

## توێژینەوەیەك سەبارەت بە کاریگەریی ئەوروپا لەسەر عوسمانیەکان لە سەدەی هەژدەهەم

وەرگێڕانی
خالید مەحمود کەریم

ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ٢٠١٣

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیـەكی كەلتورییـە بـەپێی بڕیـاری كـۆنگرەی سـێی سـاڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لـە دەسـتەبەركردنی پێداویسـتییەكانی هۆشـیاركردنەوەی سیاسـی، فـراوان كردنـی چوارچـێوەكانی رۆشـنبیریی گشـتی، تۆكمـەكردنی بـەهاكانی دیموكراسـیو مـافی مـرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچـەرخو دابـین كردنـی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

- دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان چاكسازیو هەڵوەشانەوەدا
- وەرگێڕانی: خالید مەحمود كەریم
- بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیرانی (ی.ن.ك)
- دیزاین: كەمال حامد
- تیراژ: ٢٠٠٠
- ژمارەی زنجیرە: (٤٩٩)
- ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان (١١٠٦) ساڵی ٢٠١٣


**تێبینی: ئەم كتێبە لە بنەڕەتدا ناوی (دۆزینەوەی پێشكەوتنی ئـەوروپا)یە بـەڵام بـۆ ناوە كوردیەكە بەم ناوە دانراوە.**


**سەرپەرشتیاری زنجیرەی كتێب**
**عوسمان حەمەڕەشید گورون**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# پێشەکی

عوسمانییەکان لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمی زاینیدا خاوەن میرایەتیـەکی بچـوك بـوون، کـە دەکەوتـە ڕوی بـاکوری ڕۆژئـاوای ئـەنادۆڵ، لەسـەر سـنووری ئیمپراتۆریـای بیزەنتـی. ئـەم میرایەتیـە یـەکێك بـو لـەو چـەندین میرایەتیـە تورکانـەی یـا تورکمانانـەی لـەو قۆناغـەدا لـە ڕۆژئـاواو ناوەڕاستی ئەنادۆڵـدا بوونیـان هـەبوو، لەوانـە (ذولقەدەر، قەرەمان، حەمید، ئایدین، تیکە، ساروخان...هتـد)، بەڵام لـە هـەمان کاتـدا تاکـە میرایـەتیش بـو، تـوانی وردە وردە و لەسـەرخۆ گەورەو بەرفراوانبێت، بەجۆرێك لە کۆتایی سەدەی چواردەهەمدا بـو بـە دەوڵـەتێکی بـەهێز، پاشـان بـە ئیمپراتۆریایـەك، دوای ئـەوەی توانیـان لەسـەر دەسـتی سـوڵتان موحەمـەد فـاتیح، قسـتەنتینیە داگیربکـەن لـە سـاڵی (١٤٥٣ز.)دا، پاشـتریش لـە سـەردەمی سـوڵتان سولەیمان قانونی (١٥٢٠-١٥٦٦ز)دا، بوون بە دەوڵـەتێکی جیهـانی. لـەو کاتـە بـەدواوە ئـیتر دەوڵـەتی عوسمـانی خـاکێکی بـەرینی دادەپۆشـی، کـە نزیکـەی (١٥,٠٠٠,٠٠٠ کـم$^2$) دەبـو. موڵکـەکانی عوسمانی بەدیوی ئەوروپادا دەگەیشتە ناوچەکانی نزیك تریستاو ڤیـەنناو سـنووری پۆڵۆنیـا. هـەروەها دەریـای (ڕەش) و دەریـای (ئـازوف)یـش بـوون بـەدوو دەریـای عوسمـانی، هـەروەها بەشـی ڕۆژئـاوای (قـەوقازیا)ش ملکەچـی حـوکمڕانی عوسمانییـەکان بـوون، بەهەمان شێوە ڕۆژئاوای ئاسیا، لە نێویانـدا کوردستان و ناوەڕاست و باشوری عێراق و وڵاتی شام و دورگەی عەرەب، لەوێشەوە باکوری ئـەفریقا لـە میسـرەوە تـا سـنووری مەراکیشـی دەگرتـەوە.

عوسمانییەکان ئیتر گەیشتنە ئاستێك، توانیان خۆیان بۆ ڕۆڵگێڕان لە سیاسەتی جیهانیدا ئامادەبکەن، بۆ ئەوەی ببنە ڕەگەزی بالأنسێکی نوێ، لەم بارەوە شانبەشانی سەرکەوتنەکانیان لە بواری سەربازیدا، جموجوڵێکی کارای دیبلۆماتیشیان دەستپێکرد، ئەم سیاسەتەش بەسبوو تا دەوڵەتی عوسمانی بکات بە یەکێك لە سێ دەوڵەتە جیهانیەکەی ئەوروپا، هەڵبەتە شانبەشانی هەر یەك لە ئیمپراتۆریای بنەماڵەی هاپسبێرگ و مۆسکۆی قەیسەری.

هاوکات لەگەڵ بەرینبوونی دەوڵەت و بالأدەستبوونی لە ڕوی سەربازییەوە، عوسمانییەکان بوون بەخاوەن ئابوریەکی بەهێزیش، لە ڕاستیدا داهاتە داراییەکانی دەوڵەت بەشی پتەوکردنی هێزو تواناکانی دەکردن. ئەو ئابوریە بەهێزە لە پاراستنی ئامێرە جەنگیە ترسناکەکەیاندا یارمەتیدان، بەگوێرەی ئاماژەپێکردنی خودی مێژوونوسە ئەوروپیەکان، عوسمانییەکان خاوەن تاکە سوپای جێگیرو ڕێکخراوبوون، کە لە ئەوروپادا حسێبی بۆ کرابێت، بەهۆی چاکەی ئەم سوپاوە توانیان لە دیدی ڕەعییەت و دراوسێکانیاندا وەك هێزێکی ترسناك دەرکەون، داودەزگا سوپاییەکانی عوسمانی لەڕوی تۆپخانەو کاروباری ئەندازیاری و پشتیوانی و کۆمەك و تەموینیشەوە لە سەروی ئاستی سەردەمەکەی خۆیدابو، بەجۆرێك هیچ دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە توانایدا نەبو بەرهەڵستی هێزەکانی ئینکیشاری و سوارەی دەرەبەگەکان (سوپاهی)ی عوسمانی بکات.

هەڵەیە هێزو توانای دەوڵەتی عوسمانی بە تەنها لە هێزو توانای دام ودەزگا سەربازییەکانیدا ڕاڤەبکرێت، لەم مەسەلەدا سیستمی کارگێڕی و سیاسی دەوڵەت ڕۆڵی خۆیان هەبووە، بەتایبەت کە عوسمانییەکان لەو قۆناغەی مێژووی دەوڵەتەکەیاندا بەوە

ناسـراببوون دەتـوانن لێهـاتوترین پیاوەکانیـان بـۆ پۆسـت و پلـەو پایـەکانی دەوڵـەت هەڵبـژێرن، بێ لەبەرچاوگرتنی بنچینەو ڕەگـەزی تـاك و ڕەوشـە کۆمەڵایەتیەکـەی، بـەم کـارە وەك "دۆناڵـد کـواترت"ی مێژوونوس دەڵێت، بێ جیاوازیکردن هەل و فرسەتی ئیشکردنیان بە هەموان بەخشی، بۆ ئەوەی لـە بـوارە سـەربازی و مەدەنیەکاندا ڕاژەو خزمەتی خۆیان پێشکەش بە دەوڵـەت بکـەن. تـا ناوەڕاستی سـەدەی شانزەهەمیش سوڵتانە عوسمانییەکان بۆخۆیان کاروباری دەوڵەتیان بـەڕێوەدەبردو بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بەدواداچـونیان بـۆ گرفـت و کێشـەکانی ڕەعییـەت و سـکاڵاکانیان دەکـرد، کارەکـان بەخێراییـەکی گونجـاوەوە ئـەنجام ئـەدران، سـوڵتانەکانیش کەسـانێکی پراکتیکـی بــوونو دەوڵەتەکــەیان پەرەپێــدا بــۆ ئــەوەی بتوانێــت ڕوبــەڕوی پێداویستیە ناچارییەکانی ئەو ڕۆژگارە ببێتەوە. هەروەها حوکمڕانی عوسمـانی بەشـێوەیەکی گشـتی، لـەڕوی ئابوریـەوە بـۆ دانیشـتوانی ناوچە داگیرکراوەکان کەم ئەرکتربوون، چونکە ئەو باج و خەراجانەی ئەمان (واتا عوسمانییەکان) لێیان وەردەگرتن، کەمتربو لەوەی کە بە ئاغاکانی پێشوتریان دەدا.

دەتـوانین بڵـێین سـەردەمی سـوڵتان سـولەیمان قـانونی خـاڵی "ترۆپکـە" لـە مێـژووی دەوڵـەتی عوسمانیـدا، کـە زیـاتر لـە حـەوت سـەدەی (١٢٩٩-١٩٢٢ز) خایانـدووە، چـونکە ئـەو سـەردەمە بـۆ عوسمانییـەکان ئـیتر خـاڵی کۆتـایی گەیشـتنە بـە شـکۆمەندی و ئەوپـەڕی قۆناغـەکانی بـەرینبوونی دەوڵـەتیش پێکـدێنێت. دوای سەردەمی قانونیش پرۆسەیەکی پاشەکشێی لەسـەرخۆو درێژخایـەن لـە دەوڵـەتی عوسمـانی و دام و دەزگـا جیاجیاکانیـدا دەسـتیپێکرد. پیاوانی دەوڵەت و سیاسەت و خاوەن فیکر لە دەوڵەتی عوسمانیدا لــە کــاتێکی زۆر زوودا هەســتیان بــەم پرۆســەی پاشەکشــێکردنە

کردبـووو، بەتایبـەت هـەر لـە سـەدەی حەڤدەهـەمی زایینیـەوە. لـەم ڕووەوە نووسـین و نامەگـەلێکی زۆریـان بـۆ بەجێهێشـتوین، تیایـدا هۆکارەکـــانی لاوازی و پاشەکشـــێیان لـــە دەوڵـــەتی عوسمانیـــدا باســـکردووە، بـــۆ چارەسەرکردنیشـــیان ڕاســـپاردەو ڕێگەچـــارەیان پێشـنیارکردووە. و تێکـڕای ئـەو نووسـین و نامانـەش، بەئومێـدی سوودلێوەرگرتنیان پێشکەش بە سوڵتانەکانی بنەماڵەی عوسمانی، یان بە سەدرولئەعزەمەکان (سەرۆك وەزیرانەکان) کراون.

لــە نێـو ئەوانـەی کـە نووسـین و نامـەیان بـۆ بەجێهێشـتوین و دەستیان خستۆتە سەر ناتەواویەکان لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا، مێژوونوســـی عوسمـــانی موســـتەفای کـــوڕی ئەحمـــەدی کـــوڕی عەبدولمەولا (١٥٤١-١٦٠٠ز)یە، کە بەناوی "عالی" ناسراوە و کتێبی "ئامۆژگاریکردنی سوڵتانەکان"و "گەنجینـەی هەواڵـەکان و هـەوێنی بیرو ئاوەزەکـان" و نامەیەکیشـی بـەناوی " حەقیقـەتی هەرێمـەکان" نووسـیوە، هـەروەها چـەندین کتێبـی تـر، هـەروەها زانـای بۆسـنی "حەســەن کــافی"یــە (ســاڵی ١٦١٦مــردووە) کــە بەناونیشـــانی "بنەماکانی حوکمڕانی لـە سیسـتمی جیهانـدا " کتێبێکـی نووسـیوە، هەروەها عەینی عەلی ئەفەندی، کە نامەیەکی نووسیوە بە ناونیشـانی "قوانين ال عثمان در خلاصة مضامين دفتری دیـوان"، و کتێبێکیش بە ناونیشانی "وظیفة خوران مراتب بنـدکان ال عثمـان"، هـەروەها "قوچی بەگ"، کە لە ساڵی (١٦٣٠ز) دا نامەیەکی گرنگی نووسیوەو پێشکەشـی سـوڵتان مـورادی چـوارەمی (١٦٢٣-١٦٤٠ز) کـردووە، کاتـب چـەلەبی یـان حـاجی خەلیفـە (لـە سـاڵی ١٦٥٧ز مـردووە)، کتێبێکی بە ناونیشانی "تەرازوی حەق لە هەڵبـژاردنی حەقتـریندا" و نامەیـەکیش بەناونیشـانی "دەسـتوری کـار بـۆ چارەسـەرکردنی دۆخـی نالـەبار" نووسـیوە، هـەورەها حسـێن هـەزار فـەن (١٦٠١-

١٦٧٩ز) کـە کتێبێکـی بـە ناونیشـانی "کورتکردنـەوەی بـەیان لـە یاساکانی بنەماڵەی عوسمان"دا نووسیوە، چەندین نووسەری تر.

بانگهێشـتکارانی ڕیفـۆرم لـە کتێـب و نامەکانیانـدا هۆکـارە سـەرەکیەکانی لاوازی و کەنـەفتی دەوڵـەتیان لـەم خاڵانـەدا کورتکردۆتـەوە: گەنـدەڵی کـارگێڕی و دارایـی لـە دەوڵەتـدا، ئافـاتی بەرتیلخواردن و خزمخزمێنە، کە ئاکام کەسانێکی بێتواناو نەشیاوی هێنایە پـێش و گەیاندنیە پۆسـتە سـەربازی و کـارگێڕی و داوەرییـە باڵاکانی دەوڵەت، داتەپینی دام و دەزگاکـانی دەوڵـەت، بەتایبـەت دام و دەزگـای سـەربازی و ئاکامـە قـورس و پڕوکێنـەرەکانی بـۆ سـەر بودجەی دەوڵەت. خراپبوونی دۆخـی جوتیـاران کە بەشێوەی باج و خەراج‌و بەروبووم و داهاتیان لە لایەن سەربازانەوە بەتاڵان دەبران و دادەقەپێنـدران، ئەمـەش بـووە هـۆی پشتگوێخسـتنی کشـتوکاڵ و بەجێهێشـتنی گونـدەکان لەلایـەن جوتیارەکانـەوە، ئاکـامیش گەنجینەی دەوڵەت لە داهاتی دارایی بێبەش بو. هـەروەها ئامـاژەیـان بۆ نـەمانی دادو دورکەوتنـەوە لـە جێبـەجێکردنی شـەریعەتی ئیسلام کـردووە و پێیـان وابـووە ڕێگەچارەی ئـەم خراپەکارییانـە بەگەڕانـەوە دەبێـت بـۆ سـەر دۆخـی داو دوزگاکـانی دەوڵـەت لـە سـەردەمەکانی پێشوترداو هێنانەپێشەوەی کەسـی شـیاوو لێهاتو لـە بەڕێوەبردنـدا، شایەنی وتنە نوێبوونەوە یا وەرگرتن لە ڕۆژئاوا لـە زەیـن و خـەیاڵی ئـەو ڕیفۆرمخوازانـەدا مەسـەلەیەك بـو بـوونی نـەبو، بەتایبـەت کـە دەوڵـەتی عوسمـانی هێشـتا هێـزو توانـا سـەربازییەکانی خـۆی پاراستبوو، لای ئەوروپیەکانیش وەك دەوڵەتێکی ترسناك دەبینرا.

لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمەوە، بە دیاریکراویش لە نێوان سالأنی (١٦٨٤-١٦٩٩ز)دا، بالأنسی هێز لە نێوان ئەوروپییەکان و دەوڵەتی عوسمانیدا گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەرداهات، بەتایبەت پاش شکستی عوسمانییەکان لە جەنگی دژ بە "یەکێتی پیرۆز"دا، کە هەر یەك لە نەمساو پورتوگال و پۆڵۆنیاو بووندوقیەو دانیمارك و ئینگلتەراو فەرەنساو روسیای قەیسەری لە خۆگرتبوو، ئەوەبو لە کۆتایدا دەوڵەتی عوسمانی ناچاربوو لە ساڵی (١٦٩٩ز)دا بە پەیماننامەی کارلۆڤتز قایلبێت. دەوڵەتی عوسمانی لەم پەیماننامەدا لە بەرژەوەندی نەمساو بووندوقیەو پۆڵۆنیا هەرێمگەلێکی بەرچاوی دۆڕاند، لە ڕاستیشدا ڕێکەوتنی کارلۆڤتز بەوە وەسفکراوە، کە دەستپێکی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی دەوڵەتی عوسمانی و یەکەم هەنگاوی ئەو پرۆسە مێژووییەیە کە لەو ڕۆژگارەوە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و وردە وردە بەردەوام بووە.

لەگەڵ دوبارەبوونەوەی شکستەکانی عوسمانیدا بەرامبەر ئەوروپاو پاش ئەوەو لە بۆنەی تردا هەر لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمەوە، ئیتر لاوازی و کەنەفتی عوسمانی بەرامبەر بە ئەوروپا ئاشکرابوو، بانگهێشتکارانی ڕیفۆرم لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەستیانکرد کە چارەسەرکردنی لاوازی و داتەپین بە تەنها بەگەڕانەوە بۆ دۆخی جارانی دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە سەردەمی بەهێزیی دەوڵەتی عوسمانیدا نایەتەدی، بەڵکو مەسەلەکە پێویستی بە ناسینی زیاتری ئەوروپاو دۆزینەوەی هۆکارو ئامرازەکانی پێشکەوتن و هێزو تواناکانی هەیە، هەروەها هەوڵ و کۆشش بۆ سوود لێ وەرگرتنیان، بۆ "نوێکردنەوەی" داو دەزگاکانی عوسمانی، بەتایبەتی داو دەزگا سەربازییەکان. ئەمەش دەروازەی قۆناغێکی نوێ بوو لە هەوڵ و کۆششەکاندا بۆ ڕیفۆرمکردن لە دەوڵەتی

عوسمانی لەسەر بناغەی وەرگرتن لە ڕۆژئاوا. بەڵام ئەمە ئەرکێکی ئاسان نەبوو، چونکە لە لایەن گروپگەلێکەوە کە هەستیاندەکرد ڕەنگە نوێکردنەوە هەڕەشە بکات لە پێگەو دەسەڵاتیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ڕوبەڕوی بەرهەڵستیەکی توند بوونەوە. لە پێش ئەوانەش سەرانی سوپای ئینکیشاریو زۆرێك لە زانایانی ئایینی، کە پێیان وابوو وەرگرتن لە ڕۆژئاوا "بیدعە"یەو لەگەڵ پەیڕەوی ئیسلامدا ناکۆك و نەگونجاوە. ئەم ناکۆکییە لە نێوان بانگهێشتکارانی "نوێکردنەوە" لە دەوڵەتی عوسمانی و لە نێوان نەیارانیدا ئاقاری بزاڤی ڕیفۆرمسازی لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەدرێژایی هەردو سەدەی هەژدەو نۆزدە دەستنیشانکرد. لەگەڵ ئەوەی نەیارانی ڕیفۆرم ئەوەندەی پێیان کرا دژ بەوەرگرتن لەڕۆژئاوا وەستانەوەو چەندین بزاڤی هەڵگەڕانەوەشیان ئەنجامدا، کە تیایدا چەندین کەس بوونە قوربانی، لەوانە سەدرولئەعزەم ئەلداماد ئیبراهیم پاشا لە ساڵی (١٧٣٠ز)، سوڵتانی ڕیفۆرمخواز سەلیمی سێیەم لە ساڵی (١٨٠٧ز)دا، بەڵام پێویستیی بۆ ناسینی ئەوروپاو وەرگرتن لێی لەوە گەورەتربوو کە گروپە نەیارەکانی نوێکردنەوە بتوانن تا دوایی لە بەردەمیدا بوەستن. دەوڵەتی عوسمانی چاری نەبوو لە کاریگەربوون زیاتر بە پێشکەوتنی ئەوروپا، نەك تەنها لەسەر ئاستی نوێکردنەوەی هێزی سەربازی، بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیش. لە بەدواداچونی کاروانی دۆزینەوەی عوسمانییەکاندا بۆ پێشکەوتنی ئەوروپا ئەمە بەڕونی دەبینرێت، لە میانەی هەناردنی باڵوێزەکانەوە بۆ ئەوروپا، هێنانی ڕاهێنەری سەربازی، وەرگێڕانی نووسینە ئەوروپییەکان، بەتایبەتیش فەڕەنسی، بۆ سەر زمانی تورکی، هەروەها لە بەدواداچونی بزاڤی ڕیفۆرم و نوێکردنەوە لە دەوڵەتی عوسمانیدا، هەر لە سەرەتای

سـەدەی هەژدەهەمـەوە تـا دەگاتـە بزاڤـی ڕیفـۆرم و نوێکردنـەوەی بەرفراوان، لە نێوان سالأنی (١٨٣٩-١٨٧٦ز)دا، کە بە "تـەنزیمات" ناسراوە.

لەواقیعدا بزاڤی ڕیفۆرم و نوێکردنـەوە ڕویـەکی گرنگـی مێـژووی عوسمـانی پێکـدەهێنن، زۆرێکـیش لـە مێژوونوسـە تـورك و ڕۆژئاواییەکان کە بواری ڕاژەکردنیان مێژووی عوسمانییە، لە میانی تۆژینـەوەو شـیکردنەوەکانیانەوە لـەم مەسـەلەیان کۆڵێوەتـەوە، هـەروەها چـەند دەیەیەکـە سـەرنجی تـۆژەرو مێژوونوسـە عەرەبەکانیشی ڕاکێشاوە. لەم ڕووەوە مێژوونوسی لوبنـانی "خالـد زیادە" یەکەمین ئەو کەسانەیە کە لەم بابەتـەی کۆڵیوەتـەوە، کاتێك کتێبێکـی بەناونیشـانی "دۆزینـەوەی پێشـکەوتنی ئـەوروپا: تۆژینەوەیـەك لە کاریگەرییـەکانی ئەوروپا لەسەر عوسمانییـەکان لـە سـەدەی هەژدەهەمـدا"، لـە سـاڵی ١٩٨١ز، لـە "دار الطليعـة"، لـە بەیروتـدا، بڵاوکـردەوە. شـایەنی هێمـا بۆکردنـە خالـد زیـادە کەسایەتیەکی ڕۆشـنبیرییەو لەسـەر ئاستێکی بـەرین ناسـراوە، لـە لوبنـان لـە شـاری تـەرابولس لـەدایکبووە، لـە فەڕەنسـا دوکتـۆرای هێنـاوە، لـە بـواری مێـژووو ئەدەبـدا چـەندین کتێبـی نووسـیوە، یەکێکیان ئەو کتێبەیە کە لـە سـەرەوە ئاماژەمـان بـۆکرد، کـە زیاد لـە جارێك چاپکراوەتەوە، دوایین جاریـان، "دار الشروق" لە قاهیرە لـە سـاڵی (٢٠١٠ز)دا، بەناونیشـانی "المسـلمون و الحداثـة الاوربيـة" بڵاویکردۆتـەوە، هـەروەها کتێبـی "الخسـيس والنفـيس: الرقابـة و الفسـاد فـى المدينـة الاسـلامية"، کتێبـی "كاتـب السلطان"، کتێبـی "العلمـاء و الفرنسـيين فـى تـاريخ الجبرتـى"و کتێبـی "مدنيـة علـى المتوسط" کە لە سێ بەرگ پێکهاتووەو بریتیە لە ژیاننامـەی خـودی نووسـەر. شـایەنی وتنـە هەنـدێ لـە کـارە ئەدەبیـەکانی نووسـەر بـۆ

زمانـەکانی فەڕەنسـی و ئـەڵمانی و ئیتـالی وئیسـپانی وەرگێـڕدراون، هەروەها نووسەر بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ بەڕێوبەری کۆلێژی ئـەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتیەکان بووە لـە تـەرابولس، لـە ئێستاشـدا باڵوێزی لوبنانــە لــە میســرو لــە کۆمکــاری عەرەبیــدا نوێنــەری هەمیشــەیی وڵاتەکەیەتی.

بێگومان ئەم کتێبە لەو کتێبە بایەخدارو گرنگانەیە کە باس لە سەرەتای پەیوەندیەکانی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان دەکات لەگەڵ ژیاری نــوێی ئــەوروپادا، گرنگــی و بایــەخی کتێبەکــەش لەوەدایــە ئــەو ڕاوبۆچوونە هەڵە ڕاستدەکاتەوە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر باوبوو، گوایە ســـەرەتای پەیوەنـــدی موســـڵمانەکان لەگـــەڵ ژیـــاری ڕۆژئـــاوادا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری داگیرکردنی فەڕەنسیەکان بۆ میسر لە ساڵی (١٧٩٨ز) و ئـەو ڕێنیسانسـەی کـە بـەدوای خۆیـدا هێنـای. دوکتـۆر خالد زیادە ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتـەوە، کـە لـەم ڕووەوە ئـەزمونێکی تـر هەیـە، نزیکـەی سـەدەیەك دەکەوێتـە پـێش ئەزمونەکـەی میسـرەوە، ئەویش دۆزینەوەی دەوڵەتی عوسمانییە بۆ پێشکەوتنی ئەوروپا لە سـەرەتاکانی سـەدەی هەژدەهـەم و هەوڵدانـە بـۆ وەرگـرتن لـە ڕۆژئـاوا هەر لەو کاتەوە.

ئــەم کتێبــە" هــەر لــە یەکــەم چــاپیەوە لــە ســاڵی (١٩٨١ز)دا، شوێنێکی شیاوی لە کتێبخانـەی مێـژوویی عەرەبیـدا پڕکردۆتـەوە، مێـژوونوس و تـوێژەرە عەرەبـەکانیش بەگـەرمی پێشـوازییان لێکـرد. سروشتیە کە بڵێین وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی لـە بـواری توێژینـەوەی مێـژووی عوسمـانی و پەیوەنـدی نێـوان موسـڵمانەکان و ئەوروپا لە سەرەتای سەردەمە نوێیەکانـدا، کـارێکی گـرنگ و بەنرخـە بۆ کتێبخانـەی کـوردی، دەستنیشـانکردنی ئـەم کتێبـە لەلایـەن بـرای بەڕێز مامۆستا خالـد مـەحمود کـەریم، بـۆ وەرگێڕانـی بـۆ سـەر زمـانی

**کــوردی کارێکــه دروســت، بــه ئومێدیشــم ســەرەتایەکی دروســت و سەرکەوتوبێت و لە بواری وەرگێڕانی نووسینە مێژووییەکانیدا کاری تر بەدوای خۆیدا بێنێـت، کـه بێگومـان دەبنـه هـۆی دەوڵەمەنـدکردنی کتێبخانەی کوردی.**

## دەسپێك

دۆزینـــەوەی پێشـــكەوتنی ئـەوروپا لــە لایــەن موســڵمانەكانەوە دەگەڕێتەوە بۆ چی ڕۆژگارێك و كاریگەریی ئەوروپا لە چی كاتێكدا لە جیهانی ئیسلامیدا دەركەوت؟

بـەدیوێكی تـردا، ئایـا دەكـرێ بـۆ سـەرەتای ئـەم كاریگەرییانـە بەدوای مێژوویـەكی دیـاریكراودا بگـەڕێین، لـە كاتێكـدا كـە زانـراوە موسڵمانەكان بە هەرێمێكی فراوان و پان و بەریندا، دور یان نزیك لـە ئـەوروپا بڵاوبوونەتـەوە، هـەر لـە تەنجـەوە نزیـك تەنگەبـەری جەبـەل تاریق تـا ئەسـتەمبوڵ بە هـەردوو بەشـە ئەوروپی و ئاسـیاكەیەوە تـا وڵاتی ئێران و هیندستان و تا دەگاتە ئەوپەڕی وڵاتی چین.

ئـەم جیهانـە فراوانـە بـەگوێرەی سـەردەمەكانی ئـەوروپا، لەگـەڵ سەرەتای سەردەمە نوێیەكاندا، خاوەن هیچ جۆرە یەكێتیەك نەبو، كە هەرێمە دور لـە یەكـەكانی پێكـەوە كۆبكاتـەوە، پەیوەنـدیش لـە نێـوان ئەم هەرێمانـەدا نـەمابوو، بێهودەیی و بێبـاكی شـوێنی پەیوەسـتەگی ئیمان و ژیاری گرتبووەوە، هەندێ لە گەلان لە چارەنوسی ئیسلامی سیاسی دابڕابوون و ئیسلامی تایبـەت بە خۆیـان پێكهێنـابو، كەچی گەلانی تر لە بەشـدارییكردن لـە كـاروانی ئیسـلام دووركەوتبوونـەوە، كە هێشتا لە سەرەتای هەڵكشانی ژیارو ڕۆشنبیری خۆیدابو. هـەموو ئـەم دۆخـە پاسـاوو بیـانوی خۆیـان هـەبو، دەمـێ ڕۆژگـاربوو ئیسـلام یـەكێتی سیاسـی خـۆی، كـە نزیـك بـو لـەوەی لـە قۆنـاغێكی كـورتی هەڵكشـانی مێژوویـدا پێـی ئاشـنابێت لەدەسـتدابوو، لــە كــاتێكی تریشدا زمانی هاوبەشی لەدەستدا، كـە بەهـەرحاڵ یـەك زمـان نـەبوو، ئیــدی لــەنێو ئیســلامدا كلتــوری بنچــینە ئاســیایی و ئــەفریقایی جۆراوجۆر بڵاوبووەوە، كە هەمیشە زیندوبوون تیایدا.

جیهانی ئیسلام ئەو کاتەی ئەوروپییەکان ڕوبەڕویان بوونەوە، بێجگە لە ئیمان خاوەن هیچ ڕەگەزێکی تری یەکخستنەوە نەبوون، کە لە هەمان کاتدا خاڵێك بو بۆ دورخستنەوەو یەکخستن، دەوڵەتی عوسمانی لەو کاتەدا نوێنەرایەتی بەهێزترین دەوڵەتی ئیسلامیی دەکرد، بەڵام نوێنەرایەتی تێکڕای موسڵمانەکانی نەدەکرد، هێشتا گروپگەلێکی بەرفراوان لە موسڵمانەکانی ئاسیا، لە دەرەوەی هەژمونی سیاسی ئەودا دەژیان، دەسەڵات و هەژمونیشی لەنێو ویلایەتەکانیدا وانەبو بەجۆرێك کە بتوانیٚ بەر بە دەرکەوتنی هەندیٚ حاڵەتی ئۆتۆنۆمی و گەشەکردنی یەکەگەلێکی سیاسی دەرکەوتو لە ڕوی سروشتی و دیمۆگرافییەوە بگرێت.

لەم دۆخە پەرت و بڵاوەی دونیای ئیسلامیدا لە سەرەتای چاخە نوێیەکاندا، کاریگەریەکانی ئەوروپا دەستیپێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتاکانی ئەم کاریگەرییە لە هەرێمە ئیسلامییە نزیك یا دراوسێیەکانی کیشوەری ئەوروپادا دەرنەکەوتن، بە پێچەوانەوە لە هەرێمە دورەکانیدا دەرکەوتن، ئەوانەی نەکەوتبوونە ژێر هەژمونی دەریاوانی عوسمانی یا هەر هێزێکی تر. شارە کەنارییەکانی هیندستان کە ئاوێتەیەکبوون لە خەڵکی موسڵمان و هیندۆسی، لە سەدەی پانزەهەمەوە بەیەکەمین دونیادۆزو سەرکێش و بازرگان و سەربازە ئەوروپییەکان ئاشنابوون. لە سەدەی دواتردا چەندین کۆڵۆنی (مستعمرە)ی ئەوروپی لە چەندین شاری هیندستاندا دامەزران. بەڵام لە سەدەی حەڤدەهەمدا پورتوگالیەکان یەکەمین کاریگەری خۆیان جێهێشت، وشەگەلێکی زۆری پورتوگالی تێکەڵ بە زمانە لۆکاڵیەکان بوون. لە هەمان کاتدا ئینگلیزەکان پێش ئەوروپییەکانی تر کەوتن، کاتێك ڕەوەندەکانیان جێپێی خۆیان لەو ناوچانەدا پتەوکرد، ساڵی (١٦٤٠ز) لە شاری "مەدراس"دا، نزیکەی چوارسەد خێزانی

ئینگلیزی هەبوون، ئیدی لەوکاتە بەرەو سەرەوە پانتای ئەوروپی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکرد، بە جۆرێك لە ناو شارەکەدا شارێکی تری ڕۆژئاوایی هاتەبوون[1].

بێجگە لە مەدراس، چەند شارێکی تر هەبوون، لەوانە "گوا"و "سورات"و "بۆمبای"، کە هاوشێوەی مەدراس ئامادەبوونێکی ئەوروپی چڕو پڕیان بەخۆوەدیت، ئینگلیزەکان بە تەنیا نەبوون، بەڵکو ڕەوەندی تریان لەگەڵدابوو، لەوانە فەڕەنسییەکان و هۆڵەندییەکان، هەروەها سەرکێشی چەندین وڵاتی تر.

هەندێ لەو ئەوروپیانە ڕاژەی سەربازییان پێشکەش بە هەندێ لە میرە لۆکاڵیەکان دەکرد، عەساف ئەلدەولە نەباب فەرمانڕەوای هەرێمی ئەوود–Aoudh یەکێك لە ئەفسەرە فەڕەنسیەکان بەناوی "کلود مارتن" کردۆتە کاپتنی گەنجینەی تفاق و کەرەستەی دەریاوانی خۆی، ئەم فەڕەنسیە لە کالکۆتاو لیکناو.....هتد چەند خوێندنگەیەکی دامەزراندوە، لەڕاستیدا شاری لیکناو کاریگەریەکی ئەوروپی قووڵی بەخۆوەبینی، بەجۆرێك لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا لە بوارەکانی ژیانی مادی و ڕۆشنبیری و لە ئاستی فیکریشدا گەشەکردنی ئەم کاریگەریانەی دەرکەوتن[2].

موسڵمانەکانی هیندستان لە یەکەمین ئەو موسڵمانانەبوون کە ئاشنایەتییان لەگەڵ کاریگەریەکانی ئەوروپا پەیداکردوە، هەڵبەتە بەهۆی پێگەی هیندستانەوە، کە هەر لە سەدەی شانزدەهەمەوە کەوتبوە ژێر کاریگەری دەریاوان و بازرگانە ئەوروپیەکان، لەوێشەوە

---

[1] sastari: sur les rapports entre I,Inde morderne et L,occident.dans I,Inde millenaire et actuell.paris Gallimard 1969 pp. 126 -146

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٣٢.

لەژێر کارتێکردنی کۆمپانیا بازرگانییەکان لە سەرجەم وڵاتەکانی ئەوروپا.

لە ڕاستیدا فۆرم و شێوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەوروپییەکاندا وەك یەك نەبوون، لە دیوەکەی تری جیهانی ئیسلامیدا، پاش ئەوەی عوسمانییەکان چاوتێبڕین و تەماحکاریی ئەوروپییەکانیان لە ڕۆژئاوای عەرەبیدا وەستاند، لە نێوان میرە لۆکاڵییەکان و پاشاکانی ئەوروپادا لە میانی نێردراوەکانەوە کە پاش گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکانی خۆیان سەرنج و بینینەکانی خۆیان سەبارەت بە ئەوروپا دەگواستەوە، پەیوەندییەکان سەریانهەڵدا. لە سەردەمی مەولای ئیسماعیلی سوڵتانی فاس و مەراکش (١٦٧٢-١٧٢٧ز)دا نێردراوە موسڵمانەکان ئەوانەی هەڵوێستەیان لەسەر پێشکەوتنەکانی ئەوروپا دەکرد، ژمارەیان زیادی کرد، ئەوانە پاش گەڕانەوەیان ڕاپۆرتەکانی خۆیان پێشکەشکرد و دیتن و گۆشەنیگاکانی خۆیان سەبارەت بە ئەوروپا نوێدەکردەوە. لە نێوان نێردراوەکانی مەولای ئیسماعیل دا بۆ ئیسپانیا لە ساڵی (١٦٩٠ز)دا وەزیر غەسانی هەبوو[1]، کە ڕاپۆرتێکی دورودرێژی سەبارەت بە گەشتەکەی و بینینەکانی نووسیوە، دەتوانرێ بە یەکەم هەوڵ دابنرێت بۆ نوێکردنەوەی تێڕوانین بۆ وڵاتێك لە وڵاتە ئەوروپییەکان. ڕاپۆرتەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عائیشە کە لە ساڵی (١٦٩٩ز)دا ڕەوانەی فەڕەنسا کراوە، تەواکەری ڕاپۆرتی پێشووترەو تیایدا تیشکی خستۆتە سەر ڕەوشی باو لە فەڕەنسای سەردەمی لویسی چواردەهەمدا[2].

لە ناوەندی ئیسلامی-عوسمانیدا، لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەم و دوای مانەوەی میر فەخرەددین مەعنی دووەم لە ئیتالیا

---

[1] Chantal de la veronne:Vie moulay Ismail, paris, Geuthner 1974 p. 21

[2] هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

(١٥٧٢-١٦٣١ز) لەگەڵ وڵاتێکی ئەوروپیدا ئەزمونێکی پەیوەندی دروستبوو، ناوبراو لەو ماوەدا توانی ڕێکخستنی سەربازیی پەیڕەوکراو لە ئیتالیا، هەروەها پێشکەوتنی پیشەسازی چەك و تفاقی جەنگی و شێوازە پەیڕەکراوەکان لە کشتوکاڵ و تەلارسازیدا تێبینی بکات. میر دوای گەڕانەوەی بۆ لوبنان، هەوڵیدا سوود لە بینینەکانی وەرگرێت، ئەوەبوو بە پاڵپشتیی شارەزا ئەوروپییەکان دەستیدایە بوونیادنانی کۆشك و ڕێکخستنی کشتوکاڵ و بەرزکردنەوەی ئاستی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان[1].

لە دەوڵەتی عوسمانیشدا لە سەدەی پانزەهەمەوە سوود لە چەك و تفاقی جەنگی پێشکەوتوی ئەوروپا وەرگیراوە، هەروەها پەیوەندییەکان لەنێوان عوسمانییەکان و وڵاتانی ئەوروپیدا نەپچڕان، بەڵام عوسمانییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەم بەدواوە ئاوڕی جدییان لە ئەوروپا و ڕوداوەکانی دایەوە. لەو کاتە بەدواوە پەیوەندییەکانی عوسمانی لەگەڵ ئەوروپای هەڵکشاوو بەرزەفڕدا ئاڕاستەیەکی هەڵکشاوو سەقامگیری وەرگرت[2].

لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا، لە یەککاتدا سەرەتاکانی پاشەکشێی هێزی عوسمانی و دەرکەوتنی هێزی ئەوروپیی وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر موسڵمانەکان، لە بارێکدا گەر پشتگوێ بخرێت، تێبینیکراوە. لەڕاستیشدا شکستی عوسمانی لە ساڵی (١٦٩٩ز)دا حەزو ئارەزووی چینی حوکمڕانی عوسمانی بۆ سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی ئەوروپا بزواند.

---

[1] سەبارەت بە گەشتەکەی فەخرەدین بۆ ئیتالیا بڕوانە، الخالدی الصفدی :لبنان فی عهد الامیر فخرالدین المعنی الثانی، بیروت١٩٦٩، ل ل٢٠٨-٢٤٠.

[2] Hammer, purgstall : histoire de L`empier ottoman.paris 1835-1843.vol: 17. pp.134-167

لــه مــاوەی ســەدەی هەژدەهەمــدا لای ســوڵتانە یــەك لــە دوای یەكــەكانی عوسمــانی، ئــەو بڕوایــە جێگیربــوو، كــە ڕیفــۆرم و شوێنكەوتنی ئەزمونی ئەوروپی لە بواری ڕێكخستنی سەربازی و زانســتەكاندا كــارێكی پێویســتە، ئەمــەش چــەندین كاریگــەری لــە ئەستەمبوڵدا بەجێهێشت. كاریگەری ئەوروپا بۆ سەر عوسمانییەكان لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی سێهەم (١٧٨٩-١٨٠٧ز)، كە یەكەم سوڵتانی عوسمانی بوو ڕیفۆرمێكی گشتگیرو سیستمێكی نوێ، كە لەسەر شێوازی ئەوروپی بوونیادنرابێت، ئەنجامبدات، ئاڕاستەو فۆرمێكی نوێیان وەرگرت. ئەم هەوڵ و كۆششانە كە ئەزمونی عوسمــانی بــۆ پەیوەنــدیگرتن لەگــەڵ پێشــكەوتنی ئــەوروپا دەوڵەمەنـدكرد، لـە تێكـڕای جیهـانی ئیسـلامیدا بایـەخی تایبـەتی خۆیان هەبوو.

لــە ســەردەمی ســەلیمی ســێهەم دا عوسمانییــەكان لــە میــانی نێردراوەكانیـان یـا لـە میـانی شـارەزا ئەوروپیەكانـەوە بەتایبـەتیش فەڕەنسیەكان، ئەوروپای نوێ و بیروباوەڕە نوێیەكانی ئەوروپایان دۆزییــەوە، كــە وانــەكانی "ئەنــدازەو ماتماتیــك"یــان بــە خوێندكارەكانیان دەوتەوەو بە ئامانجەكانی شۆڕشی فەڕەنسی لە دروستكردنی كۆماری فەڕەنسی و سیستمی نوێ ئاشنایان دەكردن. هەر لەو كاتەدا میسر لەگەڵ ڕاگەیاندنەكانی پۆناپەرتدا پێشوازی لە چەمكەكانی ئازادی و یەكسانی دەكرد.

لــە هیندستانیشــدا، كــە زۆر زوو بــە كاریگەرییــەكانی ئــەوروپا ئاشــنابوون، لای موســڵمانەكانی بیرۆكەیــەكی ســەراپاگیر لەســەر پێشكەوتنی ئەوروپاو ئەو بیروباوەڕانەی كە بەڕێوەیدەبرد پێكهات. یــەكێك لەوانــەی ڕۆڵیــان هــەبوو لــە ناســاندنی ئــەوروپاو شۆڕشــی فەڕەنسی بە موسڵمانەكانی هیندستان، ئەبو تالب خان (١٧٥٢-

١٨٠٦ز) بوو، كه كاری ڕاژەی لای عەسـاف ئەلدەولـه دەكـرد و لـه ساڵی (١٧٩٩ز)دا سەردانی ئەوروپای كردبووو، ماوەیەك لـه لەندەن و پاریس دا مابووەوە، ئەبوو تالب خان له ڕاپۆرتەكەیدا كه سەبارەت به سەردانەكەیەتی، باس له پێشكەوتنی ئینگلتەرە دەكات و وەسفی پشەسـازیی و سیسـتمە سیاسـی و داوەری و داراییەكـەی دەكـات. هـەروەها لـه بـارەی فەڕەنسـاوە بـاس لـه پەرەسـەندنەكانی شۆڕشـی فەڕەنسـی و بیرەبـاوەڕی پیاوەكـانی دەكـات. هۆكارەكـانی نووسـینی ڕاپۆرتەكەی یا كتێبەكەی "گەشـتەكەی تالـب بۆ وڵاتـی فرەنج"* بەم جۆرە دەخاتەڕوو:

ڕوداوەكـانی گەشــتێك بــۆ ئــەوروپا ڕەنگــە بــۆ هاوڵاتیــانم سوودبەخش بێت، بە تایبەت كە داب و نەریتی ئەو گەلە جیاوازانەی سـەردانم كـردون هێشـتا لای ئاسـیاییەكان نەناسـراوە، موسـڵمانەكان بـەزانینی ئـەو ژمـارە هـەرە گـەورە لـە دۆزینـەوە، كـە ئـەو وڵاتانـە پێیگەیشتون، سوودو پەند وەردەگرن[1].

سـەبارەت بـەوڵاتی فـارس كـە پەیوەندییـەكانی لەگـەڵ ئەوروپادا دواكەوتبوو، ئەوا لە ماوەی سـەدەی هەژدەهەمـدا چـەندین نێـردراوی فەڕەنسـی بـەخۆوەبینی، لەگـەڵ دەسـتپێكی سـەدەی نۆزدەهەمـدا پۆناپـەرت دوای جێهێشـتنی میسـر، وەك ڕێگەیـەك بـۆ گەیشـتن بـە هیندسـتان بایـەخی بە فـارس دا، لـە ڕاستیشـدا داگیركردنـی زەویو

* ئەم كتێبە لە لایەن (مصطفی جواد)ەوە لە زمانی فەڕەنسییەوە كراوەتە عەرەبی و بەناوی "رحلة أبی طالب خان الی العراق و أوروبا"، دەزگای (الوراق) ساڵی ٢٠٠٧ لە بەغداد لە چاپێكی نوێدا بلاویكردۆتەوە، شایەنی ئامارژەبۆكردنە ئەبوتالب خان لە گەڕانەوەدا بە وڵاتی كورداندا تێپەڕیوە، ناوچەكانی دیاربەكر، ماردین، نەسیبین، عەنكاوە، ئاڵتون كۆپری، كەركوك، قەرەتەپپەی دیوەو هەندیٚ لە سەرنج و تێبینییەكانی خۆیشی لەبارەیانەوە تۆماركردووە (وەرگێڕ).

[1] Aboul taleb khan: Voyages.paris 1819 p.2

زارو موڵکەکانی فارس لەلایەن ڕووسەکانەوە فەتح عەلی شای هاندا داوای کۆمەك لە پۆناپەرت بکات، هەروەها هانیدا بیر لە پرۆژەی ڕیفۆرمی سەربازی بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەندێ لە یاریدەرەکانی ڕەوانەی پایتەختەکانی ئەوروپا کرد، بۆ بەدواداچون و بەسەرکردنەوەی شێوەی کارکردنی دامو دەزگا سەربازییەکان، لە نێو ئەوانەدا کە بۆ ئەو مەبەستە ناردبوی "میرزا ساڵح" بوو، کە لە ساڵی (١٨١٥ز)دا سەردانی ئینگلتەرەی کرد، ئەوەبوو پاش گەڕانەوەی ڕاپۆرتێکی نوسی و تیایدا فۆرمی کارکردنی دام ودەزگاکانی پەرلەمانی ئینگلیزی خستۆتەڕوو، هەروەها باسی لە شۆڕشی فەڕەنسی و بیروباوەڕەکانی کردووە، ئەم هەڵەی قۆستۆتەوەو لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی پیاوە ئاینییەکانی وڵاتەکەی کردووە[1].

لەگەڵ کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئیتر پێشکەوتنی ئەوروپا بۆ تێکڕای جیهانی ئیسلامی شتێکی نامۆ نەبوو، ئەوەبوو لە هەندێك ناوچەدا بیرکردنەوە لە پێویستی وەرگرتنی تەکنیکی نوێ و ئاگابوون لەو سیستەمەی وڵاتە ئەوروپیەکانی باڵادەست کردبووو بەسەر وڵاتانی تری جیهاندا هاتەگۆڕێ.

لەم چوارچێوەشدا ئەزمونی عوسمانی بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە عوسمانییەکان لە یەکەمین لایەنانەکان بوون، کە دوای بەئاگاهاتنەوە لە پێشکەوتنەکانی ئەوروپا هەوڵیاندا لێی سوودمەندبن، لەم ڕووەوە ئەوان یەکەم ئەزمونی ڕیفۆرم و چارەسەرسازیان لە جیهانی ئیسلامیدا جێبەجێکرد، تا ئەو ڕۆژگارە هەر ئەوانیش یەکەم وڵاتی بەهێزی ئیسلامی بوون.

---

[1] art.dustur.Vol 2 p. 666:Ei2

# بەشی یەکەم
# دەوڵەتی عوسمانی و ئەوروپا

**کاتێـك دەوڵـەتی عوسمـانی لـە سـاڵی (١٢٩٩ن) دا دروسـتبوو، ئیسـلام کـە حـەوت سـەدە بـو لـە ناوەڕاسـتی دورگـەی عەرەبیـدا سەریهەڵدابوو، توانیبوی بە ناوچەیەکی فراواندا، کە چەندین بەش لـە ئاسـیاو ئـەفریقاو بەشـێك لـە ئـەوروپای دەگرتـەخۆ، بڵاوبێتـەوە. گەلانی جیاواز لە هەر سێ کیشوەرەکە هاتنە ڕیزی ئایینی نوێ، کە ئیسلام لەژێر دەسەڵاتی ئایینی خۆیدا کۆیکردبوونەوە، جیهانێکی نوێ لە تەنیشت جیهانە کۆنەکاندا، هەروەها لەسەر حیسابی ئەوان هاتـەبوون، ئـەویش جیهـانی ئیسـلام بـوو، یـان بەلایـەنی کەمـەوە جیهانێك بوو هەژمونی ئیسلام دەیگرتەوە[1].**

**دەوڵـەتی ئیسـلامی، کـە ئایینەکـەی خـۆی بڵاوکـردەوە، بـەزۆری زۆرداری نەیسەپاند، چەندین گروپی جیاوازی مەسیحیی یا جوو و گروپە ئایینیەکانی تر ئایینی خۆیان پاراست، ئیدی لە چوارچێوەی ئەو سیستمەی کە ئیسلام دەستنیشانیکردبووو، تێکڕای ئایینـەکان پێکـەوە ژیـان، هـەروەها کـەلتورە جیاوازەکـانیش لـە چوارچـێوەی باڵادەستی ئایینی ئیسلام و کەلتووری عەرەبیدا درێژەیان بەژیان دا. بەڵام ئەم باڵادەستبوونە کە هەڵگری هەردوو ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی و کـەلتوری بـوو، بەتـەواوی سـەقامگیر نـەبو، بەتایبـەت پـاش ئـەوەی ڕەگـەزی عـەرەب لـەنێو گـەلانی ژمـارە زۆرتـردا بـوون بـە کەمینـە, لـە**

---

[1] Lombard m.L`islam dans sa premiere grandeur. Paris , flammaion , 1971, p 100-

**وەرگێڕانی عەرەبی ئەم کتێبە(الاسلام فی عظمته الاولی) دار الطلیعة،بیروت ١٩٧٧ دەرچووە.**

ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی زایینەوە فارسەکان وەك هێزێکی کاریگەر لە سەر ئاستی دەسەلاّت دەرکەوتن، لە پاش سەدەیەکی تر ڕەگەزی تورکان دەرکەوتن، کە دواتر دەبنە خاوەن هێزو یەکەمجار لە میانی سەلجوقیەکان و دوای ئەوانیش لە میانی عوسمانییەکانەوە ناوەندەکانی دەسەلاّت کۆنترۆڵ دەکەن.

**ئیسلام و مەسیحیەت**

هۆکاری خێرا بلاّوبوونەوەی ئیسلام دەگەڕایەوە بۆ لاوازی و کەنەفتی ئیمپراتۆرە کۆنەکان، هەروەها بۆ ڕێسای جیهاد یان جەنگی پیرۆز، کە ئیسلام لە قۆناغە بەراییەکاندا بە شارەزایی و لێزانییەوە جێبەجێیدەکرد. ئیسلام لە دوای دەرکەوتنیەوە ڕوبەڕوی دو نەیاری گەورە بوویەوە ئەوانیش: فارس و بیزەنتە بوون، موسڵمانەکان پاش سالاّنێکی کەم لە دەرکەوتنیان لە دورگەی عەرەبیدا توانییان دەوڵەتی فارس لەنێوبدەن، سەبارەت بە دەوڵەتی بیزەنتەش، ئەگەرچی توانرا لە سوریاو بەیت ئەلمەقدس دوربخرێنەوە، بەلاّم ئیسلامی تازە پەلوپۆ هاویێژ نەیتوانی لەنێویان بدات، ئەوەبو لە نێوان هەردوو لای ناکۆکدا سالاّنێکی درێژ، بەدرێژایی چەندین نەوە جەنگ بەردەوامبو.

بەردەوامبوونی شەڕو ململانێ لە نێوان موسڵمانەکان و مەسیحییەکاندا چەندین هۆکاری جۆراوجۆری هەبوو، هەر یەك لە هەردوو دەوڵەت نوێنەری هێزێکی مەزنیان دەکرد، کە خەونی خۆی لە بلاّوبوونەوە و بەرپەرچدانەوەی مەترسییەکانی ئەویتردا دەبینیەوە، بە دیوێکی تردا، هەر لایەکیان دەوڵەتەکەی خۆی وەك ناوەندی ژیارو مرۆڤایەتی دەبینی، ئەویدیش وەك نمایندەی کوفرو بەربەرییەت.

سەبارەت بە موسڵمانەكان ڕێسای جیهاد ڕۆڵی خۆی هەبو لە مانەوەی ناكۆكییەكاندا بە زیندویی. هەرچی موسڵمان بوو دونیای دابەشدەكرد بۆ سەر دوو هەرێم: هەرێمی ئیسلام و هەرێمی جەنگ یان ئەو هەرێمەی كە جاریٚ ملكەچ نەكراوە، لەبەر ئەوە لە ڕوی تیۆرییەوە ئاشتەوایی مەسەلەیەكی سەقامگیر نەبوو، ئیدی بەهۆی ئەم ناكۆكییەوە لە ماوەی سەدەكانی ناوەڕاستدا گومان و بەدحاڵیبوون هەمیشە زاڵبوو بەسەر هەر یەك لە موسڵمان و مەسیحیدا. لە كاتێكدا موسڵمان بڕوای وابوو كە مەسیحییەكان لە ڕێنماییە بنچینەییەكانی مەسیح لایانداوە، مەسیحییەكانیش دانیان بە ئاینی نوێی ئیسلامدا نەدەنا. بەڕاستی دەتوانین بڵێین: "مرۆڤی سەدەكانی ناوەڕاست هیچ هەوڵێكی نەداوە بۆ تێگەیشتن لەویدی، بەو پێیەی ئەویدی بێبڕوا (كافر)ە، ئیتر شایستە نیە ببێتە بابەتی لێكۆڵینەوەیەكی هێمنانەی هاوسەنگ"[1]

جەنگە دوبارەبووەكان و ترس لەویدی سەرچاوەی بەدحاڵیبوون و دوركەوتنەوەی زیاتر بوون لە یەكدی، بەتایبەتی كە هێزی موسڵمانەكان لای بیزەنتەكان ئەو هەستەی هێنایەئارا كە مەترسییەكی ڕاستەقینە هەڕەشە لە ناوەندی دەوڵەتەكەیان دەكات. لە نێوان چارەكی كۆتایی سەدەی حەوتەمی زایینی و سەرەتای سەدەی هەشتەمدا، قستەنتینیە بە بەردەوامی هەڕەشەی كەوتن و داڕوخانی لەسەربو. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە لە هەمان قۆناغدا، هیچ ناوەندێك لە ناوەندە ئاینی و سیاسییەكانی ئیسلام هیچ جۆرە هەڕەشەیەكیان لەسەر نەبو. ئەمەش یەكێك بوو لەو هۆكارانەی موسڵمانەكانی گۆشەگیركرد و لە بیركردنەوە لە دونیای دەرەكی

---

[1] Grunebaum ,G. E. V.:medieval Islam. Chicago 1945, p. 30

دوریخستنەوە، بەجۆرێك کە تێڕوانینەکانی بۆ نزمی و کەمی ئەویدی تەنها لە سنووری ئیمان و کەلتوردا نەوەستا، بەڵکو لایەنەکانی تریشی گرتەوە. لای جوگرافیناسە موسڵمانەکان هەرێمەکانی ئیسلام دەکەوتە ناوچەی چوارەمی ناوەندەوە لە جیهان، کە لای ئەوان دابەشکرابوو بۆ سەر حەوت ناوچەی جۆراوجۆر و جیاواز لە ڕوی ساردی و گەرمییەوە. بەم پێیە هەرێمەکانی ئیسلام شوێنە فێنکەکانی دەگرتەوە، بەڵام تێکڕای ئەوروپا دەکەوتە ئەو هەرێمانەی کە فێنك نەبوون تا دەگەیشتە هەرێمی حەوتەم کە ژیان مەحاڵ بوو تیایدا [١].

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکان بە تەواوی نەبچڕابوون، دەتوانین تۆمارێکی درێژی ئاڵوگۆڕکردنی نێردراو لە نێوان دەوڵەتی خەلافەت و بیزەنتەدا بژمێرین. زیاتر لەوەش کەرتبوونی دونیای مەسیحی بۆ دوو کەرت، کە دوو دەسەڵاتی ناکۆك فەرمانڕەواییان دەکرد، لە بەرامبەریشدا بوونی دوو خەلافەتی عەباسی لە ڕۆژهەلات و ئەمەوی لە ئەندەلوس لە دونیای ئیسلامیدا، دەرفەتی بۆ پەرەسەندنی پەیوەندیی دۆستایەتی لە نێوان عەباسیەکان و ئیمپراتۆریای ڕۆژئاوایدا ڕەخساندبوو [٢]. بەگشتی، بایەخی جیهانی مەسیحی بە ئیسلام، ئەگەرچی کەمیش بێت، لە بایەخی موسڵمانەکان بە جیهانی مەسیحی زیاتربو، پێدەچێ هەندێ هۆکاری جۆراجۆر ڕۆڵیان لەم مەسەلەدا هەبوبێت، بەڵام بایەخی ڕێژەیی هیچی لە هەڵوێستی دوژمنکارانە نەگۆڕی. سەردانەکان و نێردراوەکانی بیزەنتە بۆ نێو وڵاتی ئیسلام تێڕوانینەکانی نەگۆڕین، بەپێچەوانەوە وێنەی

---

[1] Lewis, B:the muslim discovery of Europe, B.S.O.A.S. XX 1957 pp.409-416

[٢] بڕوانە مجيد خدوری: الصلات الدبلوماطيقية بين هارون الرشيد و شارلمان. بغداد ١٩٣٩

موحەمـــەدی پێغەمبـــەر (د.خ) لەگـــەڵ ڕۆژگـــاردا زیـــاتر تێكـــدەدرا. وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانێكی ئەوروپی پاش تێپەڕبوونی زیاتر لـە پێـنچ سـەدە لـە دەركـەوتنی ئیسـلام، بەڵگـەی درێژەكێشـان و بـەردەوامبوونی ڕەتكردنـەوەی ئەویدیـە، پـییر دو كلینـی" Pierre de cluny" (لـە سـاڵی ١١٥٦ز.دا مـردووە) قورئـانی وەرگێـڕا، لـەو كاتـە بەدواوە بایەخدانی ئەوروپا بە ئیسلام بە بەردەوامی زیادی كردووە، لەو قۆناغەدا ئیدی ئەورپییەكان لە شێوەی جەنگەكانی خاچپەرستیدا دەردەكەون.

بەڵام جەنگەكانی خاچپەرستی كە بێگومان ئەوروپای بە دونیای ئیسـلام ئاشـناكرد، لـە ڕوویـەكی دژیـوی ئـەوروپا زیـاتر هیچـی بـۆ موســڵمانەكان ئاشــكرانەكرد، لـــە ڕویـــەكی تـــرەوە ئـــەم جەنگانـــە ئـــەوروپای ڕۆژئـــاوای وەك هێزێكـــی نـــوێ و كـــارا لـــە گۆڕەپـــانی ڕوداوەكاندا لە دەریای ناوەڕاست دەرخست.

## دەوڵەتی عوسمانی و ڕۆژئاوا

عەشـیرەتەكانی تـورك كـە بـە "غـوز" ناسـرابوون، تـەنها لەسـەر حیسابی موڵك و زەوی و زاری بیزەنتیەكان توانیـان پـەلوپۆ بهاوێـژن و لـــە ئاســـتی میرایەتیـــەوە بگوێزنـــەوە بـــۆ ئاســـتی دەوڵـــەت[1]. عوسمانییەكان نیشتنە سەر میراتی دەوڵەتە ئیسلامیەكانی پێشوتر، هـەروەها پرانسیپی بەناوبانگی جیهادیشیان بە میرات بۆ بـەجێما، ئەوەبوو پرۆسەی فتوحاتیان نـوێكردەوە، كـە لـە سـەرەتادا ئیسـلامی بڵاوكـــردەوە، هـــەروەها عوسمانییـــەكان لـــە پێشـــینانەوە خـــەونی دەستبەسـەراگرتنی قسـتەنتینیە و لـەنێوبردنی دەوڵـەتی بیزەنتـەیان

[1] Koprulu. M.F: Les origins de L`empire ottoman. Paris 1935

بەمیرات بۆ بەجێما. دوای چەندین بەرەنگاربوونەوەو جەنگ و شەڕو شۆڕ پرۆژەی عوسمانی جێبەجێکرا، لە ساڵی (١٤٥٣ز)دا حەوتەم سوڵتانی عوسمانی بە ناوی موحەمەد فاتح توانی قستەنتینیە داگیربکات، بەو کارەیش ئیمپراتۆریایەکی دێرینی لەگەڵ مێژووە درێژەکەیدا هەڵوەشاندەوە. هەڵکشانی عوسمانی بە داگیرکردنی ڕۆژهەلاتی عەرەبی و چەند بەشێك لە ئەفریقا لە لایەن سوڵتان سەلیم-وە لە ساڵی (١٥١٦ز)دا هاتەدی، لە کاتێکدا سوڵتان سولەیمان قانونی، دەیەمین سوڵتانەکانی عوسمانی، توانی لە ساڵی (١٥٢٩ز)دا هێزەکانی ببات بۆ ناوەوەی ئەوروپا، تا نزیك ڤیەننا، ئەم ڕوداوەش سەرلەنوێ یادەوەرییەکانی هەژمون و بالادەستی ئیسلامی هێنایەوە یادی ئەوروپییەکان[1].

تورکە عوسمانییەکان سەرچاوەی هەڕەشەیەکی گەورەبوون، لە کاتێکدا دەریای ناوەڕاست لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەلاتی دەریاوانی ئەواندابوو، ئەوروپای ڕۆژئاوا پاش لاوازبوونی هەڕەشە ئایینی و بڕواداریيەکان، وەك مەترسییەکی سیاسی یان کەلتوری تەماشای دەکردن، لە نیگای واقعبینەکانیشدا عوسمانییەکان هێزێك بوون وەك ئەوانیتر، ئیدی لە نێوان ولاتانی ئەوروپا و دەوڵەتی عوسمانیدا لە کاتەکانی جەنگ و ئاشتەواییدا لەسەر بنەما سیاسییەکان، کە دوربوون لە بڕوای ئایینیەوە، هاوپەیمانێتی گرێدەدران "وێڕای ئەوەی ئەم بڕوایە وەك ئایینێکی پیرۆز کە توند بە دڵەکانەوە گرێدرابوو، مابووەوە"[2].

---

[1] بڕوانە دراسة مكسيم رودنسون: الصورة الغربية و الدراسات العربية الاسلامية. ضمن تراث الاسلام.٨ -سلسلة عالم المعرفة. الكويت ١٩٧٨.ص٥٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٥٥.

لای خۆیانیشـــــەوە عوسمانییـــــەکان لەگـــــەڵ دەوڵـــــەت و میرایەتییـەکانی ئـەوروپادا پەیوەنـدیی بەرژەوەنـدییان گرێـدابوو، لەوانە پاپا کە بەخششێکی ساڵانەی لە سوڵتان بایەزیدی دووەمەوە (١٤٨١-١٥١٢ز) وەردەگـرت، لـە پێنـاو هێشـتنەوەی براکەیـدا لـە بەندیخانـە کـە لەسـەر چـونە سـەر تـەخت، ڕکابـەری بـوو (مەبەست تـەختی عوسمانییـە.و.)، سـەفیری عوسمـانی لـە ئەنجومـەنێکی کڵێسایی نهێنیدا لە لایەن پاپا ئەلکسەندەری شەشەمەوە (١٤٣١-١٥٠٣ز) لـە ئاهـەنگێکی شـکۆداردا پێشـوازی کـرا، چـەندین پیـاوی ئـاینی و نوێنـەرانی ئـەوروپی لـە ئەنجومەنەکـەدا ئامـادەبوون، وەك زانراوە سوڵتان سولەیمان قانونی هاوپەیمانێتیەکی لەگەڵ پاشای فەڕەنسـا فرانسـوای یەکـەم (١٤٩٤-١٥٤٧ز)دا بەسـتووە، کـە بـۆ ماوەیـەکی درێـژ بـەردەوامبو، بـەگوێرەی ئـەم هاوپەیمانێتییـە، کـە خاڵەکانی لە پەیماننامەکانی دواتردا جێگیر و فراوانترکراون، لە نێو هەمو وڵاتانی ئەوروپادا فەڕەنسا لای عوسمانییەکان بو بە خاوەن پێگەیەکی تایبەت. بەرژەوەندیی بازرگانیی بەرفراوانیشی لە شێوەی دەستکەوت و ئیمتیازاتدا پێبەخشرا.

کـۆی ئـەم پەرەسـەندنانە لـە مـاوەی هـەردوو سـەدەی پـانزە و شـانزەدا کاریگـەری لەسـەر پەیوەندییـەکانی عوسمـانی- ئـەوروپا هـەبوو، بەتایبـەت کـە عوسمانییـەکان لەسـەر ئاسـتی سیاسـی بەشێوەیەکی گـەورە لەگـەڵ فـەزای ئەوروپیدا ئاوێتـەبوون، چـەندین وڵاتـی ئـەوروپی لـە ئەستەمبوڵدا باڵوێزی جێگیریـان دانا، لـە هـەمان کاتـدا سـەردانی نێردراوو باڵوێزەکـانی عوسمـانی بـۆ پایتەختـەکانی ئەوروپا نەدەوەستا، ئاکامەکانی ئەم کەش و فەزایە ئەوەبوو ئیسلام کەمتر لە جاران کینەی لە دڵی ئەوروپیەکاندا دەوروژاند، لە کاتێکدا

ئیدی تورك و موسڵمان پاش ئەوەی عەرەب لەسەر شانۆی سیاسی لە دەریای ناوەڕاستدا نەمان، بوون بەوێنەی یەك شت[1].

لە ڕاستیشدا جیهان بەرەو هاوكێشەو باڵانسێكی نوێ هەنگاوی هەڵدەگرت، عوسمانییەكان بە سەركەوتنە خێراكانیان پشكی خۆیان بەشداریان لە ئاڵوگۆڕەكانی جیهاندا كە گۆڕانكارییەكان تیایدا یەك لە دوای یەك بوو كرد. لە كاتێكدا توركە عوسمانییەكان بەرەو هەرێمەكانی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقیا پێشڕەویان دەكرد، ئەوروپای ڕۆژئاوا پێكهاتبوو لە چەندین پاشانشین و میرایەتی پەرت و بڵاو، بێ بوونی دەسەڵاتێكی سێنترالّ، هێڵی نوێی دەریاوانی بە دەوری ئەفریقادا دەدۆزییەوە كە سامان و هێزی دەگواستەوە بۆ ناوەوەی ئەوروپا. لە كۆتایی سەدەی پانزەهەم و لەگەڵ دۆزینەوەی كیشوەرێكی نوێدا، وێڕای پێشكەوتنەكانی عوسمانی لە ڕۆژهەلاّت و ناوەڕاستی ئەوروپادا، ئیسلامی ئەندەلوسی ئاوا دەبو، سەرباری ئەو پێشكەوتنانەی عوسمانی لە ڕۆژهەلاّت و ناوەڕاستی ئەوروپادا. (لە ساڵی ١٤٩٢ز.دا، موسڵمانەكان لە غەرناتە دەركران، كە دوا شوێن بو بەدەست موسڵمانەكانەوە مابو لە باشوری ئیسپانیا.و.)

سەدەی پانزە چەندین ئاڵوگۆڕی لەگەڵ خۆی هێنا، بەلاّم شوێنەواری ئەم ئاڵوگۆڕانە تا دوو سەدە پاش ئەوە نەدۆزرانەوە. ئەوروپای ڕۆژئاوا كە لە بوارە زانستی و تەكنیكیەكاندا پێشدەكەوت لە ئامادەكردنی هێزی سەربازیدا لە ئاستی عوسمانییەكاندا نەبو، لە كاتێكدا سوڵتانی بێخەم و دڵنیا لە هێزەكەی لە هەر شەڕێكدا كە دەهاتە پیش، دەیتوانی دەیان هەزار سەرباز سازو ئامادەبكات، پاشاو میرە ناكۆكەكانی ئەوروپا لە میانی پیلان و هاوپەیمانێتی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٥٧.

لابەلایـدا ڕوبـەڕوی دەبوونـەوە، عوسمانییـەکان بـەم هێـزەی خۆیـان ئاسوودەبوون و هەستیان بە خۆبڕێویکی قوولْ دەکرد، بە جۆرێك لـە دەرککـردن بـە پەرەسـەندنە ڕاسـتەقینەکان دوریخسـتنەوە، کـە لـە ئـەوروپا کۆمەڵگەیـەکی نـوێی لێدەهاتـەبوون. تـا شکسـتە ئاکـام ترسناکەکانی ساڵی (١٦٩٩ن) عوسمانییـەکان لـە گۆشـەگیری دەرباز نـەبوون و تەماشـای دەرەوەی خۆیـان نـەکرد. دوای ئـەو مێـژووە عوسمانییەکان بەیەقینەوە دواکەوتنی دەزگای سـەربازی خۆیـان بـۆ ئاشـکرابو، لـەم ڕووەوە نموونـەی ڕووسـیا بـۆ عوسمانییـەکان مەغزایـەکی تایبـەتی هـەبو، کـە بەکرانـەوەی بـەڕوی ئـەوروپای ڕۆژئاوادا توانی دەزگاکانی پەرەپێبداو کۆمـەکی سوپاکەی پێبکات. ئەم بیرۆکە لە زەین و خەیاڵی چینی حوکمڕانی عوسمانیدا چەسپی، ئـەوەبو لـە دەسـتپێکی سـەدەی هەژدەهەمـدا هەوڵـەکان بـۆ کرانـەوە بەڕوی ئـەوروپاو زانسـت و کەلتورەکەیدا، بەتایبـەتیش هەوڵـدان بـۆ ڕیفـۆرمکردن لـــە دام و دەزگـــا ســـەربازییەکانی عوسمانیـــدا دەستپێکرد.

# بەشی دووەم
# بیرکردنەوە لەمەڕ داتە پین

سـەردەمی (١٠) دە سـولّتانە بەراییـەكان (١٢٩٩-١٥٦٦) لـە دەوڵەتی عوسمانیدا قۆناغی هەڵكشان و گەشەكردن بوو. سەرباری ئەو شكستە ترسناكانەی ئەم دەوڵەتە لەم قۆناغەدا بەخۆیەوەبینی، لەوانە: هەڕەشەی مەغۆل لە ساڵی (١٤٠٢ز) و دەستبەسەركردنی سوڵتان بایەزیدی یەكەم لەلایەن تەیمورلەنگ و ناكۆكی كوڕەكانی بایەزید لەسەر عەرش، كە نزیك بو لەوەی دەوڵەت لە ناوەوە هەڵبتەكێنێ، هەروەها سەرباری شۆڕشە سۆفیگەریەكەی سەماونۆیی، كە بناغەی دەوڵەتی خستە مەترسیەوە، بەڵام دەوڵەت توانی پێشكەوتنی سەربازیی و گەشەسەندنی بیناسازیی خۆی درێژەپێبدات. لە سەردەمی مورادی دووەمەوە (١٤٢١-١٤٥١) زمانی توركی وەك زمانی گوزارشتی ئەدەبی هاوشان بە زمانی عەرەبی و فارسی سەقامگیربوو. لە سەردەمی موحەمەدی دووەمی (١٤٥١-١٤٨١) جێنیشینیشدا بایەخێكی فراوان بە بیناكردنی مزگەوت و تاوەرو قوتابخانە درا. هەروەها بایەزیدی دووەم (١٤٨١-١٥١٢) لەسەر بایەخدان بە بیناسازی بەردەوام بو، هەرچی سەردەمی سولەیمان قانونییە (١٥٢٠-١٥٦٦)، كە لە دوایین (١٠) سوڵتانە بەراییەكانە، ئەوە بەمەزنترین سەردەمەكانی عوسمانی و درەوشاوەترینیان دادەنرێت. لە سەردەمی ئەودا دەوڵەت بە توانـاترین هێزی دەریاوانی بوو لە دەریای ناوەڕاستدا، لە ڕوی بیناسازیشەوە گەیشتە ترۆپكی گەشەسەندنی خۆی[1].

---

[1] بروانە بروكلمان، كارل: تاريخ الشعوب الاسلامية، دار العلم للملايين، بيروت ١٩٧٩. ص ص٤٥٨-٤٩١.

سەرەتاکانی داتەپین:

بەو هۆیەوە کە پەلوپۆ هاویشتنی عوسمانییەکان لەسەر حیسابی سەلجوقیەکانی ڕۆمی ئەناتۆل و بیزەنتیەکان بوو لە ئەوروپا، بۆیە لە پێکهێنانی دەوڵەتی عوسمانیدا کاریگەری سەلجوقی و بیزەنتی لە ڕێکخستنی فۆرمی دەوڵەتی تازە هەڵکشاودا ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە.

دەوڵەتی عوسمانی نوێنەرایەتی فۆرمێکی سونەتیی دەوڵەتە ئیسلامیەکانی پێشوتری دەکرد، بەڵام هۆکار و هەل‌و مەرجەکان کە زەمینەیان بۆ گەشەکردنی خۆشکرد، مۆرکێکی تایبەت بەخۆیان پێبەخشی. سوڵتان بۆ خۆی لوتکەی دەسەڵاتی مەدەنی و ئایینی بوو، لە هەندێ بۆنەی جیاوازدا نازناوی خەلیفەی پێدەدرا. بەڵام عوسمانییەکان لەگەڵ ئەوەشدا پلەو پایەی نوێیان داهێنا، لەوانە پلەی "شەیخولئیسلام" یان موفتی، کە دەسەڵاتی لەگەڵ دەسەڵاتی وەزیری مەزندا هاوشان بوو و لە ڕوی ڕیزبەندی هەرەمییەوە ڕاستەوخۆ لە دوای سوڵتان دەهات[1]. دەسەڵاتی کردارەکی "شەیخولئیسلام" بە گوێرەی دۆخەکان بەرین و فراوان یا بەرتەسك دەبو، چونکە سوڵتان خۆی دایدەمەزراند، لەگەڵ ئەوەشدا لە حاڵەتی بێباری و لاریدا فەتوایەکی ئەو بۆ لەکارخستنی خودی سوڵتان بەسبوو.

داهێنانێکی عوسمانی تایبەت، کە بە هەرحاڵ کاریگەری بیزەنتی پێوەدیار بوو، ڕێکخستنەکانی سوپا بوو، لە سەردەمانێکی زۆر زوودا هێزی ئینکیشاری-یەنیچەرییەیان (سوپای نوێ) یان

---

[1] GIBB,H.et bowen Islamic society and the west. London 1950. part.I. PP. 81-87

پێکهێنا، بۆ ئەوەی چاودێری سوڵتان بکەن و لە شەڕەکاندا ببنە یاوەری. ئەم سوپایە ژمارەیان بەخێرایی زیادیکرد، بەتایبەتیش بە گەنجی ناوچە مەسیحییە داگیرکراوەکان پڕدەکرانەوە، کە دڵڕەقانە مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرا. ئەم شێوازە لە سەربازی پێکردن زۆر بە ڕوونی لەگەڵ بەهاکانی ئیسلامدا دژو ناتەبابوو، بەڵام بوو بە پێویستیەك کە ڕەتنەدەکرایەوە، چونکە کوڕانی عەشیرەتە تورکەکان کە لە جەنگە بەراییەکاندا لێوەشاوەییان دەنواند لە هەمان کاتدا لە ملکەچکردندا بۆ سیستمی سەربازی بێتوانایی خۆیان پیشاندا[1]. ئینکیشاریەکان ئاغایەکیان هەبو ڕۆڵی فەرماندەی دەگێڕا، پلەکەی دوای وەزیرو شەیخولئیسلام بە دووەم دەهات.

سوڵتانەکان لەمیانی پشتبەستنیان بە سوپا بە دیسپلینو ڕێکخراوەکانیانەوە، هێزو دەسەڵاتی خۆیان دەپاراست، لە قۆناغێکدا کە سەرکەوتنەکان سیمایەکی دیاری بو. بەڵام لەگەڵ کۆتایی سەردەمی سولەیمان قانونیدا سیماکانی لاوازی و داڕوخان لە ناوەوە دەرکەوتن، لە کاتێکدا دەوڵەت توانی شکۆو هێزی خۆی بەرامبەر بە دوژمنەکانی بپارێزێت. یەکەمین سیماکانی داڕوخان و داتەپینیش لە نێو کارگێڕیدا دەرکەوت، هەروەها لە نێو سوپای ئینکیشاریدا کە خەرجیەکانی ڕووی لە زیادبوون کردو دەسەڵاتیشیان لەسەر حیسابی دەسەڵاتە مەدەنیەکان تا دەهات بەرفراوانتر دەبو، لە هەمان کاتیشدا هێزو توانا سەربازیەکانیان تا دەهات ڕوی لە کزی دەکرد.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ل ٥٦-٦٥.

یەکـەمین هەوڵـەکان بـۆ چارەسـەرکرنی پرسـی پاشەکشـێکردنی کـــارگێڕی و لاوازییـــەکانی ســـوپا لـــە ناوەڕاســـتەکانی ســـەدەی شانزدەهەمدا دەستپێکرد. لـە کاتێکـدا دەوڵـەت هێشتا لـە ترۆپکی بەهێزیـدابوو لـە سـەردەمی سـولەیمان قانونیـدا، لـەم ڕووەوە لـوتفی پاشا کە یەکێك بوو لە وەزیرەکانی پێشوتری سولەیمان، نامەیـەکی نووسیوە بەناونیشانی (ئاساف نامە )[1]، تیایـدا بیروڕا بەراییـەکانی سـەبارەت بـەو پرسـانە کۆکردۆتـەوە، کـە پەیوەنـدیان بـە خراپبـوونی دام و دەزگاکـانی دەوڵەتـەوە هەیـە، نامەکـەی کردۆتـە چـوار بەشـەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

خەسـڵەتەکانی وەزیـر پێویسـتە چـۆن بێـت، دۆخـی سـەربازی، سەرپەرشتیکردنی خەزێنە، تەماشاکردنی کاروبارەکانی ڕەعیـەت[2].

لە میانی خستنەڕووی ئەم مەسەلانەوە یەکـەمین بیرۆکـەکانی ئاشـکرا کـرد سـەبارەت بـە پێویسـتی چارەسـەرکردنی ئـەو لاوازییـەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی گرتبـۆوە، لـوتفی پاشا ئومێدی وابـوو بـەم نامـە هەندێ پەندو وانە بۆ نەوەکانی دوای خۆی جێبهێڵێت. لە ڕاستیدا ئـەوەی ئـەو لـە نامەکـەیدا نیشـانیداوە، دەبنـە پرنسـیپێك و لـە کـاتی تردا لە ماوەی سەدەی حەڤدەهەم چەندین عوسمانی تـر دەگەڕێنـەوە سەر باس و خواس و چارەسەرکردنی.

یەکەمین هەوڵی گرنگ، کە بەوردی و جۆرێك لـە ڕاشکاوی باسـی لە داتەپین و پاشەکشێی دەوڵەتی عوسمـانی کـردووە، نووسـینەکەی (قوچـی بـەگ)ە، کـە لـە سـاڵی (١٦٣٠ز)دا لـە شـێوەی نامەیەکـدا بـۆ سوڵتان مورادی چوارەمی بەرزکردۆتەوە، ئامانجی لەم کارە بە پلـەی یـەك ڕۆشـنفکرکردن و بەخشـینی بەرچـاوڕوونی بـوو بـە سـوڵتان،

---

[1] لطفی باشا، اصاف نامة. مخطوط فی المکتبة الوطنیة فی باریس رقم ١٠٩٢.
[2] هەمان سەرچاوە، ل ل٢-٣.

سەبارەت بە مەسەلەکانی حوکمڕانی و ناساندنی بە کاروبارەکانی کارگێڕیی لە پاش تێکچونی باری دەوڵەت لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمدا[1].

قوچی بەگ یان قوچا موستەفا خەڵکی مەکەدۆنیا یان ئەلبانیا بووە، هاتۆتە ئەستەمبوڵ و لە سەرای سوڵتانیدا گەورەبووە، دواتریش بووە بە ئەندامێکی دەرکەوتو لە نێو کارگێڕیی سوڵتاندا. قوچی بەگ بە حوکمی کارەکەی لەو ڕوداوانەوە نزیکبووە، کە ئەستەمولڵ بەخۆوە بینیوێتی، بەتایبەت کە لە ماوەی بیست ساڵدا پێنج سوڵتان بەهۆی ناکۆکیان لەگەڵ ئاغاکانی ئینکیشاری و شەیخولئیسلامەکاندا یەك لە شوێن یەك گۆڕاون.

دووەم ڕوداوی گرنگ کە لەو ماوەدا ئەستەموڵ بەخۆیەوەبینی، ململانێی سوڵتانی مێرمنداڵ (عوسمانی دووەم) بوو لەگەڵ ئینکیشاریەکاندا، ئەم ململانێیە کە بە کوشتنی ناوبراو کۆتایهات. یەکەمین جاریش بو لە چوارچێوەی دەوڵەتدا سوڵتانێك بە دەستی یاریدەرەکانی بکوژرێت[2].

عوسمانی دووەم لە ساڵی (١٦٠٣ز)دا کە ساڵی چونە سەر تەختی باوکی بوو لە دایکبووە، پاش مردنی ئەحمەدی دووەم لە ساڵی (١٦١٧ز)دا براکەی موستەفا جێگەی گرتەوە، بەڵام عوسمانی دووەم کە "شەیخولئیسلام" پاڵپشتی بوو سوودی لە لاوازیی مامەکەی وەرگرت، ئەوەبو بۆ ساڵی دواتر لایداو خۆی چووە سەر عەرش. لەگەڵ ئەوەشدا سوڵتانی لاو کە ویستی بەشێوەیەکی سەربەخۆ فەرمانڕەوایی بکات، پشتگیری ئینکیشاری و زانایانی لەدەستدا، دواتریش هەنگاوە چاکسازیەکەی بووە هۆی

---

[1] babinger, F: art. Koci Bey. Ei1 vol. 2.P.1116

[2] kramers , J.H. :art Othman II, Ei1 Vol 4.pp.1076

قوڵکردنەوەی ململانێ لە نێوان خۆی و فەرماندە ئینکیشاریەکاندا، ئـەوەبوو ئاغایــەکی ئینکیشــاری لــە ســاڵی (١٦٢٣ز)دا لــە دژی ســەرکردایەتی ڕاپــەڕینێکی کــرد و بــووە هــۆی کوشــتنی. ڕووداوی کوشتنیشــی بــوو بــە ســەرەتایەك بــۆ نــاکۆکی و ململانــێ لەســەر دەسەڵات لە نێوان سوڵتانەکان لە لایەك و سەرۆکەکانی ئینکیشاری لە لایەکی ترەوە.

پاش کوشتنی عوسمانی دووەم جۆرێك لە ئاژاوەو پشێوی لە ئەســتەمبوڵ ســەریهەڵدا، هۆکارەکــەی ئینکیشــاریەکان و ســوپای (سوارەی دەرەبەگەکان) بوو، ئەمانە موستەفای یەکەمیان هێنایەوە سەر تـەختی دەسـەڵات و پاشـان دوای سـاڵێك ناچاریانکرد واز لـە دەســەڵات بهێنێــت، ئــەوەبوو مــورادی چــوارەمی بــرای عوســمانی کوژراویان کردە سوڵتان، کە تەمەنی یانزە ساڵان بوو. لە ڕاستیدا مــوراد لەگــەڵ براکانیــدا لــە دۆخێکــی دڵنیــادا نــەبوون، چــونکە ئینکیشـــاریەکان لەســـەر دروســـتکردنی ئـــاژاوەو پشـــێوی و دەســتێوەردان لــە کاروبــاری حــوکم و لادان و دانــانی وەزیرەکــان بــەردەوامبوون، لــە مــاوەی ســاڵانی (١٦٢٣-١٦٣٢ز)دا حــەوت وەزیریان لاداوە، تا ئەوکاتەی سوڵتان دەستی داری گرت و تەمەنی بوو بە بیست ساڵ، ئەوکات توانی هەژموونی خۆی بسەپێنێت، بەتایبەتیش کاتێك هەندێك لە دارودەستەی براکەی سوڵتان عوسمان هەندێك کاریگەرێتیان پەیداکردەوە. لە هەمان کاتدا مورادی چوارەم توانی هەڵوێستەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی هەڵگەڕێنێتەوە. کاتێك توانی لە ساڵی (١٦٣٢ز)دا بەشێوەیەکی کارا سەرجەم تواناکانی بۆ جەنگ لە دژی فارس یەکبخات[١].

١ Kramers, J. H. : art murad IV, Ei1 Vol 3pp.781-782

قوچی بەگ بە حوکمی کارەکەی لە سەرای سوڵتانەوە نزیك بوو لە کۆی ئەو ڕووداوانەوە، بێگومان ئەو پەرەسەندنانە ڕۆڵیان هەبووە لە ئاڕاستەکردنی بۆچوونەکانیدا، پاشتریش قوچی بەگ دەبێتە یەکێك لە نزیك و ڕاوێژکارەکانی مورادی چوارەم، بگرە ئەگەر گوزارشتەکە دروستبێت، بوو بە پەروەردەکاری. نامەکەشی لە ساڵی (١٠٤٠ك/١٦٣٠ز)دا بۆ بەرزدەکاتەوە و بێ پێچ و پەنا هۆکارەکانی داڕوخان و داتەپینی لە دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ ڕاڤەدەکات. پێدەچێت ئەوەی "قوانین نامەی" بۆ مورادی چوارەم ئامادەکردووە، قوچی بەگ بێت، هەروەها نامەیەکی هاوشێوە بەڵام کەمێك لەوەی تر فروانتر بەرزدەکاتەوە بۆ سوڵتان ئیبراهیم (١٦٤٠-١٦٤٨). بەڵام کاریگەری قوچی بەگ لەسەر مێژوونوسە عوسمانییەکانی دوای خۆی دەردەکەوێت، هەرچی مردنیشی بوو، ئەوا پێدەچێت دوای ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم بوبێت بەچەند ساڵێکی کەم[1].

قوچی بەگ نامەکەی[2] کردۆتە پێنج بەشەوە لە چوار بەشی یەکەمدا ئەم بابەتانەی باسکردووە: سوڵتانە عوسمانییەکان و داروودەستەکانیان و میوانەکانیان و گەورە ئەفسەرەکان. ژمارەی زەعامەت و تیمارەکان لە کۆنداو هێزو ڕاژەکانیان بۆ دەوڵەت. ژمارەو جۆری کاربەدەستەکان و موچەکانیان لە کۆندا. ئەو یاسانەی خراونەتە ئەستۆی زانایان و ئەوانە کێن و چی دەکەن؟

هەرچی دوا بەشە ئەوا جۆرێکە لە کورتکردنەوەو دەستنیشانکردن بۆ هۆکارەکانی داتەپین و بەم ناونیشانەوە دانراوە: لاوازبوونی دەسەڵاتی وەزیرە مەزنەکان و سەرپێچیکردنەکانی

---

[1] Babinger. F.art , Koci Bey. Ei1 Vol.2 pp, 1116

[2] Canon de sultan Suleiman II. Represente a sultan murad IV pour son instruction Aparis MIDCCXXV PP.163-218

دەستوپێوەندو گۆڕانکارییەکانی لە ئاست زەعامەت و تیمارەکاندا، هۆکاری پشێوی و نائارامی لە حوکمڕانیدا.

هەرچی بیروڕاکانێتی لە نامەکەدا بەم شێوەی خوارەوە خستویەتییەڕوو:

پێشتر و تا سەردەمی سولەیمان قانونی خودی سوڵتانەکان خۆیان لە دیوانی سوڵتانیدا ئامادەدەبوون و گرنگیان بە کاروبارەکانی دەوڵەت دەدا و لێکۆڵینەوەیان لە مەسەلەکانی دەوڵەت و خەڵك و داهاتەکانی خەزێنە دەکرد، سوڵتان سولەیمان کاتێك بەهۆی سەرقاڵبوون و هەڵمەت و پەلامارەکانەوە توانای ئامادەبوونی نەدەبوو، هەمیشە هەوڵیدەدا لەڕووداوەکانی ناو دیوان بەئاگابێت. هیچ بەربەستێکی لە نێوان خۆی و خەڵکدا دانەدەنا، ئەمە وایکردبوو لە زۆرێك لە کاروبارەکان بە ئاگابێت، بەهۆی ئەو بایەخ و گرنگیپێدانەوە سەڵتەنەت بوژابووەوە.

لەو ڕۆژگارەدا دەستوپێوەندو یاوەرە نزیکەکانی سوڵتان خەڵکانێکی بەئەزمون بوون و گرنگیان بە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دەدا، بێئەوەی دەستبخەنە نێو کارێکەوە پەیوەندی بەئەوانەوە نەبێت.

لەو ڕۆژگارەدا یاوەرە نزیکەکان بۆیان نەبوو سەبارەت بە کاروبارێك کە پەیوەندی بە وەزیرەکان یان پیاوانی یاساوە هەبوو لەگەڵ سوڵتاندا قسە بکەن. سەرجەمی ئەوانەی خزمەتکاری وەزیرەکان بوون، بەپارە کڕرابوون و هیچ سکاڵایان نەدەکرد. پلەوپایەکانی بەگلەربەگی و بەگ و پلەوپایە سوڵتانییەکانی تر بەخشرابو بە کەسانێك کە لە هونەری سەربازی و حوکمڕانی و کارگێڕی هەرێمەکاندا بە ئەزموون بوون، جێی متمانە و پارێزەری شەریعەت بوون، بۆ ماوەیەکی درێژیش لە نێوان بیست تا سی ساڵدا

لە پلەکانیان دەمانەوە، ئەمەش بۆ دەوڵەت سەرچاوەی بەهێزی و تۆکمەیی بو، لە ڕۆژگاری جەنگیشدا ژمارەیەکی زۆری پیاوانی چەکداری ڕێکخراوو مەشقپێکراویان دەهێنا، لەوانەی لە چەندین بۆنەی تردا نیشانەکانی لێهاتوویيان پێشاندابوو، هەروەها لە بەرینبوونی دەوڵەتەکەیشدا بەشداریان کردبووو.

لەو ڕۆژگارەدا قبودچی باشی (سەرۆکی چاودێران یا دەرگاوانەکان لە کۆشکی سوڵتانیدا) کەسانێك بوون شایستەی ئەوەبوون کە لە پلەی پاشایی یان بەگی دا بن، ئەوانە لە کاروبارەکانی دەوڵەت و جەنگدا بەئەزمون بوون و مەبەستیان سەرخستنی بنەماڵەی عوسمانی بوو، نووسەرەکانیش پیاوانی فیکربوون و لە نووسین و حیسابدا لێزان و لە یاساشدا شارەزابوون. هەروەها لە نووسینی نامەدا بۆ پاشاکانی وڵاتانی دراوسێ لێهاتو بوون. هەرچی سەرپەرشتیاری تۆمارگەکانی سوڵتانی و متمانەپێکراوەکانی سەر خەزێنە بوو، زۆر بلیمەتبوون، هەمیشە نیشانەکانی نموونەیی و ڕاستڕۆیشتنیان پیشاندەدا. هەرچی سوارەو پیاوە نزیکەکانی تری سوڵتان بوو، کرێ و حەقدەستی خۆیان هەبوو، زەعامەت و تیماریشیان پێنەدەبەخشرا.

سنووری دەوڵەت دەگەیشتە وڵاتی فارس و مەغۆل و تەترو یەمەن و هیندستان، بەم دیویشدا تا وڵاتی کافران (مەبەست وڵاتە ئەوروپیەکانە) چووبوو، بێ ئەوەی هیچ دوژمنێکی ئاینەکە بتوانێت لەگەڵیدا بەرەنگاربێتەوە، هەموو ئەمانە بەهۆی چاکەی هێزی زەعامەت و تیمارەکانەوە بو، چونکە هێزگەلێکی هەڵبژاردە بوون و لە پێناوی بلاوبوونەوەی ئیمان و چاکەی وڵاتدا هەمیشە تەیارو ئامادەبوون. لە وەها دۆخێکدا هێزی تر پێویست نەبو، ئەم هێزانە

بەسبوون، چونکە زەعامەت و تیمار تەنها دەدرایە کوڕان و منداڵانی سوپاییە دێرینەکان.

قوچی بەگ لە نامەکەیدا ئەوەی تێبینیکردووە: لەو ڕۆژگارەدا وەزیرەکان و پیاوانی جەنگ ئەسپەکانیان بە زیو نەدەڕازاندەوە، بەڵکو تاکە خەونیان بەدەستهێنانی ئەسپ و کەوانێکی باش و هەموو جۆرە تفاقێکی جەنگیی باشبوو، تیمار و زەعامەتەکان بۆیان نەبوو لە دەرەوەی سەنجەقەکانی خۆیان نیشتەجێبن، بۆ ئەوەی هەر سوارەیەك لە جێگەو شوێنی خۆیەوە ئامادەبێت بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمن. لە بارێکدا ئەگەر شوێنی زەعامەتێك یان تیمارێك بەتاڵبوایە، ئەوا دەدرایە کەسێکی شایستە و لە تۆمارەکاندا ناونووس دەکراو پاشانیش بەرائەتی لە بابیعالییەوە بۆ دەهاتەوە.

قوچی بەگ دەگەڕێتەوە بۆ تۆمارە فەرمییەکان و دەڵێت: بەگوێرەی تۆمارەکان سوڵتان موورادی کوڕی سەلیم (١٥٧٤-١٥٩٥ز)، موچەی داوەتە ئەم هێزانە: لەشکری سوارەو نووسەرو ئەمیندارو کوڕانی سپاهی و پۆستەچی و ئینکیشارییەکان و خزمەتکارو تۆپچی و بانگدەرەکان. ژمارەشیان دیاربوو نەزیادی کردووەو نە کەم. هەرچی ئینکیشاری و تۆپچیی و سەرجەم سوپای ئۆجاقەکان بوو، لە عەشیرەتەکانی ئەرنائوت و بوشناق و یۆنان و بولغارو ئەرمەن پێکدەهێنران، بێجگە لەمان کەسیتر بۆی نەبوو بچێتە ڕیزەکانی ئینکیشاری. ئەم سوپایە لە سەراکانی ئەستەمبوڵ دا کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرابوو، دابەشدەکران، لەوێ بۆ ماوەی پێنچ ساڵ پرۆسەی مەشقکردن و ڕاهێنان و فێرکردنیان دەبینی، پاش ئەوە دەنێردران بۆ ئۆجاقەکان، هەر حەوت ساڵ جارێکیش شوێنە بەتاڵەکان بەهێنانی ژمارەی خۆبەخشی نوێ پڕدەکرانەوە.

لەو بەشەی کە بۆ قسەکردن لەسەر زاناکان تەرخانکراوە، قوچی دەڵێت: بەگوێرەی یاسا کۆنەکان لە ڕۆژگاری سوڵتانەکانی پێشوودا پلەوپایەی موفتی و قازی عەسکەری ڕۆمللی یا ئەنەدۆل لەو جۆرە کەسانەی بۆ کاندید دەکرا، کە زۆرترین بڕی زانیاری و پتەوترین ئیمانیان بەخودا هەبوو. گەر ئەرکەکانی خۆی بەجوانی ڕاپەڕاندبایە، بۆ هەمیشە لە شوێنەکەی خۆی دەمایەوە، بە حوکمی پلە زانستیەکەیشی کە بەرزترین پلە بوو، ڕێزلێگرتنیشی جوداتربو. لە کۆنیشدا موفتیەکان بێجگە لەوەی سەرچاوەی زانست بوون، بەهیچ جۆرێك ڕاستییەکانیان لە سوڵتانەکان نەدەشاردەوە، بێپسانەوە ئامۆژگاریشیان پێشکەش دەکرد و بۆ چاکەی ئاین و دەوڵەتیش تێدەکۆشان. لە نێو پیاوانی شەریعەتدا نیشانەکانی خۆشگوزەرانی نەدەبینرا وەك ئەوەی لەمڕۆدا دەبینرێت. هەرکاتێکیش یەکێکیان لەکاربخرایە، ئەوا خۆی بۆ زانست و نووسینی چەند کتێبێك تەرخان دەکرد.

بەڵام ئەمڕۆ زانست نەماوەو یاساکانیش هەڵگەڕاونەتەوە، ئەگەر کەسێك حەزی لە فێربوون بوایە، لای زانایەکی شەریعەت دەچووە بەر خوێندن، پێویستبوو لەسەری ماوەیەك بخوێنێت، پاش ئەوە پلەیەکی ڕێگەپێدانی پێدەبەخشرا و دواتریش دەچووە لای زانایەکی تر و یەکێکیتر، بەو چەشنە پلەیەکی پێدەدرا و لە ڕۆژنامەی سوڵتانیدا ناوی تۆماردەکرا. بەم جۆرە لە نێو ئەوانەدا کەسێکی نەزان و نامۆ نەدەبینرا. بەڵام ئەم سیستمە لە دوای ساڵی (١٠٠٣/١٥٩٤ز)دا هەڵگەڕایەوە، عەلا ئەفەندی بێ هیچ هۆیەك لە فەتوادان لایاندا، هەمان شت بەسەر قازی عەسکەردا هات. لێرەوە بۆ پاراستنی پلەوپایەکانیان و نزیکبوونەوە لە وەزیرەکان ئیدی ناچاربوون ڕاستییەکان لە سوڵتان بشارنەوە. بەم دواییانەش پلەی

موفتی و قازی عەسکەر درانە خەڵکانێکی نەزان و بێتوانا، پێچەوانەی ئەو یاساو نەریتانەی کە پێشتر پەیڕەودەکران، پەتای پلەوپایە فرۆشتن گواسترایەوە بۆ نووسەرە نەزانەکان و ئەوانەی بەهۆی پارەوە دەبوون بە مامۆستاو قازی. ئەم سەرپێچییانە بڵاوبوونەوەی نەزانینی ئاسانکرد کە لە ئەمڕۆدا باڵادەستەو ناشتوانین باش لە خراپ جیا بکەینەوە، ئیدی ستەمکاری و زەوتکردنی سامان و موڵکی گشتی لێرەوە سەرچاوەدەگرن.

لە کۆندا فەقێ ئایینیەکان شەریعەتیان ئەزبەربوو، خەونیشیان یەکسانی بوو، چونکە لە خوداترس بوون، خەڵکیش خۆشیدەویستن، لە ماڵ دەرنەدەچوون گەر بۆ سەردانی مەکتەب و مزگەوتەکان نەبوایە یان بۆ سەردانی پیاوچاکان، بە بەردەوامیی سەرقاڵی وەرگرتنی زانست بوون. ئەوەی کە ئەمڕۆ بزان لە نەزان جیادەکەینەوە، ئەوەیە جارێ ئومێدی ڕیفۆرمکردنمان هەیە. چونکە ناکرێت پلەوپایەی زاناکان بە فرت و فێڵ و بەزەیی بدرێتە نەزانەکان.

لە کۆتایی نامەکەیدا قوچی بەگ هۆکارەکانی داتەپینی دام و دەزگاکانی دەوڵەت کورتدەکاتەوە:

وەزیرە مەزنەکان تا ساڵی (١٥٧١/٩٨٢ز) دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەبوو، لەمان زیاتر کەسیتر لە سەرای یا دەرەوەیدا دەستی نەدەخستە کاروبارەکانی دەوڵەتەوە. لە سوڵتان زیاتر بایەخیان بە کەسیتر نەئەدا، بەڵام لەوکاتەوە یاوەرە نزیکەکانی سوڵتان ڕێگەیان بۆ خۆشبووە دەستبخەنە ناو کاروبارەکانی دەوڵەت و داواکاری نابەجێ لە وەزیرە مەزنەکان بکەن، ئەوەشی بەگوێی نەکردنایە، هەزار قسەیان لە بارەوە دەهێنایە بەرگوێی سوڵتان. ئەوانە زۆرجار هۆکاری بێنەوایی وەزیرەکان بوون، هەندێ لە وەزیرەکان بێئەوەی

تاوانباربن حوکمی مردنیان بەسەردا سەپێندراوە، هەندێکی تریان لەکارخران یان دورخرانەوەو موڵکەکانیان دەستی بەسەرداگیرا.

لە سایەی حوکمڕانی سوڵتان موراد و سوڵتان موحەممەددا، سوپایی کە بە هاوکاری هەندێ لە وەزیرەکان ڕاپەڕین، بوونە سەرچاوەی چەندین ستەم و زوڵم لە دژی پیاوچاکان، بەچەشنێك وەك نیمچە مەحاڵێك دەردەکەوت ئەو نائارامی و پشێوییە کۆتایی پێ بێت. بەڵام حەسەن پاشا، کە پیاوێکی لێزان و دڵسۆز بوو، ئینکیشاریەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو لە پڕێکدا دەرگاکانی ئەستەمبوڵی داخست و ملی پیاو خراپانی بڕی و دۆخەکەی ئارام و هێمن کردەوە. بەڵام لای سوڵتان هەزار تۆمەتیان بۆ دروستکرد، کە ئاکام بە کوشتنی کۆتایی هات. نەسوح پاشاو دەرویش پاشا هەمان چارەنووسیان توشبوو، کە هەردووکیان لە وەزیرە بەئەزموون و ئەمینەکان بوون، هەردوکیان تۆمەتبارکران بەوەی گوایە بەنیازبوون سوڵتان بکوژن، ئەم تۆمەتەش بۆ کوشتنیان بەسبوو، لە کۆتاییدا ئەم نموونانە وەزیرەکانی ناچارکرد کە سەرجەم داواکاریی یاوەرە نزیکەکانی سوڵتان جێبەجێبکەن و داواکانیان ڕەتنەکەنەوە. خودی یاوەرە نزیکەکانی سوڵتان خۆیان بوون، کە دەستیاندەخستە ناو کاروبارەکانی دەوڵەت و بەناوی "بەشمەلیك" و "ئەربەلیك"وە دەبوونە خاوەنی چەندین گوندو زەوی و زارو چەندین زەعامەت و تیماریان زەوتکردو دەیانبەخشیە خولام و خزمەتکارەکانی خۆیان، ئەمەش بووە هۆکاری داڕوخان و سڕینەوەی ژمارەیەکی زۆری زەعامەت و تیمار، بەتایبەت ئەوانەی خزمەتی مەزنیان پێشکەش بە دەوڵەت کردبووو، ئەم جۆرە لە خەڵکی سەرچاوەی نائارامی و پشێوین، کە وەك دەبینین بەبەردەوامیی دوبارەدەبێتەوە.

قوچـی بـەگ نامەکـەی بـە دەستنیشـانکردنی ئـەو ڕێگەچـارانە کۆتـایی پێـدێنێت کـە پێیوایـە بـۆ بـەرگرتن لـە خراپبـوونی دۆخەکـە گونجاون: پێویستە ئەم هێزانـە لەگـەڵ هێـزی تـردا تێکـەڵ بـە سـوپا بکـرێن، هەرچـی خزمـەتکارەکانن، پێویسـتە لـەو کۆیلـەکان بـن کـە بەگوێرەی یاسا کۆن و نەریتە پـەیڕەوکراوەکان سـەندراون، چەندین خـەڵکی قـەرەج و جـوو و خـەڵکانی تـری قێـزەوەن کـە بـێ بـڕواو بـێ شـــەریعەتن، هاتونەتـــە نێـــو کۆشـــکی ســـوڵتان. ئەگـــەر ئـــەم پاشـــاگەردانییانە چارەســـەر نـــەکرێن و لـــە دابەشـــکردنی تیمـــارو زەعامەتەکانـدا خـەڵکی شایسـتە پێشـنەخرێن، نـاتوانین هێرشـی سەربازیی شایستە بە دەوڵەت و ئایین ئەنجام بدەین.

بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەوە بیروڕاکـانی قوچـی بـەگ بـوو، کـە لـە نامەکەیـدا هـاتبوو، کـە تیایـدا جـەختی لـە ڕەخنـەگرتن لـە ڕەفتـارە هەڵـــەکان کردۆتـــەوە، ئیـــدی سەرچـــاوەکەی هـــەر کەســـێك بێـــت، ســـوڵتانەکان یـــان وەزیرەکـــان، هـــەروەها ڕەخنـــەی لـــە دام و دەزگـــا سەرەکیەکانی دەوڵەت گرتووە، کە بریتین لە دەزگاکانی حوکمڕانی و کارگێڕی و سوپاو زانست.

بیروڕاکانی قوچی بەگ لە ڕاڤەکردنیدا بۆ هۆکارەکانی پاشەکشـێ و داتەپین بەم شێوەی خوارەوە کورتدەکرێنەوە:

سانســـۆرنەکردنی وەزیرەکـــان لـــە لایـــەن ســـوڵتانەوەو پێشکەشـــکردنی پلەوپایـــەو دەســـتکەوتەکان بـــە خـــولام و دارودەستەکەی و نادڵسۆزی وەزیرەکان، بەجۆرێك بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان خسـتبووە پـێش بەرژەوەندیـەکانی دەوڵەتـەوە. وێرانبـوونی کەرتـە سـەربازیەکان، کـە سەرچـاوەی دارایـی و هێـزی جـەنگاوەری دەوڵەت بوون. لە کۆتاییشدا گەندەڵبوونی پیاوانی ئایینی و دەزگا فێرکاریەکان.

## بیروباوەڕەکان لە پێناو ڕیفۆرمدا

نامەکەی قوچی بەگ تەنها نامە نەبوو باسی ئەم مەسەلانەی کردبێت، دوای چەند ساڵێکی کەم حاجی خەلیفە کە ئەویش بە کاتب چەلەبی (١٦٠٨-١٦٥٧) ناوی دەرکردبووو، لە دیارترین نووسەرە عوسمانییەکان بوو[1]، لە ساڵی (١٦٥٣ز)دا نامەیەکی هاوشێوەی بەم ناونیشانە: "دەستوری کار بۆ چاککردنی دۆخی نالەبار" بۆ سوڵتان موحەممەدی چوارەم (١٦٤٨-١٦٨٧)ی بەرزکردۆتەوە. حاجی خەلیفە نامەکەی لەسەر داخوازی خودی سوڵتان نووسیوە، دوای ئەوەی داوای لە یاریدەرەکانی کردبووو لە هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و کەمی داهاتی دەوڵەت و کورتهێنانی خەرجیەکان بکۆڵنەوە، بەم جۆرە حاجی خەلیفە ڕاپۆرتەکەی بەرزکردەوە. بەهۆی ئەوەی خۆی کارگێڕی دەوڵەت بوو، دەستنیشانکردنی بۆ هۆکارەکانی داتەپینی و پاشەکشێی دارایی و سەربازیی و کارگێڕیی لە دەوڵەتی عوسمانیدا جێی بڕوابوون[2].

نووسەر سەرەتا هۆکاری نووسینەکەی ڕووندەکاتەوە و دواتر بەسوودوەرگرتن لە ڕاڤەکردنی خەلدونی بۆ مێژووو هەندێ بیروڕا دەربارەی دروستبوونی دەوڵەتان و داڕوخان و داتەپینیان دەخاتە ڕوو. حاجی خەلیفە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات هاوشێوەی تاکەکان دەوڵەتانیش بەسێ قۆناغی جیاوازدا تێپەڕدەبن: گەشەکردن، وەستان و دواتر داڕوخان و داتەپین، پێیوایە دەوڵەتی عوسمانی ماوەیەکی درێژ ژیاوەو قۆناغی وەستانی بە ئارامی تێپەڕاندووەو لە میانەی چەند دەرکەوتەیەکەوە سیماکانی قۆناغی سێیەم

---

1 Gokyas, O,S:art Katib gelebi Ei2 Vol 4. pp. 791-792

2 Lewis,B.ottoman obsers of ottoman decline J. C.I. I. R. vol.1 1962. pp.71-77

دەرکەوتوون، بۆیە پێویستە ڕێگەچارە بۆ قەیرانەکان بدۆزرێنەوە، بۆ پاڵپشتکردنی بیروڕاکانیشی لە سێ بەشدا باس لە بوارەکانی کشتوکاڵ و سەربازیی و خەزێنە دەکات.

حاجی خەلیفە بۆچوونی وابووە کە لە ماوەی ڕابوردودا سوڵتانەکان هەوڵیانداوە جوتیارەکان لە ستەم و گوشارەکان بپارێزن، بۆیە هیچ کام لە گوندەکان کاول و وێران نەدەبوون، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا هەندێك لە جوتیارەکان دەستیان لە سەرچاوەکانی بژێوی خۆیان هەڵگرت و کۆچیان کرد بۆ شار، لە ئێستاشدا ئەستەمبوڵ پڕە لە زۆرێك لەوانە، لە ساڵی (١٦٢٢ز) تا ساڵی(١٦٣٤ز) زۆرێك لە گوندەکان وێرانبوون، هۆکاری ئەوەش ڕوون و دیارە، وێرانبوونی گوند لە دەوڵەتی عوسمانیدا هۆکارەکەی باجە زۆرەملێکانە و سەربازەکان بۆ خۆیان باجە قورسەکان دەسەپێنن و جوتیارەکان ناچار بەپێدانی دەکەن، ئەگەر ئەم دۆخە چارەسەر نەکرێت، ئەوا بێگومان لەعنەتی یاخیبوون و سەرپێچیکردنی یاساو وڵات بەرەو وێرانبوون دەبەن.

پاشان حاجی خەلیفە باس لە کاروبارە سەربازیەکان دەکات و جەخت لە بەرزبوونەوەی خەرجیەکانی دەکاتەوە، کە بەراورد لەگەڵ ڕۆژگاری سولەیمان قانونیدا زۆر زیادیکردووە. دواتریش دێتەسەر باسی خەزێنە کە دەیشوبهێنێت بە گەدە لە جەستەی مرۆڤدا، بە جۆرێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یا ناڕاستەوخۆ سەرجەم بەشەکانی پێوەگرێدراوە. بەهۆی ئەوەی کشتوکاڵ وێرانکراوە، خەزێنەش بەتاڵ بووە، ئیدی ئەوە کاری کردۆتە سەر تێکڕای جەستەی کۆمەڵگە. لە نیشانەکانی پیریش تەمبەڵیی و هەرس نەکردنە، حاڵی دەوڵەتانیش وایە، هەرچۆن لە پیربووندا مرۆڤ قژی سپی دەبێت، هەمان شت سەبارەت بە دەوڵەتانیش ڕاستە، پاش

تێپەڕبوون بە قۆناغی داتەپیندا بەفیڕۆدان و مەزنیی پەرەدەستێنیٚ، نازناوەکان زۆردەبن، تەنانەت خۆشوبهاندنی خەڵکی لە جل و بەرگ و کەرەستەکانی ناوماڵیاندا بە پاشا زۆردەبێت، لەوێشەوە سامان بەفیڕۆدان و بەدمەسرەفی بەرزدەبێتەوە.

ناوبراو چوار ڕیفۆرم بە چارەسەری گونجاو دەزانێت: یان لە میانەی خاوەن شمشێرەوە، ڕاوێژکارانی دەوڵەت، گەورە ئەفسەران، بریکارەکانی دەوڵەت. بەڵام سیٚ ڕێگەی کۆتایی بەدوردەزانێت و چاوەڕێی دەکات خاوەن شمشێر هەڵسێت بە ئەنجامدانی ڕیفۆرم. بەگوێرەی نووسەر یەکەمین ئەرکەکان بریتین لە: دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ کورتهێنانی خەزێنە، کەمکردنەوەی قەبارەی سوپا، سنووردانان بۆ زیادەڕۆیی لە خەرجکردندا وچارەسەرکردنی دۆخی هەژاریی لای جوتیارەکان، لەگەڵ ئەمانەشدا نووسەر گەشبین نەبوو بە ئەنجامدانی ڕیفۆرم.

لەم چوارچێوەدا هەوڵەکانی حسێن هەزار فەن (١٦٠١-١٦٧٩) لە کتێبەکەیدا "کورتەی بەیان لە یاساکانی بنەماڵەی عوسمان"دا دەردەکەوێت، ئەمیش جەخت لەو مەسەلانە دەکاتەوە، کە پێش خۆی هەر یەك لە قوچی بەگ و حاجی خەلیفە ئاماژەیانپێداوە، بەڵام زۆر ڕەقتر ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی بەرپرسانی داتەپین دەکات، ڕەخنەکانی سوڵتانەکانی عوسمانیش لە دوا قۆناغەکانی دەوڵەتەکەدا دەگرێتەوە، هەروەها ئاماژە بۆ گەندەڵیی وەزیرە مەزنەکان و خراپی هەڵس و کەوتی ئەفسەرەکان کردووەو جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێویستە پلەو پایەکان لە ویلایەتەکاندا بدرێت بە کەسانی شایستە. بەگوێرەی حسێن هەزار فەن پێویستە سوڵتان پشت ببەستێت بە دەستەیەك لە پیاوان کە وەك یەك چاودێری ڕەعیەت و دوژمن بکات، هەروەها دەبوو لە بەکارهێنانی ئەو

یاسایانەدا کە دەبنە پاڵپشتی هەمیشە بۆ دەسەڵاتەکەی، دوودڵ نەبن. هەروەها پێویستە سوڵتانەکان ملکەچی شەریعەت بن، بێ گەڕانەوەش بۆ شەریعەت هیچ کەس نەکوژن، هەروەها پێویستە ئەو ئەفسەرو کاربەدەست و زانایانە سزابدرێن، کە بێگوێ و کەمتەرخەمبوون. نرخێکی گەورەش بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە ڕۆحییە دابنرێت کە خراوەتە ئەستۆی "شەیخولئیسلام" و عولەما یان زانایان، بەهۆی ئەو خۆشگوزەرانیەی بۆ دەوڵەت و ڕەعیەتی دابیندەکەن [1].

حسێن هەزار فەن ئەم کتێبەی لە ساڵی (١٦٩٩ز)دا داناوە، ساری موحەممەد پاشایش وەك درێژەدانی نووسینی عوسمانی سەبارەت بە داتەپین لە ساڵی (١٧٠٣ز)دا لەسەر هەمان بابەت کتێبی "ئامۆژگاریکردنی وەزیرو میرەکان"ی نووسیوە، شایەنی هێمابۆکردنە ناوبراو شتێکی نوێی لەم چوارچێوەدا زیادنەکردووە[2]. بەڵام کتێبەکەی لە کاتێکدا نووسیوە دەوڵەتی عوسمانی لە قۆناغی پاشەکشێ و داتەپینی ناوەکییەوە گواستبوویەوە بۆ شکستی سەربازیی لە ئاست دوژمنەکانیدا*.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٨١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٨٢.

* دوای زنجیرەیەك شەڕو ناکۆکی لە نێوان عوسمانییەکان و نەمسا، لەسەر وڵاتی مەجەر کە لە زۆربەیاندا عوسمانییەکان دەدۆڕان، هەروەها پاش دەرکەوتنی ڕووسیا لە گۆڕەپانی شانۆی نێودەوڵەتیدا، کە ویستی وابوو لەسەر حیسابی عوسمانییەکان هەژمونی خۆی بگەیەنێتە ڕۆژهەڵات و دەروازەیەکی دەریایی بەدەسبێنێت (ڕووسەکان لە سەردەمی پیتەری گەورەوە قەڵای ئازۆفیان گرت). ئاکام لە کانونی دووەمی ساڵی (١٦٩٩ز)دا، بەنێوانکاری بریتانیا و هۆڵەندا "پەیماننامەی کارلۆڤیتز" لە نێوان عوسمانییەکان لە لایەك و هەر یەك لە نەمساو ڕووسیاو بووندوقییەو پۆڵندە لە لایەکی تر، مۆرکرا. تیایدا عوسمانییەکان دەستیان لە تەواوی وڵاتی مەجەر و ترانسلڤانیا بۆ نەمسا هەڵگرت، هەروەها لە تەواوی بۆدۆلیا و ئۆکرانیا بۆ پۆڵەندە، شاری

**له داڕوخان و داتەپینەوە بۆ شکست**

شکستی کارلوڤتز (١٦٩٩ز) بوو بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی خاکێکی پان وبەرین لەوانە ترانسلڤانیا و مەجەرو سلۆڤانیاو کرواتیا بدۆڕێنێت[1]، ئەم شکستە کە بێتوانایی سوپای ئینکیشاری ئاشکراکرد، ڕاستی و دروستی پێشبینیەکانی بیرمەندانی عوسمانی، ئەوانەی جەختیان لە پێویستی ئاوڕدانەوە لە پاشەکشێ و داتەپین دەکردەوە، سەلماند.

ئاکامی جەنگ و شکست لە کۆتایدا یەخەی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم (١٧٠٣-١٧٣٠)ی گرت، کە بۆخۆی بە سروشت مەیلی بەلای ئاشتەوایدا دەڕۆیشت، ئەوە باشترین شتێك بوو دەوڵەت لە دۆخی لاوازبووندا پێیبگات، بۆیە لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵاتدا هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی ئاشتەوایی لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانیدا خستەگەڕ، بەڵام پرۆژەکەی بۆ بەدیهێنانی ئاشتەوایی نەهاتەدی تا دوای شکستێکی تر، کە بە "پەیماننامەی بازارۆیتز" کۆتایهات و تیایدا عوسمانییەکان دەستیان هەڵگرت لە بەلگرادو چەند موڵك و زەویوزارێکی دەوروبەری دانوب بۆ نەمسا[2].

ئەو دوو شکستە لە ماوەی بیست ساڵدا ئەوەی سەلماند، کە هێزێکی نوێ لەسەر شانۆی ڕوداوەکان دەرکەوتووە سەنگی خۆی هەیە، ئەویش هێزی ڕووسیایە. چینی حوکمڕانیش لە ئەستەمبوڵ

---

"ئازۆف"یش درایە ڕووسیا، هەروەها دەستیان لە نیمچە دورگەی مۆرە تا ڕوباری هکساملیۆن و هەرێمی دەلماسیا لەسەر دەریای ئەدریاتیکی بۆ بووندوقیە هەڵگرت. (وەرگێڕ).

[1] SHAW , S. J :History of ottoman empire, volume 1 p. 224

[2] Bowen , H :art ahmed III. Ei2, Vol.1 pp. 276-279

دا دەرکیــان کردبــوو ڕووســیا، کــە پێشــتر مەســەلەیەك بــوو پشــتگوێخرابوون، توانیــان بەســوودوەرگرتن لــە چاکســازیەکانی پیتــەری گــەورە(١٦٧٢-١٧٢٥) لــە بوارەکــانی ســەربازیی و دام و دەزگاکـانی دەوڵەتـدا هێـزو توانـا دەسـتەبەربکەن. عوسمانییـەکان هـەروەها هەستیانکرد دەتوانرێت ئەو هۆکارو ئامرازانە وەربگیرێت کە ڕووسەکان بۆ بەهێزکردنی خۆیان سوودیان لێوەرگرتووە. ئەگەر پیتەری گەورە لە کردنەوەی دەرگاکاندا بەڕوی کاریگەرییە نوێکانی ئـەوروپا ئـەنجامی هەستپێکراوی وەدەستهێناوە، ئـەوا لـەو کاتـەوە کرانــەوە بــەڕوی پێشــکەوتنی ئــەوروپا لای ڕۆشــنگەرو هەنــدێ لــە سوڵتان و وەزیرەکانی عوسمانی بوو بە چەمکێکی سەقامگیر.

ئەگــەر شکســتی عوسمانییــەکان لــە کۆتاییــەکانی ســەدەی حەڤدەهـەم و سـەرەتاکانی سـەدەی هەژدەهەمـدا ئـەوەی سـەلماند کـە کرانەوە بەڕوی ئەوروپادا کارێکە پشتگوێ ناخرێت، ئـەوا پـێش ئـەو مێـژووە بەماوەیـەك، کـە کـەم نـەبو کاریگەریـەکانی ئـەوروپا خۆیـان خزانــدبووە نێــو دەوڵــەتی عوسمانییــەوە، بــەجۆرێك هــەمو عوسمانییەکان لە پێشکەوتنەکانی ئەوروپا لە بوارەکانی سەربازی و دەریاوانی و بازرگانی و بیناسازیدا بێئاگانەبوون.

# بەشی سێیەم
# دۆزینەوەی ئەوروپا

له کاتێکدا هەندێ لە عوسمانییەکان سەرقاڵی چارەسەرکردنی مەسەلەکانی پاشەکشێ و داتەپینی دەوڵەوت و دام و دەزگاکانی بوون، کەسانێکی تر هەبوون چاودێری هەندێ لە سیماکانی پێشکەوتنی ئەوروپایان دەکرد. جێی سەرنجە عوسمانییەك لە ساڵی (١٦٥٢ز)دا، ئەوەی تێبینیکردووە کە پێشکەوتنی ئەوروپا لە بوارەکانی دەریاوانی و بازرگانیدا کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر بازرگانی موسڵمانەکان دەبێت، ئەم عوسمانییە ڕۆشنگەرە هەر زۆر زوو ئەوەی هەستپێکردبووو ئەگەر بێتو ئەوروپا لەسەر ئەم چونەپێشەوە بەردەوامبێت و موسڵمانەکانیش پاڵی لێبدنەوەو لێی بێئاگابن، ئەوا بێگومان لە ماوەیەکی کەمدا عوسمانییەکان بۆردەدەن. عومەر تالیب دەڵێت: "ئەمڕۆ ئەوروپیەکان تێکڕا جیهان دەناسن، کەشتیەکانی خۆیان ڕەوانەی سەرجەم شوێنەکان دەکەن، دەگەنە بەندەرە گرنگەکانی جیهان، پێشتر بازرگانەکانی هیندستان و سیندو چین وەك عادەتێك هەمیشە دەهاتن بۆ سوێس، شمەکەکانیشیان لە ڕێگەی موسڵمانەکانەوە بە سەرجەم جیهاندا بڵاوەپێدەکرا. بەڵام ئەمڕۆ ئەم شمەکانە بە کەشتیە پورتوگالی و هۆڵەندی و ئینگلیزیەکان دەگوازرێنەوە بۆ فەڕەنساو لەوێشەوە بە سەرجەم جیهاندا بڵاودەکرێتەوە. ئەوەی لە پێویستی خۆیانیش زیادە، دەیهێنن بۆ ئەستەمبوڵ و شوێنانی تر و بە پێنج هێندەی نرخی ڕاستەقینەی خۆی و زیاتر دەیفرۆشنەوە. بەو چەشنە پارەیەکی باش وەدەستدێنن، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئاڵتون و زیو لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا ببن بە مادەیەکی دەگمەن و ناوازە.

پێوستە دەوڵەتی عوسمانی دەست بەسەر کەنارەکانی یەمەن و ئەو بازرگانییەدا بگرێت، کە بەوێدا دەڕۆن، ئەگەرنا زۆری پێناچێت ئەوروپییەکان وڵاتانی ئیسلام داگیردەکەن"[1].

## وێنەی جیهان

پێش ئەوەی عومەر تالیب تێبینییە قووڵەکانی خۆی بنوسێتەوە، دۆزینەوە جوگرافیەکان سەرنجی عوسمانییەکانی ڕاکێشابوو، پێدەچێت ئامانجە سەربازیەکانی دەریاوانی عوسمانی لە پشت ئەم گرنگیپێدانەوە بێت[2]. بەهەرحاڵ دۆزینەوەی ئەمریکا جۆرێك لە حەز بە زانین و فزوڵی وروژاند، یەکێك لە دەریاوانە عوسمانییەکان، کە ناوی کەمال ریس بو، زانیاری سەبارەت بە دۆزینەوەکانی ئیسپانیاو پورتوگال بۆ دورگەکانی ڕۆژئاوای هیند کۆکردۆتەوە، ناوبراو لە ڕێگەی دەریاوانێکەوە لە گالیبۆلی لە ساڵی (١٥١٣ز)دا توانی کۆپییەکی ئەو نەخشە بەدەستبهێنێت، کە کریستۆڤەر کۆڵۆمبس لە گەشتەکەیدا بۆ ئەمەریکا بەکاریهێنابوو، لە ساڵی (١٥١٧ز)دا، واتە لەو ساڵەدا کە سوڵتان سەلیم لە قاهیرە بووە، پێشکەشی کراوە[3].

هەمان ئەو دەریاوانە عوسمانییە کتێبێکی بە ناونیشانی "بحریت" نووسیوە، کۆمەڵێك زانیاری تیادا بەکارهێناوە، کە سەرچاوەکانی ئەوروپین. بەڵام کارێکی گرنگ کە حاجی خەلیفە لە ساڵی (١٦٥٤ز)دا ئەنجامیداوە وەرگێڕانی کتێبێکی ئەتڵەسی بچوك بووە بە ناونیشانی "شەوقەکانی نور لە تاریکی ئەتلەسی

---

1 Lewis,B:the Emergence of modern Turkey, London 1961.P.34

٢ بروكلمان: تاريخ الشعوب الاسلامية، ل.٤٨٣.

3 Adnan, A: La Science chez les turcs ottomans, Paris 1939, P.60

مینور"دا[١] بۆ زمانی تورکی، بە هاوکاری فەڕەنسیەك، کە بوبوو بە موسڵمان بەناوی "ئیخلاسی شێخ موحەممەد ئەفەندی"، ئەم ئەتڵەسە وێنەیەکی نوێی لەسەر جیهانی هاوچەرخ بەخشییە تورکەکان. دوای حاجی خەلیفە ئەبو بەکری کوڕی بەهرام دیمەشقی (لە ساڵی ١٦٩١ مردووە)، "ئەتڵەسی گەورەی" وەرگێڕایە سەر زمانی تورکی، ئەم وەرگێڕانە دە ساڵی خایاندوە، لە نێوان ساڵانی (١٦٧٥ بۆ ١٦٨٥)و لە کۆتایدا ئەم ناونیشانەی بۆ داناوە " جوگرافیای گەورە یان سەرخستنی ئیسلام و شادی لە نووسینی ئەتلەسی مینور"دا وەرگێڕانەکەی تیۆریا گەردوونیە نوێیەکانی لەخۆگرتبوو، لەوانە تیۆریاکەی کۆپەرنیك، کە یەکەم جاربوو بەشێوەیەکی کورت بەڵام بە تورکی بخرێتەڕوو[٢].

بێجگە لە گرنگیدان بەدۆزینەوە جوگرافیەکان، لە ئەستەمبوڵ دا مەیلی ئاڕاستەیەك بۆ زانینی مێژووی ئەوروپا وەدەرکەوت. لەم ڕووەوە دەستنووسێك هەیە کە مێژوویەك لە سەرەتاوە تا ساڵی (١٥٦٠ز) لەخۆدەگرێت، هەروەها ئیبراهیم مەلهەمی (ساڵی ١٦٥٠ز. مردووە) کتێبێکی بەناونیشانی "مێژووی پاشاکانی ڕۆم و فەرەنگ" نووسیوە، بەڵام ئیبراهیم پاشا زۆر گرنگی نەداوە بە مێژووی جیهانی، بەڵام داوای ناسینی مێژووی نەیارودوژمنانی کردووە و ئەوەی بە کارێکی پێویست زانیوە[٣].

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل١٢٢.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل١٢٢.

[3] lewis. B: the use by muslim historians of non-muslim sources. Asia-Africa series of modern hstories. London. 1962. Vol. 4. PP.180-191

بەڵام حسێن هەزار فەن کە خاوەن کتێبی "کورتکردنەوەی بەیان لە یاساکانی بنەماڵەی عوسمان"، گرنگیەکی زۆر تایبەتی بە ئەوروپا داوە، پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ هەندێك لە ئەوروپیەکانی ئەستەمبوڵ دا پێکهێناوە لەوانە "ئەنتوان گالان"ی ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی. هەزار فەن مێژوویەکی گەورەشی نووسیوە ئەویش "جامع التواریخ"ە، کە تیایدا سەرچاوەی یۆنانی و لاتینی بەکارهێناوە، بەهۆی نەزانینی زمانیشەوە پشتی بەو وەرگێڕانانە بەستووە کە لە بابیعالیدا بوون[1].

لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا کتێبێکی گرنگ بە زمانی عەرەبی دەرچوو، ئەویش " جامع الدول"ی مێژوونوسی تورك "مونەجیم باشی"یە، کە لە ساڵی (١٧٠٢ز)دا مردووە، تیایدا چەند بەشێکی بۆ مێژووی وڵاتانی ئەوروپا تەرخانکردووەو لە نووسینیدا پشتی بە سەرچاوە ئەوروپیەکان بەستووە[2]. ناوبراو سەبارەت بە تێکڕای گەلانی فەڕەنگ و لەسەر پاشاکانی فەڕەنساو ئەڵمانیاو ئیسپانیاو تا سەردەمی لویسی سیانزەی پاشای فەڕەنساو لیۆپۆڵدی پاشای ئەڵمانیاو شارلی پاشای ئینگلتەرا قسەیکردووە. هەندێ سەرچاوەی تری لە بارەی هەندێ ڕوداوی ئەوروپی بەدەستهێناوە لەوانە جەنگی ناوخۆ لە ئینگلتەراو لە سێدارەدانی پاشا[3].

کەڵەکەبوونی ئەم زانیاریانەی لە میانەی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە لای عوسمانییەکان سەبارەت بە بارودۆخی ئەوروپا، وێنەیەکی لای چینی حوکمڕانی عوسمانی پێکهێنا. ئەم

---

[1] Menage, V. L: art. Husayn Hezarfenn. Ei2, Vol 3.P. 644.

[2] Lewis, B: the use by muslim: P: 187.

[3] هەمان سەرچاوە، ل١٨٧.

گرنگیدانـە، کـە عوسمانییـەکان لەسـەر ناوچـەکانی دەوروبـەریان و مێژووی وڵاتانی ئەوروپا پیشانیاندا، وێڕای ئەوەی سنووردارب‌وو، بەڵام بۆ موسڵمانەکان بەگشتی نوێ بوو. ئەم زانیارانە پلە بە پلە زەمینـەی بـۆ قبـوڵکردنی بیرۆکـەی باڵادەسـتی ئـەوروپی خۆشـکرد، کـاتێکیش لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی حەڤدەهەمـدا شکسـت ڕوویـدا، ئیـدی بـۆ کرانـەوە بـەڕووی ئـەوروپادا ئاقارەکـان دەرکـەوتن و زۆری پێنەچو ئاکامی هەستپێکراویان ئاشکرابوو.

## ئەوروپا وێنەی پێشکەوتن

کـارێکی سـەرەکیی کـە سـوڵتان ئەحمـەدی سـێیەم و وەزیرەکـەی ئیـبراهیم دامـاد پاشـا (١٧١٨-١٧٣٠) هـەوڵیان دا بـۆ بـەدیهێنانی، ئاشـتەوایی و هانـدانی شـاعیران و ئـەدەب دۆسـتان و پێکهێنـانی پەیوەندی بوو لەگەڵ پایتەختەکانی ئەوروپا، هەروەها شوێنکەوتن و لاسایکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و بیناسازیان بوو[١].

سوڵتان و وەزیری ناوبراو لەو بڕوایەدابوون، کە پێویستە سوود لە سیماکانی پێشکەوتنی ئەوروپی وەربگیرێت، بەتایبەتی لـە بـواری سـەربازی دا، لـەو سـۆنگەوە لـە ڕۆژگـاری حـوکمڕانی ئەوانـدا هـان و دنـەی بزاڤـی وەرگێـڕان لـە زمانـە ئەوروپیەکانـەوە دەدرا، ئیـدی

---

١ ئەم قۆناغە بە سەردەمی تەولیب ناسراوە، چونکە ڕواندنی ئەم جۆرە گوڵە گەشەیکردبووو، لەهەمان کاتدا هێمای گەشەکردنی شیعر و ئەدەب بوو. ( لە راستیدا شوێنی ڕاستەقینەی تەولیب دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی تورکیا واتە کوردستانی باشور و دەشتاییەکانی ئاسیا، عوسمانییەکان گواستیانەوە بۆ ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپراتۆریاکەیان، کۆشکی سوڵتانەکان و باخچەکانیانی پێ دەڕازێندرایەوە، وشەی "تەولیب"یش لە وشەی "تولبنت"وە وەرگیراوە، کە ئاماژەیە بۆ کڵاوەکەی سوڵتان، کە لەم گوڵە دەچێت، شایەنی هێما بۆکردنە تەولیب بایەخێکی بازرگانیشی هەیە، بەزۆری لەپیشەسازی بۆن و دەرماندا بەکاردەهێنرێت. —وەرگێر—)

ناوەکـــانی وەك "ئــەلبێرتی گـــەورە و ســـکووت ئیریجینـــاو تۆمـــا ئیکـــوینی" لـــە ئەســـتەمبوڵ، ئەگەرچـــی لـــە چوارچـــێوەیەکی بەرتەسکیشـدا بـوو، ناسـراوبوون[1]. ئیـدی بیرۆکـەی ئامـادەکردنی پرۆژەکانی ڕیفۆرمی سەربازی کارێك بوو قبوڵ دەکرا، بۆ نموونە ئەو پرۆژەی کە ئەفسەرێکی فەڕەنسی بە ناوی دو ڕوشفور De Rochefort لـە سـاڵی (١٧١٨ز) دا، بـۆ ڕیفـۆرمکردن لـە بـواری سـەربازی بـە ناونیشانی: "پرۆژەیەك لە پێناو پێکهێنانی گروپێکی ئەندازیاری بۆ ڕاژەکردنی بابیعالی" پێشکەشیکرد[2]. ئەگەرچی هـەل و مەرجـەکان بواری جێبەجێکردنی پرۆژەکەیان نەدا، بەڵام ئیبراهیم دامادی وەزیـر ویستی وابوو لە نزیکەوە سیماکانی پێشکەوتنی ئەوروپا ببینێت. هــەر بۆیــە لــە ســاڵی (١٧١٩ز)دا نێردراوێکــی بــەناوی موحەممــەد ئەفەنـدی نـارد بـۆ پـاریس و داوای لێکـرد، پـاش گەڕانـەوەی، لـە ڕاپۆرتێکـدا بـە وردی ئامـاژە بـۆ هـەر دام و دەزگایـەکی نـوێ یـا سـیمایەکی بیناسـازیی بکـات کـە شـیاون بـۆ ئـەوەی لـە وڵاتـی عوسمانیدا سوودیان لێوەربگیرێت[3].

نێـردراو دوای گەڕانـەوەی لـە سـاڵی دواتـردا، سـەبارەت بـە بینینەکانی لە پاریس کتێبێکی بەناوی "سەفارەتنامەی فەڕەنسا" تۆمـارکردوە[4]، بـەهۆی ئـەوەی لـە فـۆرمی کتێبێکـی گەشـتنامەدا بابەتەکـەی داڕشـتۆتەوە، هـەر لـە دەرچـونیەوە لـە ئەسـتەمبوڵ تـا

---

[1] -Adnan, A: La science chez les turcs.P.127

[2] Berkes. N: the development of secularism in Turky. Montreal. McGill Univ press. 1964. P.31

[3] هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

[4] لە پیشاندانی ئەم بابەتەدا پشتمان بەم وەرگێڕانە فەڕەنسیە کەوتووە:

- Relation de L”ambassade de Mehemed Efendi á la cour de France en 1720 á paris chez Ganeau 1757.

گەیشتنی بۆ پاریس و مانەوەی تیایداو سەرلەنوێ گەڕانەوەی بۆ دەرگای بەختەوەری، لە درێژدادڕی بەدورنییە.

هەروەها لە کتێبەکەیدا پێش گەیشتنی بۆ پاریس وەسفێکی شارەکانی فەڕەنسای کردوە: تۆلۆزی زۆر گەورەو ناسراو، بۆردۆی پڕ لەدانیشتوان کە لە نێو شارەکاندا وێنەی نییە، بواتییێ بە قەلاّ وێرانەکەیەوە، ئۆرلیان کە جوانترین شوێنەکانی فەڕەنسایە.

هەروەها موحەممەد ئەفەندی سەفیر سەرنجی نەریت و پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاوی داوە: "لە فەڕەنسادا پیاوان ڕێزێکی زۆر لە ژنان دەگرن... بەجۆرێك ژنان چییان بوێت دەیکەن... لە هەموو جێگەیەك ڕێز بۆ فەرمانەکانیان دادەنرێت، وتراوە کە فەڕەنسا بەهەشتی ئەوانە، چونکە بێ هیچ ماندوبوونێك دەژێن، ئەگەر ئارەزووی هەرچیش بکەن، بە ئاسانی بەدەستی دێنن".

لە پاریسدا نمایشیی سەربازیی و تیپە ڕێکخراوەکان سەرنجی ڕادەکێشێت "پێویستە ئەوە بڵێم کە تیپگەلێکی زۆر جوان و زۆر ڕەونەقدار و زۆر بەهێزم بینیوە".

لە نێوان ئەو مەسەلانەی لە وەسفکردنیدا قووڵبۆتەوە کۆشکەکانی پاشایەتییە، وەك ڤێرسای ومارلی و سان کلۆ و ئەوانیتر، لە ڕاپۆرتەکەیدا وەسفێکی سەردانەکانی کردووە بۆ هەندێ لە مانیفکتۆرەکان، لەوانە مانیفکتۆرەیەك بۆ دروستکردنی قوماش، کە (٥٥٠) کریکار کاریان تیاکردووە، یەکێکیتر بۆ دروستکردنی شوشە (١٠٠٠) کرێکار کاریان تیاکردووە. هەروەها باس لە سەردانی ئەو بنکە فەلەکەوانیە دەکات کە لویسی چواردە فەرمانی دامەزراندنی دەرکردوەو ئەستێرەناسێکی ئیتالی بەناوی کاسینی Cassini سەرپەرشتیکردووە، موحەممەد ئەفەندی دەڵێت: " بورجێکی گەورەی لە بەرد دروستکراو هەیە بەبەرزی سێ نهۆم، لە هەر

یەکێکیانـدا ژمارەیـەك ژوری پڕ لە ئامێر هەیە، کـە لـە ژمارە نایـەن، یـەکێکیان تایبەتـە بـە گـەردوون و دەستنیشـانکردنی ئەسـتێرەکان و هەنـدێکی تریـان بۆ ئاسانکردنی کارەکـان و ناسـینی مـانگی نـوێ و بەرزکردنـەوەی ئـاو لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە، هەنـدێ شـتی سـەیرو سەمەرەی تر، هەروەها زۆر کەرەستەی ئەندازیاریم بینـی... هـەروەها ئـامێرێکی تـازە داهێنـراوم بینـی بـۆ ئاگـاداربوون لـە خـۆرو مـانگ گـیران... هـەروەها سـەفیر لـە ڕاپۆرتەکەیـدا دەڵێـت: "کاسـینی ئـەو ئەستێرەناسـە مەزنـە پێش ئـەوەی دۆزینـەوەکانی تـەواوبکات مـرد، بەڵام لە پیشەکەیدا کوڕەکەی شوێنی گرتۆتـەوە.. ئـەو مەسەلانەشـی پیشاندام کە باوکی لە بارەی ڕەخنـەگرتن لە تابلۆکانی بـەتلیمۆس ئامـادەیکردبووو. لـە ڕاستیشـدا ئـەم تابلۆیانـە لـە کتێبخانەکـەی سـوڵتاندا تـا سـاڵی (١٧٧١ز) بـێ وەرگێـڕان مایـەوە، لـەو سـاڵەدا وەرگێردرا بۆ زمانی تورکی.

لـە نـاو ئـەو شـوێنانەی نـاوبراو سـەردانیکردوون، کەنیسـەی نۆتردامـە کـە لـە ناوەڕاسـتی پاریسـدا بـووە، هـەروەها ئۆپێرایـە کـە دیمەنـە جوانـەکانی تێـدا نمایشـدەکرا و ژمارەیـەکی زۆری خـەڵك بـە بەردەوامی بۆ بینینی دەهاتن.

موحەممەد ئەفەندی بە گشتی سەرنجەکانی خۆی لەسـەر پـاریس خستۆتەڕوو، کە پێیوایـە لـە دوای ئەسـتەمبوڵ بـێ وێنەیـە، هـەردوو شاریشی بەراوردکردووە و ئەوەی تێبینیکردووە کە: "بەهیچ جۆرێك ئـەوە ڕاسـت نییـە گوایـە پـاریس لـە ئەسـتەمبوڵ گـەورەترە... تـەنها ئەوەیـە لـە دەشـت و دەردا ژمارەیـەکی زۆرتـری خـەڵك دەبینرێـت، چـونکە ئافرەتـان بـەهیچ چەشـنێك لـە ماڵـدا خۆیـان نـاگرن.. ئـەم تێکەڵبوونەی پیاو و ژن لە شارەکەدا پڕ دانیشتوانتر پیشانیدەدات کە لە واقیعدا وانیە".

گەشتەکەی موحەممەد ئەفەندی بۆ پاریس لە گەیاندنی دیمەنی پێشکەوتنەکانی ئەوروپا بۆ ئەستەمبوڵ ڕۆڵی گەورەی گێڕا. گرنگیدانی موحەمەد ئەفەندی و چینی حوکمڕانی عوسمانیش کە بەقسەیان دەکرد، ئاراستەی دوو مەسەلە کران: ڕێکخستنی سەربازی و پەرەسەندنی چەك و تفاقی جەنگی لە لایەك و پێشکەوتنی بیناسازی لە لایەکی تر. لە حەقیقەتدا ڕاپۆرتەکەی ناوبراو دیمەنێکی وردی لەسەر بیناسازی لە پاریسدا بە گشتی پیشانداوە، بەتایبەت ئەوەندەی پەیوەندی بە بیناکردنی کۆشکەوە هەیە ئەوا چالاکیی سوڵتان و وەزیرەکەی بۆ لاسایکردنەوەی بیناکردنی کۆشکە فەرەنسیەکان لە دەرەوەی ئەستەمبوڵ و ئارەزووو بۆ ژیانی خۆشگوزەرانی و بەرخۆری دەستیپێکرد، ئەوەبو لە ساڵی (١٧٣٠ز)دا کۆتایی سەردەمەکەی لەگەڵ خۆی هێنا، پاش ڕاپەڕینێکی ناڕەزایی کە چینی گشتی لە پایتەختدا ئەنجامیاندا.

## تێگەیشتن لە تەکنیك

یەکێك لە ئاکامەکانی گەشتەکەی موحەممەد ئەفەندی بۆ پاریس هێنانی چاپخانە بوو بۆ ئەستەمبوڵ، کە بوو بە یەکەم چاپخانەی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامیدا. کردنەوەی چاپخانەکە مەسەلەیەکی ئاسان نەبوو، زنجیرەیەك ئامادەکاری دەویست، بۆ قایلکردنی بەرپرسان، لەوانە "شەیخولئیسلام" و پیاوانی ئاینی، دەربارەی سوودەکانی دانانی چاپخانە لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا، ئەوەبوو ئیبراهیم موتەفەڕیقە لە ساڵی (١٧٢٦ز)دا سەبارەت بە گرنگی هێنانی ئەم هونەرە بۆ وڵاتی عوسمانی لەژێر ناونیشانی "کەرەستەی چاپەمەنی" نامەیەکی بۆ سەدرولئەعزەم و شەیخولئیسلام بەرزکردەوە، تا شەیخولئیسلام ڕەزامەندی پیشان

نـەدا، فـەرمان بـۆ كردنـەوەی چـاپخانەكە دەرنەچـوو، مەرجیشـی ئەوەبو، نابێت كتێبە ئایینیەكان بە هەمو لقەكانیەوە پیٚ چاپبكرێت، بۆ سانسۆركردنی بڵاوكراوەكـانی چاپخانەكەش دوو كـەس دانـران. ئەو كەسـەش بۆ بـەڕێوەبردنی كارەكـانی چـاپخانەكە دانـرا، ئیـبراهیم موتەفەڕیقە خـۆی بـوو، كـە كەسـایەتیەكی لێهـاتوو فـرە بـەهرەبو، لـە نیوەی یەكەمی سەدەی هەژدەهەمدا ڕۆڵێكی گرنگی گێڕاوە بەتایبەت لـە بـواری بانگهێشـتكردندا بـۆ نوێبوونـەوە و كرانـەوە بـەڕووی ڕۆژئاوادا[1].

ئیبراهیم موتەفەڕیقە لە كلوژ (Cluj) كە ناوچەیەكە لە ترانسلڤانیا لە دایكبـووە، نـاوی ڕاسـتەقینەی خـۆی و خێزانەكـەی نادیـارە، بەڵام پێدەچـێت سـاڵی لـەدایكبوونی بكەوێتـە نێـوان سـاڵانی (١٦٧٠-١٦٧٤ز). هەرچی ساڵە بەراییـەكانی هەرزەكارییـەتی، پێدەچێت بـەم جۆرەبێت: لە یەكێك لە شەڕەكاندا بە دیلـی كـەوتۆتـە دەسـت سـوپای عوسمانی و وەك كۆیلـەیەك فرۆشراوە، بـە تـەواوی و وردی نـەزانراوە كـەی موسـڵمان بـووە یـان بەچـی چەشـنێك ڕۆشـبیرییە ئیسـلامییە بەراییـەكانی وەرگرتـووە، بـەڵام لـە كاتێـك لـە كاتەكانـدا لـە حكومـەتی عوسمانیـدا ڕاژەی كـردووە و دواتـر قۆنـاغ دوای قۆنـاغ گەیشـتۆتە پلەی موتەفەڕیقە. پێدەچێت ئیبراهیم لە خێزانێكی هەنگاری سەر بـە ئـاینزای یەكتاپەرسـتی ( Unitarianisme ) بوویێـت، كـە لـە زێـدی خۆیدا بەربڵاوبوو[2].

---

[1] بۆ زانیاری تێر و تەسەل لەسەر چاپخانە بگەڕێوە بۆ ئەم سەرچاوانە:

Brekes. N: The Development of secularism ….

Lewis. B.the emergence of modern Turkey.

Toderini: de la literature des turkey.

[2] Berkes. N: art, Ibrahim Muteferqa Ei2 Vol. 3.P1021

یەکەمین نووسینەکانی ئیبراهیم (نامە ئیسلامیەکان) بوو، کە تیایدا باس لە گواستنەوەی خۆی دەکات لە ئایینی مەسیحییەوە بۆ سەر ئایینی ئیسلام، لە چوارچێوەی باسەکەیدا ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی کاتۆلیك و پاپا کردووە، هەروەها بڕواکانی بە سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر کاتۆلیکیدا لە ئەوروپا پیشانداوە، ئەم نامەیە کە پێدەچێت لە ساڵی (١٧١٠ز)دا نوسرابێت، هیچ بیرۆکەیەکی تایبەتی سەبارەت بە ڕیفۆرمکردنی دام و دەزگاکانی عوسمانی تیا نییە[١].

ئیبراهیم دوای نووسینی ئەم نامە بەچەند ساڵێك ئەرك و بەرپرسیارێتیە کارگێڕییەکانی دەستپێکرد، چەندین ئەرکی دیپلۆماتی پێسپێردراوە، لەوانە لە ساڵی (١٧١٦ز)دا بۆ گفتوگۆو سازش لەگەڵ میر ئۆجین ڕەوانەی نەمسا کراوە، هەروەها لە ساڵی (١٧٢٠ز) دا نێردراوە بۆ بەلگراد، لە ساڵی (١٧٣٧)دا بۆ کییف و لە ساڵی (١٧٤٣ز)یشدا بۆ داغستان[٢].

بەڵام ناووناوبانگی ئیبراهیم موتەفەڕیقە ناگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵە دیپلۆماتکارانەکەی، ئەوەندەی پەیوەندەی بە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یەکەم چاپخانەوە هەیە لە جیهانی ئیسلامیدا، کە وەك بڵاوکەرەوەو پۆلێنکارو وەرگێڕو نووسەر کاری تیاکردووە، شایەنی وتنە شارەزایی لە چەند زمانێکی ئەورووپیدا لەوانە فەڕەنسیی و ئیتالی و هەنگاری، یارمەتیدەری بوون بۆ بینینی ئەو هەمو ڕۆڵە.

کاری چاپخانەکە لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی (١٧٢٨ز)دا تا مردنی ئیبراهیم موتەفەڕیقە لە ساڵی (١٧٤٥ز) بەردەوام بوو، لەو ماوەدا چەندین کتێبی زانستی و زمانەوانی و مێژوویی بڵاوکردەوە لەوانە: کتێبێکی زمانەکان، فەرهەنگێکی عەرەبی-تورکی بوو، لە

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل١٠٢٢

[٢] هەمان سەرچاوە، ل١٠٢٢

دوو بــەش و (١٤٢٢) لاپــەڕە پێکهــاتبوو، لــە ســاڵی (١٧٢٨ز)دا، ناوازەی گەورەکان، کە تایبەت بوو بە جەنگە دەریاییەکان، لەگەڵ نەخشــەکانی حــاجی خەلیفــەدا، لــە ســاڵی (١٧٢٨ز)دا. مێــژووی داگیرکاریی ئاغاخانەکان کە لە زمانی لاتینییەوە کرابووە تورکی، لە ساڵی (١٧٢٩ز)دا. کتێبی مێژووی دورگەکانی هیندی ڕۆژئاوا یان ئەمــەریکا، پێکهــاتبوو لــە (٩١) لاپــەڕە، لــە ســاڵی (١٧٣١ز)دا. سوودەکانی قیبلەنما لە ٢٣ لاپەڕە پێکهاتبوو، لە ساڵی (١٧٣١ز)دا. کتێبی ئاوێنەکانی جیهان لە نووسینی حاجی خەلیفە (٦٩٨) لاپەڕە بوو، لە ساڵی (١٧٣٢ز)دا. مێژووی ڕەشید ئەفەندی لە ساڵی (١٧٤٠ز)دا. فەرهەنگی تورکی فارسی، لە ساڵی (١٧٤٢ز)دا[1].

ئەمە گرنگترین کتێبە چاپکراوەکان بوو لە یەکەم چاپخانەی ئەستەمبوڵدا، کە دەتوانین بە گوێرەی بابەتەکانیان بۆ سێ بەش پۆلێنیان بکەین: کتێبە مێژووییەکان کە لە ڕووی ژمارەوە بە پلەی یەکەم دێن، پاشان کتێبە جوگرافییە زانستیەکان، کە پەیوەندیان بە هونەری سەربازیەوە هەبوو، ئینجا فەرهەنگە زمانەوانیەکان لەوانەش بەشێوەیەکی تایبەت فەرهەنگی تورکی–فەڕەنسی کە بڵاوکردنەوەی ئارەزووی ڕاستەقینەی بۆ کرانەوە بەڕووی ئەورووپا و زانستە نوێکاندا پیشاندەدا.

لە دیارترین کتێبەکانی چاپخانەکە کتێبێك بو پێکهاتبوو لە (٩٦) لاپەڕە کە لە نووسینی خودی ئیبراهیم موتەفەڕیقە بوو، کتێبەکە بەم ناوەوە بوو "بنەماکانی حوکمڕانی لە سیستێمی گەلاندا" کە لە ساڵی (١٧٣١ز)دا بڵاویکردۆتەوە[2]، دەتوانین ئەم

---

[1] ناوی سەرجەم کتێب و ڕاڤەکردنەکانی لەم سەرچاوەدا هەنە:

T0derini: de la litterature des turcs tome 3.

[2] پشت بەم وەرگێرانە فەڕەنسییە بەستراوە:

کتێبە بە یەکەم هەوڵی تیۆریی دابنێین کە لەم بوارەدا نوسراوە، تیایدا نووسەر داوادەکات سوود لە زانست و تەکنیکە نوێکانی ئەوروپا وەربگیرێت، هەروەها داوای ئەوەدەکات سوپای عوسمانی بە گوێرەی شێوازە تازەکان ڕێکبخرێتەوە.

نووسەر کتێبەکەی بۆ چوار بەش دابەشکردووە، کە بریتین لە: بەشی یەکەم باس لە پێویستی نەزم و دیسپلین و سوودەکانی دەکات، بەشی دووەم بە کورتی باس لە سوودەکانی لێکۆڵینەوەی جوگرافیایی دەکات، بەشی سێیەمیش باس لە فۆرم و شێوازەکانی سوپای مەسیحی و ڕێساکانی سیستمی چاودێرییان دەکات و هەروەها سیستێمی سەربازیی تۆمارکراوو جێبەجێکراو لە جەنگەکانیاندا دەخاتەڕو.

سەرەتا باس لە ڕەوشی دانانی کتێبەکەی دەکات، پێدەچێت نووسەر وەك لە پێشەکیەکەیدا ئاماژەی پێداوە "بنەماکانی حوکمڕانی" لە قۆناغی خۆدابڕینێکی کاتیدا نوسیبێت. زیاتریش پێدەچێت دانانی هاوکات بێت لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینەی کۆتایی بە حوکمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم هێناو و مەحمودی یەکەمی هێنایە سەر تەخت. دەڵێت: " بەوجۆرە چومە خەڵوەتەوە و لە تاریکی تەنیایدا خۆمم دایەدەست بیروخەیاڵەوە و تامی ئاسوودەیی دەروون و بەهەشتی ژیانی تایبەتم کرد. تا دەرکەوتنی خۆری سوڵتانی بنەماڵەی عوسمانی لە ساڵی (١١٤٣ك/١٧٣٠ز)دا، ئیدی زەینی خۆمم بینییەوە ڕۆشناو پڕ لە بیرو ئاوەز، چەشنی دڵی پڕ لە ژان بەهۆی بینینی ئەو تاوانانەوە بەدرێژی ئەو ساڵە و بەهۆی ئەو کارەساتانەی لە پڕێکدا یەخەی دەوڵەتی عوسمانیان گرت".

---

Traite de La tactaque. A Vienne 1769

ئەو سوڵتانەی کە نووسەر هێمای بۆکردووە سوڵتان مەحمودی یەکەم (١٧٣٠-١٧٥٤) بوو، کە دوای ڕاپەڕینێك بەڕێبەرایەتی ئینکیشاریەکان، کە تیایدا سوڵتان ئەحمەدی سێیەم و وەزیرەکەی ئیبراهیم داماد کوژران، هاتە سەر عەرش[١].

ئەگەر ئەوە ئەو دۆخە بێت کتێبەکەی تیا نووسیوە، ئەوا هۆکارەکانی نووسینەکەی بەم شێوە باس دەکات: "لەو ماوەدا بیرم چوو بۆ هۆکارەکانی ئەم شۆڕشە و کەوتمە لێکۆڵینەوە لە بناغەی خراپیەکان.. بەهەڵەدا نەچووم گەر ئەم ئاکامانە لە خراپ بەکارهێنانی دام و دەزگاکانی دەوڵەت و کەمتەرخەمی وەزیرو گەورە بەرپرسان و ڕانەپەڕاندنی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانیاندا کورتبکەمەوە.. جێی خۆیەتی بگەینە ئەو بڕوایەی کە نیشانەکانی بێهێزیی لە جەستەی دەوڵەتدا و سیماکانی لاوازی لە هێماکانی داتەپین و هەڵوەشانەوە زیاتر هیچی تر نین".

بێگومان ئیبراهیم موتەفەڕیقە لە کتێبەکەیدا بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی داتەپینی دەوڵەتەکەیان هەمان ڕێبازی بیرمەندە عوسمانییەکان دەگرێتەبەر، بەڵام شتێکی نویٚ زیاددەکات، کە لای ئەوانەی پێش خۆی دیار نەبوو، دەڵێت:" بەهێزترین پاڵنەرم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، کە لە تواناو سنووری عەقڵی مندا نەبوو ئەوەیە، ئەگەر ئەم گەلە مەسیحییە قێزەونە (مەبەست ئەوروپیەکانە)، لە ڕووی ژمارەو سروشتی جەستە و عەقڵەوە بەراورد بە موسڵمانەکان خاوەن ڕەگەزێگی کەساس بن، بەڵام ئەوەتانیٚ چەند ساڵێکە بە تەواوی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، تەنها چەند

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل٣٧.

هەرێمێکیشیان کۆنترۆڵ نەکردووە، بەڵکوو چەندین جار بەسەر عوسمانییەکاندا سەرکەوتوون ".

دەرکەوتنی میکانیزمی ئەوروپی لای ئیبراهیم موتەفەڕیقە خاڵێکی نوێ بوو بۆ ئەوەی هۆکارەکانی داتەپینی عوسمانیی پێ ڕاڤەبکات. لەم سۆنگەوە ڕێبازی چارەسەرکردنی قەیرانەکەی بە جۆرێکی تر داڕشتەوە، ئەم مەسەلەیە لە بەشەکانی کتێبەکەدا هەروەها لە میانەی سەرچاوە و بابەتەکانیدا کە نووسەر بۆ نووسینی کتێبەکەو تەواوکردنی کارەکەی بەکاریهێناون، هەستپێدەکەین، دەڵێت: " زمانی لاتینی کە لای من نامۆ نییە، لەم هەوڵەدا زۆر یارمەتیدام، چونکە لە میانەی ئەو زمانەوە توانیم زانیاری ناو ئەو کتێبانە کۆبکەمەوە کە مێژووی ئەو گەلانەی لەخۆگرتووە، هەروەها بگەڕێمەوە سەر ئەو کتێبانەی دەربارەی هونەری جەنگن، هەروەها گەڕامەوە سەر ژمارەیەك نامەی پەیوەندداربە تەکتیك و دامەزراوە سەربازیەکان و فۆرمی نەزم ودیسپلینیان لە شەڕەکاندا.. هەر لە میانەی زمانی لاتینییەوە توانیم بە ئەزمونی تێکڕای گەلان ئاشنابم..".

موتەفەڕیقە کتێبەکەی بەوە دەستپێدەکات، کە دەسەلاّت بۆ کۆمەڵگاکان پێویستن "گرنگی بوونی فەرمانڕەوا لەناو خەڵکاندا" دەڵێت: " دەبوو ئادەمیزاد بۆ فریادەڕەسێکی هاوبەش بگەڕێت، لێرەوە ئارەزووی بۆ کۆبوونەوە و هاریکاری پەیدابوو، بەهۆی بێتواناییان لە خۆبەڕێوەبردندا تاوێك پەیامبەرو تاوێك مژدەبەریان بۆ ڕەوانەدەکرا تا ئەو یاسانەیان بۆ دابنێت کە لە شارەزابوونیانەوە بۆ جێبەجێکردنی دادوەری سەرچاوەی گرتبوو". هەروەها دەڵێت: " بەگوێرەی ئەم ڕێکخستنە دەبینین گەلان لە فۆرمی عەشیرەت و نەتەوەکاندا بەسەر زەویدا بلاّوبوونەوە. هەر گروپێکیان سەرۆکێکی

هەڵدەبژارد، ئیدی لەوێوە دەوڵەتە زۆر و زەوەندەکان لەسەر زەوی پێکهێنران و خەلیفەو ئیمپراتۆر و سوڵتان و سیزارەکانیش دەرکەوتن..."

نووسەر مەبەستی بوو لە باسکردنی ئەم مەسەلەدا هێما بۆ جیاوازییەکانی فۆرمی حوکمڕانی لە جیهاندا بکات. بەڵام کاتێك دێتە سەر باسی فۆرمەکانی دەسەڵات، ئەوا لە سێ جۆردا کورتیدەکاتەوە. بەگوێرەی بۆچوونی سێ لە دیارترین فەیلەسوفە دێرینەکان: فۆرمی ئەفلاتۆنی کە بۆچوونی وایە پێویستە پاشایەکی دادپەروەر و ژیر دەوڵەت بەڕێوەببات. ئەم جۆرە لە دەوڵەت لە زمانە لاتینیەکاندا یان یۆنانیدا پێیدەوترێت "مونارشی" یان پاشایەتی و زۆربەی ولاّتانی جیهان بەم ڕێبازە بەڕێوەدەبرێن. فۆرمی ئەرستۆیی بە گوێرەی ئەم فۆرمە پێویستە دەسەڵات بدرێتە دەست گەورە پیاوانی دەوڵەت، بەزمانی فەیلەسوفەکان بەم جۆرە دەوترێت (ئۆرستۆکراتی)، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کۆماری بووندوقییە ئەم فۆرمە لە دەسەڵات پەیڕەودەکات. لە کۆتایشدا فۆرمی دیموکراسی دێت، لەم فۆرمەدا دەسەڵات لای گەلە بۆ ئەوەی زوڵم و ستەم بسڕێتەوە، ئەم جۆرە لە دەسەڵات لە ئەمڕۆدا لە هۆڵەنداو ئینگلتەرا پیادەو جێبەجێدەکرێت.

وەك بڵێی خولیای سەربازیی تاکە بابەتە هەوڵ و تەقەللای بۆ دەدات، لە سەرجەم لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا جەخت لەم بوارە و ئەو لقانەی پابەندن یان لقێکن لەم بوارە، دەکاتەوە. لەژێر ناونیشانی: ئاشکراکردنی پێداویستی دەوڵەتان لە ئاشکراکردنی ئەحکامەکانی دەوڵەتەکەیاندا و مانەوەی نەزم و دیسپلینی دۆخیان تا ڕێکخستنی لەشکرەکەیان، دەڵێت: "سوپایەك پابەندبێت بە ڕاژەکردنی میرو دەوڵەتەوە، ئامادەی فەرمان بێت و بەئامرازی باش و هونەری جەنگ

تـەیارکرابێت، سـەرجەم چـەکەکانی بـەرگریکردن و هێرشـبردنی بـۆ دابینکرابێـت، ئەمـە ئـامرازی سـەرەکی بـەهێزیی دەوڵـەت و هـەموو پێشکەوتنێك و پاراستنی وڵاتەکەشە.

هەروەها دەڵێت:" موسڵمانەکانیش هێـزی خۆیـان هـەبوو، لەگـەڵ دەرکـــەوتنی بنەماڵـــەی عوسمانیـــدا بازوویـــان پتـــەوبوو، ڕۆحـــی سەربازیشیان بەرزبووەوە و تێکڕای زەویان داپۆشی.. بەڵام لە دوای پاشەکشـێیکردنی زیرەکییـان، ئـەم هێـزە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لاوازبوو. ئەرکی تێکڕای ڕەعیەتـە گـەورە و خەڵکـە عەوامەکەیشـە لـە هۆکارەکانی ئەم گۆڕانە خراپە بکۆڵنـەوە و بنچینەکانی ئـەم لاوازییـە دەستنیشانبکەن و بچنە سەر ئەم مەسـەلە گرنگـە.... بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەچارە بـۆ ئـەم بابەتـە ئـاڵۆزە پێویسـتە بـەوردی شـێوازی نـوێی جـــەنگیی دوژمـــن دەستنیشـــانبکرێت و بـــەقوڵی لێکۆڵینـــەوەی لەسەربکرێت، ئەوکات بنـەمای هەڵەکـە و سەرچاوەی ناتەواوییـەکان لـە بنکـە سـەربازیەکانماندا بـۆ هـەموان ئاشـکرادەبێت... پێویسـتە شـارەزایی لـە پرنسـیپ و ڕێسـا تـازە داهێنراوەکـان پەیـدا بکـەین و پەرەیانپێبـدەین، ئەوانـەی لـە لایـەن سـوپای پاشـاکان و نەتـەوە مەسـیحییەکانەوە بـەکاردەهێنرێن و پلـە بـە پلـەو بەئاگاییـەوە پەرەیانپێـدراوە و بەدۆزینـەوەی ئـامرازو چـەکی نـوێی تـەواو جیـاواز لـەوەی لـە کۆنـدا هـەبوو سـازو ئامـادەکراوە، لـەم ڕووەوە پێویسـتە مەشق بە خەڵکی ژێر بکەین".

یـەکێك لـەو زانسـتانەی کـە بایـەخێکی تایبـەتی پێـداوە زانسـتی جوگرافیایـە، بـەگوێرەی موتەفەڕیقـە بـەبێ شـارەزایی لـە جوگرافیـا جەنگەکان نابرێنەوە، دەڵێت: "لـە هەقیقەتـدا جوگرافیـا ئاوێنەیـەکی ڕوونە، تیایدا بە یەك نیگاو بەڕوونی هەموو گەل و نەتـەوەکانی گـۆی زەوی دەبینین.. گەلانی ئیمانداری یەکتاپەرست، و پـەرش و بڵاو بـە

شوێنە جیاوازەکاندا، لە میانی ئەم ئامرازەوە (جوگرافیا) ئاگاداری یەك دەبن و سەرلەنوێ خۆیان کۆدەکەنەوەو تواناکانیان یەکدەخەنەوەو بۆ بەگژاچونەوەی زوڵم و ستەمی بێبڕواکان (ئەوروپیەکان) یەکێتیەك پێکدێنن.".

لە گەورەترین بەشی کتێبەکەیدا موتەفەڕیقە بەدرێژی باس لە فۆرمەکانی ڕێکخستنی سوپای مەسیحی لە شەڕەکان و جۆری چەکە بەکارهاتووەکان و جۆری سەنگەرسازی و سەرچاوەکانی بڕیارو فەرمان دەکات.. هتد، تا دەگاتە کۆتایی کتێبەکەی لەویادا ڕووسیا دەکاتە نموونە، کە چۆن چەند ساڵێك لەوەوبەر لە شەڕێکی یەکلایکەرەوەدا بەسەر عوسمانییەکاندا سەرکەوتون، تێبینی ئەوەش دەکەین نووسەر بابەتیانە ئەزمونی "مۆسکۆ" یان ڕووسەکانی هەڵسەنگاندووە، دەڵێت: " بەسوودە تێبینی ئەوە بکەین، مۆسکۆ پێشتر لە گەلێکی کەساس زیاتر هیچی تر نەبوون.. توانای بەگژاچونەویان لەگەڵ هیچ سوپایەکدا نەبو.. بۆیە پاشەکشێیان کرد بۆ شوێنێکی دووری گۆشەیەکی زەوی لە ئاووهەوایەکی سەهۆڵبەنداندا... لەم هەل و مەرجەدا بوون کاتێك قەیسەرێکی بەهرەدار و شارەزا لە کاروبارەکانی حوکمڕانی و دەوڵەتانی تر لە نێویاندا هەڵکەوت، ئەوەبوو لە فۆرمی سیستێمی سەربازی و پرنسیپی حکومەتەکانیان و بەڕێوەبردنی کاروبارە مەدەنی و سیاسییەکانی کۆڵیەوە، دوای ئەوەی سوپای پیادەی لەسەر شێوازی دەوڵەتە ئەوروپیەکان ڕێکخست.. بینیی هیچ لایەك دەستی بەسەر دەریاچەی قەزویندا نەگرتووە، پلانی دانا بۆ دەست بەسەراگرتنی و لە بەندەرەکانیدا کەشتی و پاپۆڕی بوونیادنا، بە بڕوبیانووی ئەوەی گوایە بازرگانی لەگەڵ وڵاتی فارسدا دەکات، ئەندازیاری لە وڵاتانی جیاجیاوە بانگهێشتکرد، نەخشەی وردیان

لەسەر وڵاتە دراوسێکان بۆ دانا، بۆ ئەوەی لە جەنگەکانیدا دژ بە فارس و داغستان و هەرێمە دراوسێکانی ڕێنمایی بکەن".

ئیبراهیم موتەفەڕیقە لە چوارچێوەی باسکردنیدا بۆ یاساکانی ئەوروپا سەرنجی ئەوەی داوە: "گەلانی مەسیحی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا یاسای پیرۆزیان نییە، کە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکومەتەوە هەبێت، واتە یاسایەکی خودایییان نیە لە ڕووی ئایینیەوە پێوەی پەیوەستبن، چی لە کاروبارەکانی یاسادانان و چی لە بڕیارە ئاڵۆزەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئەوان تەنیا بە یاسا مرۆییەکانەوە پابەندن کە دەرهاوێشتەی ڕۆشنایی عەقڵە بە تەنیا"[1].

ئیبراهیم موتەفەڕیقە یەکەم موسڵمانە لە فیکری ئەوروپی بە ئاگابێت و فیکری ئەوروپی ئەزمونکردبێت و کاریگەربوبێت پێی. بە بەردەوامی سەرسامی خۆی سەبارەت بە جەسارەت و چالاکیی ئەوروپییەکان پیشانداوە: "ئەم گەلە هەمیشە سوودمەندانە لە تەمبەڵیی موسڵمانەکان و گرنگینەدانیان بە ناسینی دوژمنەکانیان، زیاتر و زیاتر لە سنوورەکانمان نزیکدەبنەوە".

دەوڵەمەندبوونی کتێبەکەی موتەفەڕیقە لەڕووی فیکرییەوە، ئەوەی تێپەڕاندووە بە تەنها نمایشکردنێك بێت بۆ زانستەکانی ئەوروپا و پێشکەوتنەکانی، بەڵکو هەوڵێکە بۆ دورکەوتنەوە لە شێوازە سونەتیە باوەکانی بیرکردنەوەی عوسمانیی و نزیکبوونەوە لە بیرکردنەوەی ئەوروپی لەمەڕ مەسەلەکانی دەوڵەت و حوکمڕانی و زانستەکان. هەوڵیداوە جیاوازی لە نێوان گەنینی ئاینی ئەوروپییەکان و لە نێوان باشی و شایستەیی ئەو زانستانەی لەوانەوە

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٥٠.

دێــن و بەرهــەمی ئەزموونــە نوێیەکانیانــە، بکــات، لــەوەش زیــاتر بەگوێرەی ئیبراهیم موتەفەڕیقە (بیێڕوایی) ئەوروپیەکان بەربەرست نــەبووە لــە بەردەمیانــدا بــۆ گەیشــتن بــە پلەیــەکی بــالآتری هێــزو پێشکەوتن.

دەتــوانین بڵــێین کتێبــی "بنــەماکانی حــوکمڕانی لــە سیســتمی گەلاندا" یەکەم هەوڵی تیۆرییە لەم بوارەدا مەسەلەی سوودوەرگرتنی لــە زانســتە ســەربازیی و کارگێڕیــەکانی ئــەوروپاو پێویســتیی وەرگرتنی تەکنیکە تازە داهێنراوەکان وروژاندبێت.

# بەشی چوارەم
# هەوڵ و تەقەللاکانی ڕیفۆرم

بەهۆی خواست و ئارەزووی بۆ بیناکردنی کۆشك و فیرۆدانی سامان، سەردەمی ئەحمەدی سێیەم بە جۆرێك لە ڕاپەڕین تەواوبو[1]، لەڕاستیشدا پابەندبوونی ئەحمەدی سێیەم بە سیماکانی پێشکەوتنی ئەوروپاوە زۆر زیاتر بوو لە درککردنی بە مەغزاو بنچینەکانی ئەم پێشکەوتنە، جەودەتی مێژوونوس لەم ڕووەوە دەڵێت:" لەو ڕۆژگارەدا خواستی دەوڵەت بۆ چوونە سەر ڕێبازی مەدەنییەت و ئارەزووی بۆ ئامادەکردنی سوپایەکی ڕێکخراو سەریهەڵدا، بەڵام ئەوان سەرەکانیان جێهێشت و کلکەکانیان گرت، بەڵکو بێئەوەی تەماشای بنچینە بکەن، دەستیاندایە ڕازاندنەوەی بیناکان. چونکە ئەو لە بری هەوڵ و کۆشش بۆ تاقیکردنەوەی بازاڕەکانی پیشەو هونەر کە لە ئەوروپادا بڵاوبووەوە بە گەمژەکان هەڵخەڵەتاو ڕێبازی بەدمەسرەفی بەرنەدا... ئاکام لە ڕۆژگاری سەدارەتی (سەدرولئەعزەم) ئیبراهیم پاشادا ڕێگاکانی مەدەنییەت کرانەوە، لە "دارلسەعادەدا" پیشەسازی چاپەمەنی دامەزراند، بەڵام گەورە بەرپرسان نوقمی گەمژەیی بوون تا خەڵك دوری لێگرتن، ئەوەبوو ئاژاوە مەزنەکە سەریهەڵدا... پیشەسازی چاپەمەنی نەبێت لە ئەستانەدا هیچ نەمایەوە[2].

سەرباری ئەوەی هێزە کۆنەپارێزەکان توانییان کۆتایی بە سەردەمی ئەحمەدی سێیەم بهێنن، بەڵام جێگرەکەی مەحمودی یەکەم (١٧٣٠-١٧٥٤) پرۆژەکانی ڕیفۆرمی نەوەستاند، لە دەستپێکی سەردەمەکەیدا لە بواری کرانەوە بەڕووی زانستەکانی ئەوروپادا بۆ یەکەم جار هەندێ پەرەسەندن ڕوویاندا.

**دام ودەزگای نوێ**

دو بوونڤــال (١٦٧٥-١٧٤٧)ی فەڕەنســـیی پرۆژەیـــەکی بـــۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی ئەندازیاری پێشکەشکرد، پرۆژەیەکی تریش بۆ دروستکردنی بۆدییەکی نوێ بۆ تۆپ، هەردوو پرۆژەکەش خرانە بواری جێبەجێکردنەوە، کۆنت دو بوونڤال دوای ئەوەی بو بە موسڵمان ناوی ئەحمەد پاشای لێنرا، دواتریش بو بە یەکەم بەرپرس لەسەر یەکەم بۆدی تۆپی نوێی عوسمانیی، هەروەها لە هێنانی بۆدییـــەکی تایبـــەت بـــە پزیشـــکیی لـــە ســـوپای عوسمانیـــدا بەشداریکردووە[1].

دو بوونڤـال، کـە پـێش سـەقامگیربوونی لـە ئەسـتەمبوڵ وەك ئەفسـەرێك لـە سـوپای فەڕەنسـی و لـە سـوپای نەمسـادا خزمـەتی پێشکەشـکردووە، ڕۆڵێکـی سیاسـی لـە نزیـك چـینی حـوکمڕانی عوسمانیـدا گێـڕاوە، دەوڵـەتی عوسمـانی لـە پێویسـتی پێکهێنـانی هاوپەیمانێتیـــەکی تـــورکی- فەڕەنســـی ئاگادارکردۆتـــەوە، بـــۆ بەگژاچوونەوەی مەترسیی ڕووسـەکان کـە لەسـەر حیسـابی زەوی و زاری عوسمانییەکان خاکی خۆیان بەرفراوان دەکرد. بڕواشی وابوو بەبێ بشتبەستن بە هاوکاری ئەوروپا عوسمانییـەکان ناتوانن لەگەڵ نوێگەریی ڕووسیدا ڕوبەڕووببنەوە، ئەم هاوکاریەش دەبوو لە لایەن فەڕەنساوە بێت، بە بۆچوونی ئەو دەبوو پەرەپێدانـەکان لـە دەوڵـەتی عوسمانیـدا بەتـەنها بـواری سـەربازی نەگرێتـەوە، بـەڵکو بوارەکـانی ئابووریش بگرێتەوە[2].

---

[1] جب و بوون المجتمع الاسلامی والغرب، دار المعارف بمصر. ١٩٧١، ج١ ص٥٧.

[2] تاریخ جودت، ت. عبدالقادر الدنا،مجلد ١، بیروت ١٣٠٨ هـ ص٧٥.

هەروەها دو بوونڤال چەندین ڕۆڵی تری گێڕاوە لەوانە کاریگەری ڕاستەوخۆیی لەسەر هەندێ لە کەسایەتییەکان لە چینی فەرمانڕەوای عوسمانی لە میانەی ڕۆشنبیرکردنیان بە مەسەلە سەربازی و سیاسییەکان. دەربارەی سوودەکانی تەکتیکی نوێی سەربازی لە گۆڕەپانی شەڕدا وانەی بەپیاوانی دەوڵەت دەوتەوە، لەو ڕێگەوە پێویستی تێگەیشتن لە نەریتە دیبلۆماتیەکانی ئەوروپای بۆ دوپاتدەکردنەوە. لەم بوارەدا ڕاپۆرتێکی لەژێر ناونیشانی "هەندێ دۆخی مێژووی دەوڵەتانی ئەوروپا"[1] نووسیوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٧٣٣ز).

ئەحمەد پاشا بوونڤال لە سەرەتای ساڵی (١٧٣٤ز) وە تا مردنی لە ساڵی (١٧٤٧ز) لە کارەکەی کە سەرپەرشتی بۆدی تۆپی دەکرد بەردەوام بوو، وێڕای دورخستنەوەی بۆ ماوەی ساڵێك (١٧٣٨-١٧٣٩) لە سەردەمی یەکن موحەممەد پاشای وەزیردا،[2] دوای خۆیشی سلێمان ئاغای کوڕی بە سەرپەرشتی لەگەڵ فەڕەنسیەکی تردا بەناوی "لاتور" شوێنیان گرتەوە.

لەگەڵ ئەو دەستکەوتە سنووردارانەی کە بوونڤال بەدەستیهێنا، دەوڵەتی عوسمانی یەکەمین هەنگاوەکانی بەرەو نوێکردنەوەی دام ودەزگا سەربازییەکانی هاویشت، ئەمەش مانای شکاندنی بەربەستی گۆشەگیری و کرانەوەی دەگەیاند بەڕووی ئەویدیدا، لەو کاتەدا سیمای چینێکی نوێ لە ڕۆشنگەرانی عوسمانی، کە شارەزاییان لە زمانە ئەوروپیەکاندا هەبوو و خەونیان بە نوێکردنەوەی وڵاتەکەیانەوە دەبینی، گەڵاڵەدەبوو.

---

[1] B owen. H: art. Ahmed Pasha bonneval. Ei2 Vol 1, PP 300-301
Berkes, N: The Develpement of Secularism..pp.47-48

[2] هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

یەکێك لەو ڕۆشنگەرانەی کە بڕوایان بەکرانەوە هەبوو بەڕووی ئەوروپادا، ڕاغیب پاشای[1] وەزیر بوو، لە سەردەمی سوڵتان عوسمانی سێیەم (١٧٥٤-١٧٥٧) دا، کە کەسایەتی ئەو لەناو ئەستەمبوڵ دا سەرنجی میوان و شارەزایانی ئەوروپی ڕاکێشابو.

ڕاغیب پاشا کە فەرمانی وەرگێڕانی چەندین کتێبی لە زمانە ئەوروپییەکانەوە دەرکردبوو، لەوانە کتێبێکی ڤۆڵتێر سەبارەت بە فەلسەفەی نیوتن[2]، کتێبخانەیەکی گشتی و گەورەشی لە ئەستەمبوڵ دامەزراند، کە کتێبگەلێکی زۆری تێدابوو، لەوانە کتێبەکانی پزیشکی ئینگلیزی سیدنهامSidenham، کە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدرابوون[3]، ڕاغیب پاشا بۆ خۆی نووسەری چەندین کتێب بوو، یەکێك لە کتێبەکانی بەزمانی عەرەبی نوسیبو، ناوبراو کەسایەتیەکی سەرنجڕاکێش و سروشتێکی توندی هەبوو، هەروەها کەسێکی بەهرەدار بوو، لە پاڵپشتکردنی کرانەوە بەڕووی ئەوروپادا کاریگەری ئەو دیاربوو.

هەوڵ وتەقەللاکانی ڕیفۆرم لە سەردەمی موستەفای سێیەم (١٧٥٧-١٧٧٣)دا کە سوڵتانێکی چالاك بوو و مەیلی بەلای زانستە گەردوونیەکاندا دەڕۆیشت، بەردەوامبوو، هەندێ نێردراوی بۆ پایتەختەکانی ئەوروپا هەنارد، لە نێو ئەوانەدا نێردراوەکەی ئەحمەد ڕەسمی بوو، بۆ لای فردریکی دووەم، و بەتایبەت بۆ پرسیارکردنی نهێنی سەرکەوتنە سیاسیەکانی سەردانیکردبوو، پاشای پروسیا لەم ڕووەوە وەڵامەکەی بەم جۆرە کورتکردبووەوە: بە لێکۆڵینەوە لە مێژوو و سوودوەرگرتن لە ئەزمونەکان و خاوەنداریێتی بۆ سوپایەکی

---

[1] Lewis, B:The use by muslim of non – muslim sources P.187

[2] Bowen. H: art Ahmad Pasha, Bonneval. P. 301

[3] Grohamann, A:art Raghib pasha Eil suppl. PP. 194-195

بەهێزو ڕاهێنراو لە ڕۆژگاری ئاشتی و جەنگدا، پاراستنی پڕی خەزێنە[1].

موستەفای سێیەم ئەوەندەی ئاو لە شوێن بێڵی هاتبێت، کاری بەم ئامۆژگاریانە کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش بارون دو توت Le Baron de Tott ی ئەفسەری فەڕەنسی بەکارهێنا، کە حکومەتی وڵاتەکەی بەئەرکێکی تایبەت ناردبوویان بۆ ئەستەمبوڵ، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە دۆخی سەربازی عوسمانی لە کاتی جەنگ لەگەڵ ڕووسیادا، دو توت کە ڕێبەرایەتی ژمارەیەك ئەفسەری فەڕەنسی دەکرد، هەڵسا بە دروستکردنی تەنێکی نوێ بۆ هێزەکانی تۆپخانەو سەرلەنوێ تۆپخانەو گەنجینەی تفاقی جەنگی ڕێکخستەوە، هاوکاری دامەزراندنی قوتابخانەی دەریاوانی کرد، دو توت خۆی یەکەم کەسیش بوو کە کانەکانی خەڵوزی لە تورکیادا دۆزییەوە[2].

لە یاداشتەکانیدا دوتوت باس لە ئەزمونی خۆی دەکات لە ئەستەمبوڵ دا و باس لەو ڕەوشە دەکات تیایدا قوتابخانەیەکی نوێ بۆ ئەندازیاری کراوەتەوە، کاتێك سوڵتان موستەفای سێیەم لە لایەنگرەکانی ڕیفۆرم بووەو نەیارەکانیشی دژایەتی دامەزراندنی هەر دام ودەزگایەکی نوێیان دەکرد، لەو میانەدا باس لەوەدەکات چۆن بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی ناوبراو تەنها ئەمیان هەڵبژاردوە[3].

---

[1] Berkes. N: The Development of secularism P.50

[2] Todeini: de la literature des tures, T 2. 109

[3] Kral, E. Z: La transfarmaion de la turquie d"un empire Oriental en un etat moderne. J. W. H. (1958). P. 430

هەروەها دوتوت باس لە دۆخی زانستەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکات لە ئەستەمبوڵ و باس لە ئارەزووی قوتابیەکانی دەکات، کە بۆ زانینی زانستە نوێیەکان پیشانیانداوە، دەڵێت: "خاکیانە داوام لە فەرماندە کرد پێم بڵێت کۆی گۆشەکان لە سێگۆشەدا چەندە؟ زیرەکترینی قوتابییەکان بەسەرامەتەوە پێی وتم: ئەوە پەیوەندی بە سێگۆشەکەوە هەیە... بەڵام پێویستە ڕاستگۆبم و بڵێم دڵگەرمی و کەف و کوڵیان بۆ زانستەکان گەورەبوو، تێکڕایان داوایان کرد ببنە قوتابی خوێندنگە تازەکە"[1]. سەبارەت بەو پێشکەوتنانەی لە ماوەی خوێندندا بەدەستیانهێناوە دەڵێت: "لە ماوەی سێ مانگدا گەشتنە ئاستێك تیایدا هەر چوار حاڵەتی سێگۆشەی ڕاستەهێڵیان دەزانی"[2].

لە ڕاستیدا بەکارهێنانی دو توت دەرگایەکی فراوانی کردەوە بۆ هاتنەناوەوەی کاریگەرێتی ئەوروپا بۆ ناو ئەستەمبوڵ. تەنها بەکارهێنانی لەگەڵ ئەفسەرە یاریدەرەکانیدا بەڵگەبوون لەسەر گۆڕانی تێڕوانین بۆ مەسیحییەکانی ئەوروپا. بارون دو توت یەکەم مەسیحی بوو، بەبێ ئەوەی بێتە ناو ئیسلام، لە بوارێکی هەستیاردا بەکاربهێنرێت، خۆی تێبینی ئەوەی کردبوو: " لەگەڵ ئەوەشدا سوڵتان موستەفا لە ئاست جێبەجێکردنی یاسادا زۆر توندبوو، یان بڕیارەکانی ڕەها بوون، ڕێگەی بە ئیمانداران نەئەدا ڕاژەی مەسیحییەکان قبوڵبکەن.."[3].

---

[1] DE TOTT: Memoires survles tures et les tartars. 4 Parties, Amsterdam1785.

[2] هەمان سەرچاوە، ج١، ل٩٢.

[3] هەمان سەرچاوە، ل١١٦.

له سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم (١٧٧٣-١٧٨٩) دا کرانەوەیەکی بەرفراوان ڕوویدا، سەردەمەکەی چەندین هەوڵ و تەقەللای کارای بەخۆوەدیت بۆ چاکسازیکردن لە دام و دەزگا سەربازی و زانستییەکاندا[1]. بە تایبەتیش لە ماوەی وەزارەتی خەلیل حەمید پاشا (١٧٨٢-١٧٨٥)دا، ناوبراو پاڵپشت بەهاوکارییەکانی باڵوێزی فەڕەنسی توانی ڕیفۆرمی سەربازی ئەنجامبدات، ئەوەبوو ڕاهێنەرو ئەندازیاری هێنا و ئەرکی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی قەبارەو قاڵبی تۆپەکان گەنجینەی دەریاوانی پێسپاردن، هەر بەهاوکاری ئەم فەڕەنسییانە خوێندنگەیەکی بۆ ئەندازیاری دامەزراند، تیایدا مەعریفە نوێیەکان ئەوانەی پەیوەندیان بە هونەرە سەربازییەکانەوە هەبوو، دەخوێندران. سەبارەت بە هونەرە سەربازییەکان لە ماوەی ئەو قۆناغەدا چەندین کتێبی فەڕەنسی کراونەتە تورکی و لە چاپخانەی باڵوێزخانەی فەڕەنسیدا لە ئەستەمبوڵ چاپکراون[2].

ئەو باڵوێزەی فەڕەنسا کە حەمیدی وەزیر لە ڕاپەڕاندنی ڕیفۆرمەکانیدا پشتی بەتواناکانی بەستبوو، شوازل گۆفێیە (Choiseul Gouffier)ی جێنشینی دالامبیر بوو، لە ئەکادیمیای فەڕەنسی[3]، گۆفێیە لە ساڵی (١٧٩٤ز)دا وەك باڵوێزی فەڕەنسا لای بابیعالی دامەزراوە، بە یاوەری نێردراوێکی گەورە لە کەسی شارەزاو ئەفسەرو و شێوەکارو تۆبۆگرافناس و شاعیرو کرێکار هاتووە بۆ ئەستەمبوڵ، ئەمە ئەو نێردراوە وەبیردێنێتەوە کە لە پاش چوار ساڵ لەو مێژووە لە هەڵمەتەکەیدا بۆ سەر میسر یاوەری ناپلیۆن کردووە،

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١١٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١١٩.

[3] Cavid baysun M.art abd al.hamid, Ei2,Vol. pp.64-65

ئەمانە لەو ڕیفۆرمانەدا کە حەمیدی وەزیر ئەنجامیدان، ڕۆڵێکی سەرەکیان گێڕا[1].

لەو پرۆژانەی کە لە نێوان باڵوێزی فەرەنسی و وەزیر حەمیددا گفتوگۆی لەبارەوە کرا، پرۆژەی هەناردنی خوێندکاری تورك بوو بۆ پاریس بۆ فێربوونی زانستە مۆدێرنەکان، هەروەها گفتوگۆ سەبارەت بە وردەکاریەکانی کرا، وەك سەرەتایەکیش بڕیاردرا سی (٣٠) خوێندکار ڕەوانە بکرێن، بەڵام پرۆژەکە سەرکەوتو نەبوو، چونکە حەمیدی وەزیر کە هەوڵ و تەقەللاکان و هەڵپەکەی خۆپارێزی کۆنەپارێزەکانی وروژاند، لەو ماوەشدا کاری بۆ لادانی سوڵتانی پیر عەبدولحەمید و دانانی سەلیمی برازای کردبوو، ئەم کەف و کوڵ و دڵگەرمیە لە گۆشەنیگای کۆنەپارێزەکاندا جۆرێك بوو لە کوفرو ناسزایی، ئەوەبوو بە یەکێك لە پیلانە زۆرو زەوەندەکانیان لە ساڵی (١٧٨٥ز)دا کوشتیان.

زۆری پێنەچوو دۆخەکە پەرەیسەند، جەنگ لە دژی روسیا، کە هاوپەیمانی نەمسا بوو ڕاگەیەندرا، فەرەنسا بێلایەنی خۆی لەم جەنگەدا پاراست، بۆ سەلماندنی ئەم بێلایەنییە شارەزایانی وڵاتەکەی لە ئەستەمبوڵ ڕاکێشایەوە. بەڵام قۆناغی جەنگ کە بە "پەیماننامەی جاسی Jassy"[2] کۆتایهات، بۆ سوڵتانی داهاتوو، کە دواتر یەکەم پرۆژەی سەراپاگیر بۆ چاکسازی دام و دەزگا سەربازی و کارگێڕی و دارایی و فێرکاریەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕادەگەیەنێت، بە تەنها قۆناغی چاوەڕوانی بوو.

---

[1] Karal ,E.Z.la tanasformation de la turquie p.429

[2] Pingaud ,L:Choiseul gouffier , LA France en orient , paris 1887. p.95

**نیزامی نویٚ ( نیزامی جەدید )**

پـێش ئـەوەی سـەلیمی سـێیەم بچێتە سـەر تـەخت[1] لـە سـاڵی (١٧٨٩ز)دا، کاریگـەری فیکـری ئـەوروپی بـە شـێوەیەکی گشـتی و فەڕەنسی بە شێوەیەکی تایبەت لە ئەستەمبوڵ کاری خۆی دەکرد، ئەم کاریگەریانە لە ڕێگەی باڵوێز و شارەزاکانەوە کە بەشی زۆریان فەڕەنسـی بـوون، دەهاتـە نێـو پایتـەختی عوسمانییـەوە، گفتوگـۆو وانەکانیان لەگەڵ پیاوانی دەوڵەت و فێرخـوازانی زانستی عوسمـانی بەشداریان لە پێشکەشکردنی پرنسیپگەلێك لـە بیروباوەڕە باوەکـانی ئـەوروپای نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەهـەم دەکـرد. هـەروەها کاریگـەرێتی ئـەوروپا لـە ڕێگـەی خـودی نێـردراوە عوسمانییەکانـەوە ئەوانـەی ڕەوانـەی پایتەختـەکانی ئـەوروپا دەکـران و لـە نزیکـەوە ئاشـنادەبوون بـە سـیماکانی پێشـکەوتنی ئـەوروپی بـۆ نێـو وڵاتـی عوسمانی، دەپەڕییەوە.

سـوڵتان سـەلیمی سـێیەم، کـە بـە کـەش و هـەوای ڕیفـۆرم و بـە پێشکەوتنی ئەوروپا کاریگـەرو سەرسامبو، پێش ئەوەی لـە سـاڵی (١٧٨٦ز)دا، بچـێتە سـەر تـەخت، نێردراوێکـی بـۆ لای لویسـی شـانزەهەم ڕەوانـەکردبوو [2]، نێردراوەکـە ئیسـحاق بـەگ بـو، و فەڕەنسیەکی باشی دەزانی، نامەیەکی سوڵتانی داهاتووی بۆ پاشای فەڕەنسـا پێبـوو، کـە خـودی گـۆفێی بـاڵوێز لـە دارشـتنەوەیدا هاوکاریکردبوو. ئامانجی سەلیم جەختکردنەوە بو لەسەر پەیوەندیی دۆسـتانەی نێـوان هـەردوو وڵاتـی عوسمـانی و فەڕەنسـی و داوای هاوکاریی سەربازیشی کردووە لە دۆخێکدا ئەگەر پێویستبوو.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٨٤.

[2] بروکلمان: تاريخ الشعوب الاسلامية.ص٤٨٣.

له زەینی سوڵتاندا بە تەنها نەوەستان لەسەر پێشوازیکردن لە شارەزایان، ڕەوانەکردنی نێردراوەکان، پێویستی ئەنجامدانی بەرنامەیەکی چاکسازی سەراپاگیر بۆ دام و دەزگاکانی دەوڵەت، بیرۆکەیەك بوو جێگیر. بۆچوونێکی تریی هەبوو تەواوکەری ئەوەی یەکەم، ئەویش ئەوەبوو پێویستە ڕیفۆرم بەهاوکاری فەڕەنسا ئەنجام بدرێت. لە ڕاستیشدا بەرپابوونی جەنگ لەگەڵ ڕووسیاو کشانەوەی شارەزا فەڕەنسیەکان و گۆڕانی سیستێمی سیاسی لە وڵاتی فەڕەنسا لە ساڵی چوونە سەر عەرشیدا، هیچی لە بەرنامەکانی ئەم سوڵتانە نەگۆڕی.

یەکەم کاری سوڵتان لەدوای مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ڕووسیا لە ساڵی (١٧٩٢)دا، بانگهێشتکردن بوو بۆ ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری "مجلس مشورت" کە پلە پلەو پاش ماوەیەك پەرەیسەندو بوو بەدەستەیەکی حکومی و سەرجەم یاریدەرەکانی سوڵتان و دیارترین پیاوەکانی دەوڵەتی لەخۆدەگرت. شتێکی نوێ کە سوڵتان لە کاتی پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنەدا دایهێنا، بەشدارپێکردنی دوو کەسایەتی ناموسڵمان بوو تیایدا، یەکەمیان فەڕەنسیەك بوو بەناوی (Bertrand) و ئەوی تریان ئەرمەنیەك بو بەناوی (Mouradgea d Ohsson)، کە یەکێك بوو لە گەورە وەرگێڕەکانی باڵوێزی نەمسا لە ئەستەمبوڵ. ئەمانە لە میانەی گفتوگۆو پێشکەشکردنی پێشنیارەوە بەشداریان دەکرد، ئەمەی دواییان لەو بڕیارانەدا کە تایبەت بوون بە گرێدانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتە ئەوروپیەکان، ڕۆڵی خۆی گێڕاوە[١].

---

[١] سەبارەت بە قۆناغی سەلیمی سێیەم دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەم سەرچاوانە: تاریخ جودت، تاريخ الدولة العثمانية لـ هامر Hammer و بۆ مێژووی عاصی، ئەمەی دواییان

ئەم هەنگاوەی سەلیمی سێیەم زیاد لە مەغزایەکی هەبوو، بە ڕویەکدا بەڵگەبوو لەسەر تێپەڕاندنی ئەو یاسایانەی کە بەربەستبوون لە بەردەم بەکارهێنانی ناموسڵمانەکان لە کاروباری سیاسیی هەستیاردا، هەروەها خواستی پتەوکردنی کرانەوەو و بانگهێشتکردن بۆ دزەکردنی بیروباوەڕەکانی ئەوروپا بۆ ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، مەبەستی لەم کارە پێدەچێت ویستبێتی متمانەی وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەتی فەرەنسا بە ڕیفۆرمەکانی ڕابکێشێت.

لە نێو ئەنجومەندا بیرۆکەو ڕاپۆرتگەلێکی زۆر خراونەتەڕوو، کە ئەندامەکان بەشداریان سەبارەت بە گفتوگۆکردنی دەکرد، لە گفتوگۆکاندا جەخت لەو مەسەلانە کراوەتەوە کە پەیوەندییان بە داتەپین و گلۆربوونەوەی دەوڵەت و گەندەڵی کارگێڕییەکەی و ئیفلاسکردنی دارایەکەیەوە هەبوو، کە ڕاپۆرتی عوسمانییەکانی سەدەی حەڤدەهەم وەبیردێننەوە، چونکە مەسەلەکان کە دەخرانەڕوو، هاوشێوەبوون: سوپا، زانایان، دارایی، کارگێڕی. بەڵام پەرەسەندنی نوێ لەم ڕاپۆرتانەدا کە دەخرانە بەردەم سەلیمی سێیەم، بریتیبوو لە پێشنیازکردنی ڕێگەچارە، بەتایبەتیش کە پشتبەستن بە هاوکاریەکانی ئەوروپا لای هەندێك زەمینەبوون بۆ ڕاپەڕاندنی چاکسازیەکان[1].

---

مێژوویەکی بۆ دەوڵەت نووسیوەتەوە لە نێوان سالانی ١٧٩١-١٨٠٨. واتە تەواوی قۆناغی سەلیمی سێیەم بەتایبەتیش ئاماژە بۆ ئەم لێکۆڵینەوە نوێیە دەکەین.
SHAW,S.J :Between old new.the ottoman Empire under Selim III 1789- 1807 , Harvard univ , press. 1971

[1] سەبارەت بەم ئەرکەی ئیسحاق بەگ و نامە گۆڕینەوەکانی نێوان سەلیمی سێیەم و لویسی شانزە بڕوانە: munir pacha,S:Louis XVI et le Sultan salim R.H.D. 26, 1912 PP. 516-548

گفتوگۆکـان ڕاگەیانـدنی "نیزامـی جەدیـد"Nizam i-cedidی لێکەوتەوە (لە ساڵی ١٧٩٣.و.)، کە بریتیبو لـە کۆمـەڵێك تـەنزیمات، ئامانج لێی ئەنجامدانی چەندین ڕیفۆرم و چاکسازی بوو لـە هـەردوو بواری سەربازی و دارایدا[1].

پێدەچـێت خـودی تێرمەکـە "نیـزام جەدیـد" بـۆ پیشـاندانی ئـارەزووی دابـڕان لەگـەڵ سیسـتێمە کۆنەکـە، کـە دام و دەزگاکـانی ئینکیشاری و زانایاندا نوێنەرایەتیان دەکرد، پەیڕەوکرابێت. چونکە ناوەکـە لـە بازنـەی عوسمانیـدا نـوێ بـوو، دورنیـە هەڵبـژاردنی لـەژێر کـارتێکردنی ئـەو گوزارشـتەدا بوبێـت، کـە لـە شۆڕشـی فەڕەنسـیدا بـەکارهاتووە و تیایـدا سیسـتێمی پاشـایەتی بـە سـیتێمێکی کـۆن وەسـفکراوە، بەرامبـەر سیسـتێمی نـوێ کـە شـۆڕش نوێنەرایـەتی دەکرد. لەوەش زیـاتر، یـەك لـە یاریـدەرەکانی سـوڵتان ڕیفۆرمـەکان و چوونە سەر عەرشی سەلیم بە "شۆڕشی شادی" وەسفکردوە، لەگەڵ ئـەوەی کـە گوزارشـتی شـۆڕش تـا ئەوکاتـە مانـای ئـاژاوە و فیتنـەی لەخۆگرتبوو.

نیزامـی نـوێ جـەختی لەسـەر ئەنجامـدانی ڕیفـۆرم کردۆتـەوە لـە بواری سەربازیدا، ئەوەبو لە دەرەوەی بازنـەی سـوپای ئینکیشـاریدا، سوپای نیزامییان پێکهێنـا، کـە بریتیبـو لـە (١٢٠٠) سـەرباز، بـۆ ئـەم مەبەستە سەربازگەی نوێیان بۆ سوپای نوێ بوونیادنا، بەتایبـەت لـە (Secutari)، لــە دەرەوەی ئەســتەمبوڵ کــە تیایــدا شــارێکیان بــە خوێندنگـە و مزگـەوت و شـۆرگەکانیەوە بـەرزکردەوە[2]، ئامـانجی سـوڵتان لـەم کـارە دورخسـتنەوەی سـوپاکەی بـو لـە گوشـاری

---

[1] SHAW ,S. J :Between old and new pp 86 -120

[2] هەمان سەرچاوە، ل٩٣.

ئینکیشاریەکان. هەروەها بەپێی "نیزامی جەدید" چەندین ڕیفۆرمی تر ئەنجامدران، کە ئەم بوارانەی خوارەوەی دەگرتەوە:

سیستمی ئازوقە لە سوپاداو سەرلەنوێ دارشتنەوەی بۆدی تۆپ و پتەوکردنی سەنگەرسازی و بەرگرییەکانی لە دەروازەی تەنگەی بۆسفۆرو دەوروبەری پایتەختدا.

لەو سیستمانەی پەیڕەوکران، بەکاربردنی سیستێمێکی دارایی نوێ بو، کە پێی دەوترا "ایرادی جەدید" Iradi-I- Cedid[1]، بۆ دابینکردنی خەرجیی دام و دەزگا نوێکان. لە پڕکردنەوەی دارایی دەوڵەتیشدا بەتایبەت کەرتەکانی سوپا، پشت بە داهاتەکانی زەوی بەسترا،، هەروەها باجی نوێیان لەسەر بەروبوومە کشتوکاڵیەکان دانا.

سوڵتان گرنگی بە دامەزراندنی خوێندنگەو پەیمانگا فێرکارییەکان دا، ئەوەبو جارێکیتر خوێندنگەی ئەندازەی بە کارگێڕییەکی نوێی فەرەنسی و ئینگلیزی ڕێکخستەوە، خوێندن تیایدا بۆ چوار ساڵ بوو، لەو ماوەدا بابەتە زانستییەکانی وەك حیساب و ئەندازەو جوگرافیاو جەبرو حیسابی سێگۆشەکان دەخوێنران، هەروەها تیایدا بابەتەکانی مێژوو و زمانەکان دەوترایەوە، لە ساڵی یەکەم و دووەمی خوێندندا لەگەڵ زمانی عەرەبیدا زمانی فەرەنسیش دەخوێنرا[2].

لە هەمان کاتدا چاپەمەنی جوڵەی هاتەوەبەر، چاپخانە کۆنەکەی موتەفەریقە خرایەوەگەڕ و کارگێڕییەکی نوێی بۆ دانرا، هەروەها لە خوێندنگەی ئەندازیاریدا بە سەرپەرشتی عەبدولرەحمان ئەفەندی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١١٢ و دواتر.

[2] سەبارەت بە ڕێکخستنە سەربازییەکانی سەلیمی سێیەم بڕوانە:

Raif , M. : Tableau des nouveaux reglements de L`empire ottoman Constaninople 1798

چاپخانەیەکی نوێ کرایەوە کە لە نێوان سالآنی (١٧٩٣-١٨٠٠ن)دا نزیکەی پەنجا (٥٠) کتێبی چاپکردووە، لە نێویاندا چەندین کتێب هەبوون بە زمانی فەرەنسی[١].

سەرباری ئەمانە سوڵتان لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپادا شێوازێکی نوێی مامەڵەکردنی گرتەبەر، بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا باڵوێزخانەی هەمیشەیی لە پایتەختەکانی ئەوروپادا دانران. لەم چوارچێوەدا "حکوومەتی بەڕێوەبردن" لە پاریس داوایکرد لە پایتەختی وڵاتەکەیدا باڵوێزخانەیەکی هەمیشەیی عوسمانی بکرێتەوە، کە لە ئاست باڵوێزخانەی فەرەنسیدا بێت لە ئەستەمبوڵ، لە بازنەی پرنسیپی مامەڵەی هاوشێوەدا، سەلیمی سێیەم بە تەنها باڵوێزی خۆی ڕەوانەی پاریس نەکرد، بەڵکو باڵوێزەکانی خۆی هەنارد بۆ لەندەن و پترسبۆرگ و بەرلین و ڤیەننا[٢]. ئەم نێردراوانە نزیکایەتی لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا و دەوڵەتی عوسمانیدا هێنایە ئاراوەو بای گۆڕانی گواستەوە بۆ ناوەوەی عوسمانی و بوون بە دەروازەیەك بۆ کرانەوە کە لەگەڵ ڕۆژگاردا بەرین وفراوانتر دەبوو.

پرۆژەکانی سەلیمی سێیەم لە مێژووی عوسمانیدا یەکەمین هەنگاوی ڕیفۆرمخوازیان پێکهێنا، بۆ یەکەم جاریش بەرنامەیەکی ڕیفۆرمخوازی سەراپاگیر دام و دەزگا سەربازی و دارایی و کارگێڕی و فێرکارییەکان بکاتە ئامانجی خۆی، ئەو بەرنامەی کە لە نوێکاریدا بە شێوەیەکی یەکجارەکی پشتی بە نموونەی ئەوروپی بەستبو.

---

[١] هەمان سەرچاوە.

[2] Berkes,N: The development of secularism pp. 75

لە دەوڵەتێکدا کە مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەدەکانی ناوەند، ئەم ڕیفۆرمانە جۆرێك بو لە کودەتا. یەکێك لە ئەفسەرە فەڕەنسیەکان ڕووداوەکانی ئەستەمبوڵی سەردەمی سەلیمی سێیەمی بەچەشنێك وەسفکردوە، کە گوزارشتە لەم کودەتایە بەو چەشنەی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ سەردەمی نوێدا گرێداوەتەوە، دەڵێت: " لە سەرەتای سەدەی پانزە سوڵتان سەلیم پرۆژەیەکی ئامادەکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی سوپای ئینکیشاری و وێرانکردنی ئاواتەکانی زانایان و نەهێشتنی دەسەڵاتی موفتی، کە هاوشانی دەسەڵاتی تەشریعی سوڵتان بوو.. سوڵتان خواستی وابو میللەتەکەی نوێ بکاتەوە بە بەشداریپێکردنیان لە دۆزینەوە ئەوروپیەکان لە بوارەکانی هونەرو زانست و پێشکەوتنی کشتوکاڵ و بازرگانی و شارستانیەتدا"[١].

## ڕۆڵی فەڕەنسا لە ڕیفۆرمدا

فەڕەنسیەکان لە سەرخستنی پرۆژەکانی ڕیفۆرمدا ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و بنچینەییان هەبوو، لە وانەو ڕاهێنان و بەڕێخستنی دام و دەزگا سەربازییەکاندا ئەفسەرو تەکنیککارو شارەزایانی ئەوان هاوکارو یاریدەربوون، ژمارەیەکی کەم لە ئەوروپیەکانی تر لەوانە ئیتالی و نەمساییەکان بەشداریان تێداکردووە[٢]. سەبارەت بە سوڵتان ئەم کۆمەك و هاریکارییە جۆراوجۆرەی فەڕەنسییەکان مەسەلەیەك بوو هەلاَتنی بۆ نەبوو، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی هەڕەشەی ڕووسیاو ئینگلیزیش بوایە وەك چۆن لە دوا ساڵەکانی سەردەمەکەیدا لە نێوان ساڵانی (١٨٠٦-١٨٠٧ز) ئەمە ڕویدا.

[1] Shaw,S,J :Between old and anew pp.184

[٢] هەمان سەرچاوە، ل١٨٨.

سـەبارەت بـە فەڕەنسـیەکانیش، لـەودیو ئـەم کۆمـەك و هاوکاریانەوە ئامانجی جۆراوجۆریان هەبوو، بەڕوویەکدا مەبەست لێی بەگژداچونەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی ڕووس و ئینگلیز بوو، بەڕویەکی تریشدا خواستی گەیشتن بوو بە ئاسیا، لەوێشەوە بەگژاچونی دەسەڵاتی ئینگلیزیی لە هیندستان. پێویستە ئەوە بڵێین کە کەف و کوڵی پیاوانی سەردەمی شۆڕش لە فەڕەنسا پاڵنەرێك بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە شۆڕشگێڕیەکانیان چ لە وڵاتانی ئەوروپا یان لە دەرەوەی بازنەی ئەوروپیدا[1].

لە واقعیشدا ئەو کاتەی سوڵتان ئامادەکاری بۆ پرۆژەی نیزامی نویێ دەکرد، کۆمەك و هاوکارییە پێشبینیکراوەکانی فەڕەنسای لەپێشچاو دەگرت، ڕاستەوخۆ دوای ڕاگەیاندنی نیزامی نویێ، لە پایزی ساڵی (١٧٩٣ز)دا بابیعالی بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕاهێنان و مەشقە پێویستەکان و بەڕێوەبردنی پەیمانگە نوێکان و وانەوتنەوە بە خوێندکارەکان لە پەیمانگەکان و ڕاهێنانیان بە هونەرەکانی جەنگ و زانستەکان ومێژوو و زمانی فەڕەنسی، کە لە هەندێك لە پەیمانگەکاندا بە ناچاری دەخوێندرا، لیستێکی بە پێداویستێکانی دەوڵەت بۆ ئەفسەرو تەکنیککار هەناردبوو[2]. ئەوەبوو حکومەتی فەڕەنسی داواکارییەکانی دەوڵەتی عوسمانی جێبەجێکرد، ناپلیۆن لە ساڵی (١٧٩٤ز)دا بیری لەوە کردۆتەوە وەك سەرپەرشتیاری سوپای تۆپخانە لە خزمەت سوڵتاندا ڕاژەبکات[3]. ڕاتب ئەفەندی، کە لە ساڵی (١٧٩٥ز)دا پۆستی سەرۆکی نووسەران

---

[1] Saint-denys, J:Revolutions de Constantinople, paris 1819, tome I pp.VII-VIII

[2] Lewies , B:The impact of French Revolution of Turkey.Journal of world history.I. 1953 p.109

[3] هەمان سەرچاوە، ل١١٧.

یا وەزیری دەرەوەی بەدەستبوو، لیستێکی هاوشێوە، بەڵام چڕترو قەبارە گەورەتری لەوەی یەکەم بۆ لێژنەی ڕزگارکردنی گشتی Salut Public بەرزکردۆتەوە، ئەوەبوو وڵاتی فەڕەنسا لە ساڵی (١٧٩٦ز) دا Du bayet ی باڵوێزی بە یاوەری تێپێکی فراوان و بەرین لە شارەزایان و ئەفسەران ڕەوانەکرد بۆ ئەستەمبوڵ[1].

بەڵام بەهۆی داگیرکردنی ناپلیۆن بۆ میسر، پەیوەندیەکانی فەڕەنسا و دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان ساڵانی (١٧٩٨و ١٨٠٢)دا، پچڕان، ئەوەش شوێنەواری خراپی لەسەر بەڕێوەچونی ڕیفۆرمەکان بەجێهێشت، چونکە سوڵتان سەلیمی سێیەم جەنگی دژ بە کۆماری فەڕەنسا ڕاگەیاند و باڵوێزی فەڕەنسای لە ئەستەمبوڵ دا دەستبەسەرکرد[2]. سەرباری ئەوەی ناپلیۆن گەنگەشەی بۆ ئەوەدەکرد، گوایە ئەو بەناوی سوڵتانەوە هاتووە بۆ میسرو دوژمنی مەمالیکە، نەك عوسمانییەکان، بەڵام ئەوە تورەبوونی سوڵتانی کەمنەکردەوە، کە بەرپرسیارێتی خۆی لەئاست وڵاتێکی ئیسلامی، کە ویلایەتێکیش بوو لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی، هەستپێکردبوو.

فەڕەنسا گۆڕا بۆ وڵاتێکی دوژمن، باڵوێزی ڕووسیا لە ئەستەمبوڵ ئەم مەسەلەی هان و دنە داوە، هەروەها هێزە کۆنەپارێزەکانیش، ئەم مەسەلەیان کردە بەهانەیەك بۆ لێدانی ڕیفۆرمەکان. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیە دۆستانەکەی عوسمانی-فەڕەنسی بەڕێکەوتنی ئاشتی ساڵی ١٨٠٢ز (ڕێکەوتنی ئامینس.و.) گەڕایەوە دۆخی جاران، نێردراوەکانی فەڕەنسا بە شارەزا و ئەفسەرەکانیانەوە جارێکی تر گەڕانەوە بۆ ئەستەمبوڵ، بەڵام

---

[1] Saint- denys,J:revolutions de Constantinople.tome 2, pp.12

[2] Berkes.the development pp.76

سوڵتان خۆی لە دۆخێکی شپرزەدا بینییەوە پاش ئەوەی ناپلیۆن داوای لە بابیعالی کرد وەک ئیمپراتۆرێک دانیپیابنێت، ئەم کارە بەهۆی گوشارەکانی ڕووسیاو ئینگلیزەوە ڕاستەوخۆ ڕوینەدا، بۆ نەرمکردنی هەڵوێستی سەلیمی سێیەم نامەکەی ناپلیۆن سوودێکی نەبوو، بەڵام هەوڵ تەقەللاکانی فەرماندە سباستیانی Sebastiani لە کۆتایدا بەروبومی خۆی هەبوو، کە بووە مایەی ڕاگەیاندنی جەنگ دژ بە ڕووسیاو هەڕەشەکردنی کەشتیگەلی ئینگلیزی لە خودی ئەستەمبول"[1].

ڕۆڵی فەڕەنسا لەگەڵ سباستیانیدا کە لەساڵی (١٨٠٦ز)دا گەیشتە ئەستەمبوڵ، گەیشتە ترۆپکی خۆی، دوای زنجیرەیەک پەرەسەندنی سیاسی و سەربازیی کە بوونە هۆی بەرپابوونەوەی جەنگی ڕووسی–عوسمانی و هەڕەشەکردنی بریتانیا بە تۆپبارانکردنی ئەستەمبول ئەگەر باڵوێزی فەڕەنسا دورنەخاتەوە. سوڵتان و یاریدەرەکانی تووشی شۆک بوون کە دیتیان کەشتیگەلی ئینگلیزی هاتۆتە سەر ئەستەمبوڵ، بەڵام سباستیانی زانی چۆن دۆخەکە لە بەرژەوەندی وڵاتەکەی قۆرخدەکات، بەرهەڵستیەکی جەماوەری ڕێکخست و پرۆسەی سەنگەرسازیەکانی ئەستەمبوڵی خستە سەر ئەستۆی خۆی، ئاکام ئینگلیز ناچاربوو کەشتیگەلەکەی بکشێنێتەوە[2].

---

[1] Lewis, B :The impact of French p.110

[2] بۆ وێنە بڕوانە:

Kabrda , J:Quelques firmans concernant les relatione franco-turques lors de L`expedition de Bonaparte en Egypte 1798-1799 : publications de La societe Asiatique paris 1946

ڕۆڵی فەڕەنسا بەحوکمی دۆخەکە سیفەتێکی سەربازانەی هەبوو، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بەتـــەنها بـــەم بـــوارەوە نەوەســـتان، بـــەهۆی پەیوەندیـــەکانی نێـوان خوێنـدکارو سـەربازو پیـاوە حوکمڕانـەکانی عوسمانیی لە لایەك و ئەفسەرو شارەزا فەڕەنسییەکان لەلایـەکی تـر، جۆرێـك لـە سـۆزی عوسمـانی بەرامبـەر ئـەو ڕێکخـەر و ئالیکارانـەدا دروســـتبوو، ئـــەم ســـۆزە لـــە هـــەناوی گفتوگـــۆ درێژخایەنەکانـــەوە سەرچـاوەیان دەگـرت، کـە لـە بازنـەی بەرنامـەی وانـەو ڕاهێنانـەکان لایدەداو تا ئاسۆگەلێکی بێسنوور دەڕۆیشتن.

بە ڕویەکی تردا سەپاندنی خوێندن بە زمانی فەڕەنسی ژمارەیەك عوسمانی هێنایە بوون، کە بەم زمانە گفتوگۆ و خوێندنیان بە باشی ئـەنجام دەدا، ئیـدی ئەسـتەمبوڵ ژمارەیـەك لـە کـوڕانی نـەوەی نـوێی کراوەی بە ڕووی مەعریفەی نوێدا ناسیی، ئەم ڕۆشنگەرانە لە نەوەی نویَ توانییان لەو کتێبخانانەدا کە پاشکۆی خوێندنگەی ئەندازیاری و پەیمانگـەکانی تربـوون، کتێبـی هەمـەڕەنگ بـە زمـانی فەڕەنسـی بخوێننـەوە، کتێبخانـەی خوێندنگـەی ئەنـدازیاری نزیکـەی (٥٠٠) کتێبی تیادابوو، کە زۆربەیان بە زمانی فەڕەنسی نوسرابوون، لە نێو ئەوانەدا ئەنیسکلۆپیدیای فەڕەنسی و هەندێ لە کتێبـەکانی ڤۆڵتێرو چەندین بیرمەندو زانای تر هەبوون[1].

## پڕوپاگەندەی فەڕەنسی

بیروبـــاوەڕە فەڕەنســـیە شۆڕشـــگێڕییەکان بـــۆ دزەکردنـــی ڕێکـــەوتنکاریی (تســـرب اتفـــاقی) یـــان بـــۆ دۆخ و ڕێکەوتـــەکان جێنـەهێڵرابوون، سـەبارەت بـە پیـاوانی حـوکمی شۆڕشـگێڕیش لـە

[1] Shaw, S.J :Between old and new pp.328-340

فەڕەنسا، دژەکردنی بیروباوەڕە شۆڕشگێڕیەکان و دروشمە تازەکان بەس نەبوون، کە لە میانەی بەریەککەوتنی تاکەکەسییەوە ڕوبدەن، شۆڕشی فەڕەنسی لەگەڵ بەرپابوونیدا ڕێبازێکی فرە جەمسەری گرتەبەر بە ئامانجی دژەکردنی بیروباوەڕەکانی بە سەرجەم ناوچەکانی دونیادا، دەوڵەتی عوسمانی بە هەرێم و ویلایەتە زۆرو زەوەندەکانیەوە لە یەکەمین ناوچەکان بوو، کە لە دەرەوەی ئەوروپا خرابێتنە بازنەی گرنگیپێدانی پیاوانی سیستێمی نوێوە لە پاریس، لەم ڕووەوە چەندین پلان و بەرنامە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی شۆڕش و دروشمەکانی و بۆ سیستمی حوکمڕانی لە فەڕەنسا داڕێژران.

لە ئەستەمبوڵ دا، باڵوێزی فەڕەنسی لە میانەی چاپخانەکەیەوە لەچاپدانی کتێبە زانستیەکاندا بە هەردو زمانی فەڕەنسی و تورکی بەشداریکردوە، لە ساڵی (١٧٩٥ز)دا Louis Allier ی بەرێوەبەری چاپخانەی نیشتیمانی لە پاریس، بۆ پشتگیریکردنی گەنگەشەی فەڕەنسی لە بازنەی پلان و بەرنامە پەیڕەکراوەکانی حکوومەتی فەڕەنسیدا، چاپخانەیەکی هەنارد بۆ باڵوێزخانەی وڵاتەکەی لە ئەستەمبوڵ[1]، ئەوەبوو لەژێر ناونیشانی "گۆڤاری فەڕەنسی لە ئەستەمبوڵ"[2] بڵاوکراوەیەکی مانگانەی چاپکرد، هەروەها بڵاوکراوەیەکی تری بە ناونیشانی "بڵاوکراوەی لیژنەی کۆماری فەڕەنسا لای بابیعالی"[3] دەرکرد. بێجگە لەوەش ئەو چاپخانەی کە سەر بە باڵوێزی فەڕەنسی بو لە ئەستەمبوڵ، چەندین مانیفێست و

[1] هەمان سەرچاوە، ل٣٣٤-٣٣٩.

[2] Lewis, B:The impact of French pp. 109

[3] shaw, S. J. :between old and new pp.195

دیکۆمێنتی وەك "دەستوری کۆماری" و ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ" و چەندین دیکۆمێنتی شۆڕشگێڕانەی تری فەڕەنسی بلاوکردەوە[١].

ئەم چالاکییە گەنگەشەکاریە بۆ دوو مەبەست ئەنجام دران، بەڕوویەکدا بۆ هێشتنەوەی پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەست و نیشتەنییە فەڕەنسیەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا، بەڕوویەکی تردا بۆ بلاوکردنەوەی گەنگەشە لە نێو خودی عوسمانییەکاندا، یەکێك لە پیاوانی ئیدارە لە پاریس بەم شێوە گوزارشتی لە ئامانجەکانی دانانی چاپخانە لە ئەستەمبوڵ دا کردوە، دەڵێت:" پێویستە چاپخانە خزمەت بە دوو ئامانج بکات، کە لە ڕوی بایەخەوە وەك یەکن. یەکەمیان وریاکردنەوەی ئەو هاوولاتیانەی نیشتەجێی ڕۆژهەلاتن سەبارەت بە پرس و کێشەکانی کۆماری، دووەمیشیان بەخشینی هەلێك بە تورکەکان بۆ ناسینەوەی کتێبە گشتییەکان، ئەوانەی تامی ئەو زانستانەیان پێدەبەخشن کە گرنگی هەیە بۆیان"[٢].

بەلام وەرگێڕانی ئەو دیکۆمێنتانە بۆ زمانی تورکی ئاسان نەبوو، بەتایبەت لە ڕوی گواستنەوەی زاراوە و تێرمە نوێیەکانەوە بۆ زمانی تورکی، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە تورکەکان و ئەوانەی لە کارگێڕی عوسمانیدا کاربەدەستبوون، کۆمەکیان بە چالاکیەکانی بالوێزی فەڕەنسی کرد، لەوانە Mouradgea ی ئەرمەنی کە ئەکتیڤانە بەشداری لە وەرگێڕانی بلاوکراوە فەڕەنسیەکاندا کردووە.

شایەنی وتنە ئەو فەڕەنسییانەی نیشتەجێی ئەستەمبوڵ بوون لە میانەی پێکهێنانی ئەو یانەو کۆمەلانەی لەنێو خودی ئەستەمبوڵ دا دایانمەزراندبو، لە بلاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی فەڕەنسادا ڕۆڵی

---

[1] LA Gazette francaise de Constantinople

[2] Le Bulletin de la legation de la republique francaise pres de la porte

خۆیـان گێـڕاوه، لـه گـرنگترین ئـهو کۆمهڵانـه ئـهوهیان بـوو کـه دو کورشDes corches له ساڵی (١٧٩٣ن)دا به ناوی "کۆمهڵهی کۆماری بـۆ دۆسـتهکانی ئـازادی و یهکسـانی" دایمهزرانـدبوو. دوابـهدوای ئـهویش لههـهمان سـاڵدا "کۆمهڵـهی جـهماوهریی کۆماریی" لـه لایـهن هیـنـنHinin وه دامـهزرا، لهمـه زیـاتر، یاقوبیـه فهڕهنسـیهکان لـه ئهسـتهمبوڵ دا بانگهێشـتیان بـۆ سازدانی ئاهـهنگی گشـتی دهکـرد و سهبارهت بـه مافـهکانی مـرۆڤ و خراپـهکانی سیسـتمی کـۆن دهدوان و ماناکانی ئازادی و یهکسانی و برایهتیان ڕوندهکردهوه[1].

بێجگه له کتێب و ڕۆژنامه، که بالۆیزی فهڕهنسا وهك پڕوپاگهنـده بڵاویدهکردنـهوه و بێجگـه لـه چالاکیی فهڕهنسیهکان لـه ئهسـتهمبوڵ دا، کارگێڕی فهڕهنسـی فـۆرمێکی تـری پڕوپاگهندهی بـۆ بیروباوهڕ و سیاسهتهکانی بهکاردههێنا.

دیکۆمێنته شۆڕشگێڕییهکان له پاریسدا بۆ زمانی جیاجیای وهك یۆنانی و عهرهبی و ئـهرمـهنی و تـورکی وهردهگێـڕدران، بـۆ ئـهوهی لـه ویلایـهتـهکانی دهوڵـهتی عوسمانیـدا دابـهش و بڵاوبکرێنـهوه، بـۆ سهرپهرشـتیکردنی وهرگێڕانـی ئـهم بڵاوکراوانـهش بـه سـهرۆکایهتی لـویس لانگلـیسLouis Langlies ئۆفیسـێکی تایبـهت لـه پـاریس کرابـووه[2]. بـۆ نموونـه مانیفێسـتی کـۆنگرهی نیشـتمانی سـاڵی (١٧٩٤)، که ئاڕاستهی گهلی فهڕهنسا کرابو بۆ سـهر زمـانی عـهرهبی وهرگێـڕدراو لهگـهڵ دهقـه فهڕهنسـیهکهیدا لـه نامیلکهیهکـدا لـه ویلایهتهکانی ڕۆژههڵاتدا بهسهر خهڵکدا دابهشکران[3].

---

[1] shaw S.J. Between old and new p. 196

[2] Lewis B. : the impact…….p117

[3] Lewis B. : the impact…….p117

پڕوپاگەنـــدە بەشـــێوەیەکی تایبـــەت ئاڕاســـتەی ڕەعیەتـــە مەسیحییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە یۆنـان و ئـەوروپای ڕۆژهـەلاَت بەگشـتی کـران، ئەوانـە بیروبـاوەڕە نوێیـەکانیان زیـاتر وەردەگـرت، بەڕادەیـــەك مەترســـی و تـــوڕەیی هەنـــدێ لـــە کاربەدەســـتە عوسمانییەکانی وروژاند. لەم ڕووەوە خالد ئەفەندی باڵوێز لە پاریس داوایکرد سنوورێك دابنرێت بۆ گەنگەشەی فەڕەنسی لە دورگـەکانی ڕۆژهـەلاَت و یۆنـان. تـا ئـەو ئاسـتەی داوایکـرد لەلایـەن کلێسـای یۆنانیـەوە لێکۆڵینـەوە بکرێـت، بـۆ قەدەغـەکردنی خوێندنـەوەی ئـەو مانیفێستانەش ئەگەر هەبوون یان دەرکەوتن، فەرمانێك دەربکرێت.

بەدیوێکی تریشدا فەڕەنسییەکان بۆ ئەوەی سۆزی موسڵمانەکان ڕابکێشن خۆیان وەك دوژمنی کاتۆلیك و پاپا پیشاندا، و هەوڵیانـدا لـە میانـەی ئـەم سیاسـەتەوە هاوسـۆزییەکی ئیسـلامی بەرامبـەر فەڕەنسـا بخـولقێنن. لـەم ڕووەوە یـەکێك لـە ڕاپۆرتـەکان دەڵێـت: "نێردراوەکـانی حکومـەتی شۆڕشـگێڕی توانییـان هاوسـۆزیەك تەنانـەت لـە نێـو دیوانیشـدا بخـولقێنن، بـۆ نموونـە جـەختیان لـەم خاڵـەی خـوارەوە کردۆتـەوە: "فەڕەنسـا دوای پـەیڕەوکردنی ئـاینی عەقڵی ئەوەی تێپەڕاند کە لەگەڵ موسڵمانەکاندا بکەوێتە ناکۆکیەوە، نێردراوەکانیش لە ئەستەمبوڵ دا هاوڕێیان پەیداکردووە""[١].

پاشـتریش لـە سـەروبەندی سـەردەمی کۆماریـدا لـە فەڕەنسـا لـە سـاڵی (١٨٠٧)دا ڕاگەیانـدنێك بـە هـەردوو زمـانی عـەرەبی و تـورکی بڵاوکرایـەوە کـە حەقیقەتەکـەی نەشـاردرایەوە، وەك بڵێـی لایـەنێکی فەرمی عوسمانی بڵاویکردبێتەوە[٢]، بانگهێشـتی موسڵمانەکان ببنـە پاڵپشـت بـۆ سیاسـەتەکەی نـاپلیۆن دژ بـە ڕووسـیا، ڕاگەیاندنەکـە

---

[1] Lewis B.:the impact p..117

[٢] هەمان سەرچاوە، ل١١٠.

دەڵێـت: "ئـەوە بـزانن کـە هـاورێی دێرینـی موسـڵمانەکان، دەرگـای خۆشەویسـتی بۆیـان کردۆتـەوە، وڵاتـی فەڕەنسـاش دۆسـتایەتی و خۆشەویسـتی دێـر زەمانــەی خـۆی لەگــەڵمان بیرنەچـۆتەوە. ئـەم دۆستایەتیە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەش درووستبووە، هـەر باشـە و خراپەیـەك ڕوو لـە ئیسـلام بکات، ڕوویش لـە فەڕەنسـییەکان دەکات.." هـەروەها ڕاگەیاندنـە دەڵێـت: " برایـان شـاراوە نییـە لاتـان وڵاتی فەڕەنسا بـەهۆی ئـەو بـەڵاو مەینەتیانـەی کـە بـە سـەریدا هـاتن، پەرێشـان و مانـدوو بـوو، سـەرجەم وڵاتـانی ئـەوروپا بەرەیـەکیان لـە دژی پێکهێنـا، سـەرباری ئەمـەیش خەڵکەکـەی لەگـەڵ یـەکتر ناتـەبا بـوون، ئـەوەبوو کـاری خۆیـان دایەدەسـت نـاپلیۆن، کـە هەڵبـژاردەی خوای گەورەبوو، ئەویش لە هەموو خراپەیەك دەربازیکردن...".

لـە واقیعـدا فەڕەنسـیەکان لـە ئەسـتەمبوڵ دا هـاوڕێ و دۆسـتیان هــەبوو، کرانــەوە بەســەر ئــەوروپاو فەڕەنســادا جێدەسـتی ئاشـکرای خۆی لەسەر نەوەیەکی عوسمانی جێهێشـتبوو. دەسـتەیەك ئەفسـەرو کــارگێڕو گــەنجی بــەئاگا لــە بیروبــاوەڕو دروشمــەکانی فەڕەنســا هاتنــەبوون، ئـەو گەنجانـە بـە سـیفەتێك تەماشـای فەڕەنسـیەکانیان دەکرد وەك بڵێی بە ئاقارێکی باشتردا دەڕۆن، ئەوەبو بەلای ڕۆژئاوادا دایانشـکاندەوەو دەسـتیان دایـە دژایـەتیکردنی کۆنـەخوازان. ئـەم دەستە نوێیە پڕبوون لە کەف و کوڵی سادە بەرامبەر ڕۆژئاوا، ئەوانە هەستیانکردبوو ڕۆژئاوا لە ماتماتیك و ئەندازە زیاتریان هەیە[1].

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٣٣.

# بەشی پێنجەم
# گۆڕانی شێوازەکانی نووسین و بیرکردنەوە

پەیوەنـدیی نێـوان عوسمانییـەکان و ئەوروپیـەکان لـە مـاوەی سـەدەی هەژدەهەمـدا شـوێنەواری ڕاسـتەوخۆو ناڕاسـتەخۆی لەسـەر هەندێك لە بوارەکانی بیرکردنەوەی ئیسلامیانەی عوسمانی، هەروەها لەسەر هەندێك لە شێوازەکانی نووسینیش جێهێشت.

هەندیَ ئاڵوگۆڕمان بینی کە بەسەر بیرکردنەوەی عوسمانیدا هات لـە سـەرەتاکانی سـەدەی هەژدەهەمـدا و لـە مـاوەی حـوکمڕانی ئەحمـەدی سـێهەمدا، کـە سـەردەمەکەی هـەروەها بـە "سـەردەمی تەولیب"[1] ناودەبرێت. سەرەتای بزاڤی بابەتگەرایی بە هەوڵەکانی ئیبراهیم موتەفەڕیقـە دەسـتیپێکرد، کـە لـە کتێبەکەیـدا "بنـەماکانی حـوکمڕانی لـە ڕژێمـی گـەلان"دا یەکـەم هـەولَ بـۆ لەبەرچـاوگرتنی پێشکەوتنی ئەوروپا و سوودوەرگرتن لەو پێشکەوتنانە دەبینینەوە. ئەم بزاڤە لای هەندێك لەو سیاسی و دیبلۆماتکارانەی کە ئارەزووی خۆیـان بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان بـۆ کرانـەوە بـە ڕووی ئـەوروپادا سەلماندبوو، هێدی هێدی پتەوتربو، لەوانە راغیب پاشا یان ئەحمەد ڕەسمـی یـان خـەلیل حەمیـد، کـە لـە ناوەڕاسـتەکانی سـەدەی هەژدەهەمدا ئەوەیان پیشاندا کە کاریگەریەکانی ئەوروپا جێدەستی خۆی لەسەر بیروباوەڕو زەینی خەڵك بەجێهێشتووە.

ئەمە پێش ساڵی (١٧٨٩ز) بوو، هـەروەها پـێش ئـەوەی سـەلیمی سـێیەم بچـێتە سـەر عـەرش. بـەڵام ڕاگەیانـدنی نیزامـی نـویَ و

[1] Bombaci: A: Histoire de la literature torque. Paris 1968. P. 321

داخوازییەکانی، بواری فراوانتری لە بەردەم دزەکردنی کاریگەرییە فیکریەکانی ئەوروپاو بەشێوەیەکی تایبەتیش فەڕەنسا کردەوە.

ئەو بوارانەی کاریگەرێتیان بەرکەوت دۆخیان چۆن بوو؟

**لە نەریتەوە بۆ هاوچەرخبوون:**

کاریگەریە فیکریەکانی ئەوروپا هاتنەنێو دۆخێکی ڕۆشنبیریی خاوەن چەندین خەسڵەتی تایبەت. بەدیویێکدا ڕۆشنبیریی ئیسلامی لای عوسمانییەکان ڕەگداکوتاوو چەسپیوو فرە سەرچاوە دیاربوو، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی ڕۆشنبیریی عوسمانیی بە دۆگمایی و توانای سنووردار بۆ نوێبوونەوە ناسرابوو. ژیاری عوسمانی بەوە وەسفکراوە، مۆرکێکی سەربازی هەیە، زیاتر لەوەی ژیارێکی خاوەن فیکرو تێڕامان بێت. پێدەچێت ئەم وەسفە لەجێی خۆیدا بێت، لە بارێکدا ئەگەر بەراورد لە نێوان بەخششی سنوورداری تورکی-عوسمانی و لە نێوان بەربلاوی کولتوری ئیسلامیی سونەتیدا بکەین.

دوای ئەوەی عەشیرەتە تورکمانەکان لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی زاینیدا بوون بە موسڵمان، ئیدی هاتنە نێو بازنەی ڕۆشنبیری و کەلتوری ئیسلامی-عەرەبیەوە، کە خاوەن خەسڵەتێکی سەراپاگیربو و ڕەچەڵەکگەلێکی ئەتنیی جیاواز لە عەرەب و فارس و تورك و ئاسیایی و ئەفریقایی پاڵپشتی بوون. ئەم گروهانە بەشداریان لە پێکهێنانی شوناسێکی ڕۆشنبیریی یەکگرتودا کرد، وێڕای بەرفراوانبوونیشی پرانسیپی ئیسلام بەسەریدا بالأدەستبو و زمانی عەرەبیشیان وەك ئامرازی گوزارشتێکی یەکگرتوو بەکاردەهێنا. ئەوەی ئەمڕۆ عەرەب بە کەلتوری تایبەتی خۆی دەزانێت، چەندین ڕەگەز فارس و تورك بەتایبەتی بەشداربوون لە

دروستکردنیدا، لە فارسدا تەبەری و ئیبن سینا و لە تورکیشدا غەزالی و فارابی.

ئەگەر فارس بەهۆی ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و کەلتوری دێرزەمانەی خۆیانەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی پێش ئیسلام توانیبێتیان زمانەکەی خۆیان بگێڕنەوە، ئەوا تورکەکان، کە پاش هاتنە ناو ئیسلام قەوارەیەکی سیاسی تازەگەشەکردوویان ناسیو پەیوەندیی تۆکمەی خۆیان لەگەڵ کەلتوری ئیسلامیدا هێشتەوە کە خاوەن گوزارشتێکی عەرەبی بو، دوای ئەوەش کاریگەری ڕۆشنبیری فارسی وەك کاریگەرییەکی ترو کەلەپوریکی تر لەگەڵ کۆمەڵێك هۆکاری تردا بوونە پێکهێنەری ڕۆشنبیری و زمانی تورکەکان.

سەبارەت بە عوسمانییەکانیش ئەوا توانییان نەریتی ڕۆشنبیریی سونەتی تورکەکان بپارێزن، هەردوو زمانی عەرەبی و فارسیش زمانی گوزارشت بوون. لە کاتێکدا زمانی تورکی کە وازی نەهێنابوو لە تێکهەڵکێشکردنی وشەو زاراوەی نوێ، وەك زمانێکی بەکارهێنانی ڕۆژانەش توانی مانەوەی خۆی بپارێزێت. ئەمە بەو مانایە نەبوو کە بەخششی تورکان لە ئەدەبیاتدا هیچبووە. بەتایبەت بەخششی لە شیعردا دەرکەوت، شیعری تورکی عوسمانی لە سەردەمانێکی زوودا دەرکەوت[1]، بەڵام لە ڕووی زمانەوە کاریگەی فارسی بەڕوونی پێوەدیاربوو.

هەرچی زمانی عەرەبی بوو لای عوسمانییەکان بە تایبەت لە هەندێ بواردا، پێگەیەکی دیاری هەبوو. عەرەبی زمانێك بوو بۆ تێکڕای ئەو زانستانەی پەیوەندییان بە ئایینەوە هەبوو لە (فیقە و حدیث و تەفسیر)دا. هەروەها مێژوونووسە عوسمانییەکان بە

[1] غرايبه: العرب والاتراك.دمشق١٩٦١،ص ص٢٤-٢٥.

عـەرەبی سـوودیان لـە نوسـراوە کۆنـەکان دەبینـی، لـەوەش دوورتـر هەندێ مێژوونوس پێیا باشتربوو ڕێگاکە کورتبکەنەوەو ڕاستەوخۆ بە زمانی عەرەبی بنووسن، لەوانە مەنجەم باشی (لە ساڵی ١٧٠٣ دا مردوە)، کە لەژێر ناونیشانی (جامع التواریخ)دا، مێژوویەکی گرنگی بەزمانی عەرەبی نووسیوە.

یـەکێك لـەو بـوارە ئەدەبیانـەی کـە بەتایبـەت عوسمانییـەکان لێهاتوویـان تیایـدا پیشـانداوە، نووسـینی فەرهەنگـە کـە نیشـانەی نەفەس درێژی و کەم داهێنـانیش بوو. لـەم جۆرە نووسینەدا زمـانی عـەرەبی کاریگـەری خـۆی هـەبوو، هەنـدێ لـەو نووسینانە بـە زمـانی عـەرەبی پۆلێنکرابـوون و دواتـریش بـۆ زمـانی تـورکی وەرگێـڕدران، وەك کتێبـی "الشـقائق النعمانیـة)ی تـاش کـوبرا زادە[١]. یـان "کشـف الظنـون عـن اسـامی الکتـب والفنـون"ی حـاجی خەلیفـە[٢]. لێـرەدا چـالاکی عوسمانییـەکان لــە بــواری نووســینی پــەراوێزدا جێــی ئاماژەپێکردنـە، وەك نووسـینی ڕاڤەیـەك بـۆ ڕاڤـەکردنێکی تـر، یـان نووسـینی ڕاڤەیـەك بـۆ قەسـیدەیەکی کـۆن، ئـەم جـۆرە نووسـینانە نیشـانەی لاوازییـەکی مـەزن بـوون لـە داهێنانـدا، زۆرینـەی دەقـە ڕاڤـەکراوەکانیش دەقـی عـەرەبی بـوون، کـە سـیفەتێکی ئـاینی یـا فێرکاریی یان شتێکی لەو بابەتـەیان هـەبو، عوسمانییەکان گرنگیان بـە فەلسـەفە نـەدەدا، لەگـەڵ ئەوەشـدا گرنگیـان بـە هەنـدێ بـواری بیرکردنەوەی سیاسی دەدا، کە پەیوەندیان بە پرسـەکانی حوکمڕانی و کـارگێڕی و پاشـایەتییەوە هـەبوو، لـەم کـارەدا سەرچـاوەکانیان

---

[١] طاش کبری زادة: الشقائق النعمانیة فی علماء الدولة العثمانیة. دار الکتاب العربی بیروت١٩٧٥.

[٢] حاجی خلیفة: کشف الظنون عن اسامی الکتب و الفنون، جزءان، مکتبة المتنبی، بیروت، بدون تاریخ.

فارسی و عەرەبی بوو. ئەوەبو نووسینێکی تایبەتیان گەشەپێدا کە پەیوەندیان لەگەڵ پرسەکانی حوکمڕانی و ڕێنمایی پاشاکان و گۆشکردنیان بە هونەرەکانی پاشایەتیکردندا هەبوو. لە کاتی جیاجیای قۆناغەکانی دەوڵەتدا کتێبی ئامۆژگاریکردن دەکەوت، کە ئاڕاستەی سوڵتانەکان دەکران، کە لە ڕاستیدا بیرکردنەوەو دیدگایەکی تیژو قووڵیان تیا بەدی دەکرا[1]. لقێکی ئەم ئەدەبە تایبەتبو بە نووسینی ڕاپۆرتەکان، لەوانە ئەو نامانەی بۆ پرسەکانی پاشەکشێ و داتەپین لە ماوەی هەردوو سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دا دەنووسران.

هەرچی زانستە عوسمانییەکان بوو، ئەوا پشتیان بەو بنەمایانە بەستبوو، کە موسڵمانی ڕۆژگارە زێڕینەکان جێیانهێشتبوو، لە نێو عوسمانییەکاندا هەندێك ناو دەرکەوتن شتگەلێکی کەمیان لە بواری جوگرافیادا پێشکەشکردوە، وەك نموونەیەك باوکە تۆدرینی Todrini[2] وەسفێکی دۆخی ئەدەبیات و زانستەکان لە ئەستەمبوڵ دا دەکات لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا، لەو میانەشدا ئاماژە بۆ شاعیرو بیرمەندو زانا عوسمانییەکان دەکات، لەبەر ئەوەی پێویستبوو سەبارەت بەدۆخی ئەدەبیات ڕاپۆرتێکی هەمەلایەن پێشکەشبکات، زانیاری درێژو تێرو تەسەلی ئاماژەپێداوە. ئەوەشی تێبینیکردووە کتێبخانەکان چەندین کتێبی (عەرەبی و فارسی)یان لە بوارە جۆراجۆرەکاندا لەخۆگرتبوو. لەسەر حەقبوو کاتێك ئیبن سیناو خەوارزمی و ڕازی و ئەوانیتری وەك پێشینانی عوسمانییەکانی ئەمڕۆ دانابوو.

---

[1] جب و بوون المجتمع الاسلامی والغرب، ج١ ص٤٥.

[2] Todirini. De la literature des turcs. Premiere Partie

سـەبارەت بـەزمانی تـورکی دەبیـنین لـە سـەرەتاکانی سـەدەی هەژدەهەمدا هەندێ پەرەسەندنی بەخۆوە بینیوە، نووسینە ئەدەبییە پەخشـانئامێزەکان ڕوویـان لـە جۆرێـك لـە سـادەکردنەوە کـرد[1]. شیعریش لە هەمان قۆناغدا لەژێر کارتێکردنی ئاراستەی فەرمیدا لە سەردەمی ئەحمەدی سێیەم و وەزیرەکەی ئیبراهیم داماد جۆرێك لە گەشەکردنی بەخۆوەدیت، ئەمەی دواییان داوای وەرگێڕانی چەندین کتێبـی کـردووە بـۆ زمـانی تـورکی، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش چـەندین دەستەو گروپی پێکهێناوە[2].

ئـەوە تایبەتمەندییـە گشـتیەکانی ئـەدەبیاتی عوسمـانی بـوو، شتێکی سروشتی بوو کاریگەرییە نوێکانی ئەوروپا لە سەرەتاکانی سـەدەی هەژدەهـەم دا لەگـەڵ شـێوازە بـاوو ناسـراوەکانی نووسـینی عوسمانیدا ئاوێتەبن. ئـەوەبوو بیروبـاوەڕی نـوێ تێکـەڵ بـە ناوەڕۆکـە سـونەتیەکان بـوون و فۆرمـەکانیش کەوتنـەژێر کـارتێکردنی شـێوازە نوێکانەوە.

هـەروەها عوسمانییـەکان ئاشـنایەتیان لەگـەڵ زمـانێکی نـوێی جیهانیـدا پەیـداکرد، کـە لـە هێنانـە نـاوەوەی چـەمکە نوێکانـدا کـە پێشـتر بەکارنـەهێنرابوون، ڕۆڵـی خۆیـان هـەبوو. ئـەم کاریگەرێتیانـە لەگەڵ خۆیاندا نوێگەرییان بۆ بیرکردنەوەی عوسمانی هەڵگرتبوو، لە کاتێکدا ئەو نووسین و ڕاپۆرتانەی کە لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا دەرکـەوتن دەستپێشـخەری ڕۆشـنگەراکانی بـۆ بزاڤـی ڕیفـۆرم و بانگەشـەکەرانی نیشـاندەدا. ڕاپـۆرتی باڵوێزەکـان"سـفارتنامە" بەشـدارییان لـە ناسـاندنی ژیـانی مـەدەنی و کۆمەڵایـەتی نێـو

---

[1] بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکی گشتی سەبارەت بە ئەدەبی تورکی ئیسلامی، المصری، حسین: تاریخ الادب الترکي، القاهرة ١٩٥١.

[2] koprulu. M. F: art la literature torque Islamique. Ei1, Vol. 4 P. 1004

پایتەختەکانی ئەوروپا بە عوسمانییەکان کردووە. لە کاتێکدا نامەی گـەورە پیـاوانی کـارگێڕیی چـەند لایـەنێکی بیرکردنـەوەی سیاسـیی ئەوروپییان، ئـەوەی کـە لـەم ڕوەوە بیروڕای بیرمەنـدە ئەوروپیـەکانی پیشـاندەدا، دەگواسـتەوە، هـەروەها نووسـینە مێژوویـیـەکان لـە ناسـاندنی جیهـانێکی نـوێ و هاوچـەرخدا بەشـی خۆیـان بەشدارپیانکرد.

## کتێبی گەشتنامە:

گەشتنامە لـە چوارچێوەی ئـەدەبیاتی ئیسـلامیدا لـە چاخەکانی ناوەڕاست ئەدەبێکی تایبەت بـوو. ئـەم ئەدەبە وەك سەرچاوەیەك بـۆ حیکایـەت و جوگرافیـاو هـەروەها ناسـینی داب و نـەریتی گـەلان و مێـژووو ڕۆڵـی خـۆی گێـڕاوە. ئـەو بازنـەی گەشـتەکانی تیـا ئـەنجام ئـەدران جیهـانی پـان و بـەرینی ئیسـلامی بـوو بـە هەرێمـە جۆراوجۆرەکانییـەوە. زۆرجـار گەشـتەوەرەکان دوای گەیشـتنیان بـە شـاری مەککـە گەشـتەکانیان کۆتاییپێـدەهێنا، ئـەو ئەرکـە ئاییـنیـەی خراوەتە ئەستۆی کەسی موسڵمان بۆ حـەجکردن بۆ مەککە بەلایـەن کەمـەوە ئەگـەر تـەنها جـارێکیش بـووە لـە ژیانـدا، هۆکارێـك بـوو بـۆ هاندانی دروستبوونی ئەدەبێکی تایبەت بە گەشتکردن.

بـەڵام ئـەوروپا، کـە نەکـەوتبووە سـەر ئـەو هێڵـە ئیمانیـەی دەڕۆیشتەوە سەر مەککە یا ئـەو هێڵـە بازرگانییـەی کـە دەڕۆیشتەوە سـەر ڕۆژهـەڵات، موسـڵمانەکان کـەمیان لـەبارەوە دەزانـی، پرۆسـەی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەوروپا تـا سـەدەی حەڤدەهـەم و کۆتاییـەکانی سـەدەی هەژدەهـەمیش چـڕنەبووەوە. یەکـەمین گەشـتی گـرنگ و کاریگـەر، کـە تورکێـك بـۆ پایتـەختێکی ئـەوروپی ئەنجامیـدابێت،

گەشتەکەی کارا محەمەد پاشا[1] بوو بۆ ڤیەننا لە ساڵی (١٦٦٤ن)دا، ناوبراو لە گەشتەکەیدا تەنیا نەبوو، بەڵکو شاندێك، کە پێکهاتبوو لە سەدو پەنجا کەس، یاوەری بوون، ئەمەش ئەو هەلەی ڕەخساند تا دەستەیەکی فراوان لە پیاوانی حوکمڕان و کارگێڕ لە نزیکەوە ژیان و گوزەران لە پایتەختێکی ئەورووپیدا ببینن، ڕاپۆرتەکەشی کە وەسفی ڤیەننای تیاکردووە، بەیەکەم کار دادەنرێت پێشکەش بە بابیعالی کرابێت و تیایدا وەسفی ژیانی لە ئەوروپا لەخۆگرتبێت.

بەڵام ئەو گەشتە گرنگەی کە بوو بە نموونە بۆ نووسینی ڕاپۆرتە گەشت بۆ پایتەختێکی ئەورووپی، گەشتەکەی موحەممەد ئەفەندی بوو لە ساڵی (١٧٢٠ن)دا بۆ پاریس، کە دواتر لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا لە ڕووی شێوازو فۆرمەوە بوو بە ڕێبازێك بۆ نووسینی گەشتنامە[٢].

لەڕووی فۆرمەوە گەشتیان دەکردە سێ بەشەوە: بەشی یەکەمی تەرخان دەکرا بۆ ڕۆیشتنی باڵوێزو گواستنەوەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، یان لە بەندەرێکەوە بۆ بەندەرێکی تر تا دەگەیشتە پایتەختی مەبەست. لەم بەشەدا وەسفەکە پەیوەندی بەو ڕێکەوت و ناهەمواری و ناڕەحەتیانەوە هەبوو، کە لە ڕێگەدا توشی باڵوێزو شاندەکەی دەهاتن. دووەمیشیان، کە بەشێکی درێژترو گرنگتربوو، تایبەت بو بەو ئەرکەی خرابووە ئەستۆی باڵوێزو چاوپێکەوتنی پاشاو وەسفکردنی ئاوەدانی و داب و نەریت و مۆراڵی ئەو گەلەی سەردانی کردووە. بەشی سێیەم، کە وەك بەشەکانی تر گرنگ و تێرو تەسەل نەبوو، باسی لە ڕێگەکانی گەڕانەوەو گەشتنەوە بە ئەستەمبوڵی دەرگای سەعادەت دەکرد.

---

[1] SHAW. S. J: Betuween old and new.. P. 185

[٢] بڕوانە بەشی سێیەم.

بێگومان بەشی دووەم پێگەیەکی گرنگی لە ڕاپۆرتەکەی سەفیردا هەبوو. زۆرجار تێرو تەسەلی لە وەسفداو شۆڕبوونەوە بۆ نێو وردەکارییەکان دەبوونە مایەی دەوڵەمەنکردنی زانیارییەکان دەربارەی دۆخی ژیان لە پایتەختەکانی ئەوروپادا. وەسفیش لە دوو خاڵەوە سەرچاوەی دەگرت: لە پیشاندانی جیاوازی لە نێوان نەریتی گەلانی ئەوروپی و نەریتی عوسمانییەکاندا، خاڵەکەی تریش لە بڕوای پێشوەختەوە بە پێشکەوتنی ئەورووپا لە بوارەکانی ئاوەدانی و هونەر و زانست و پیشەسازیدا. ئیدی نووسەر وەسفێکی تێرو تەسەلی بۆ ڕواڵەت و دەرکەوتەکانی هەر لایەنێکی ئەم پێشکەوتنە دەکرد کە چاوی پێدەکەوت.

سەدەی هەژدەهەم زیادبوونێکی بەرچاوی لە ژمارەی ئەو باڵوێزە عوسمانیانەدا بەخۆوەبینی، کە ڕەوانەی پایتەختەکانی ئەورووپا دەکران. پاش موحەمەد ئەفەندی کوڕەکەی سەعید ئەفەندی لە ساڵی (١٧٤١ز)دا سەردانی پاریسی کرد، لەبەر ئەوەی پێشتر لە گەشتەکەی ساڵی (١٧٢٠ز)دا یاوەری باوکی کردبوو، سەردانی هاوڕێ دێرینەکانی لە بنەماڵەی کاسینی لە بنکە فەلەکەوانیەکەی پاریس دا کردووە. سەعید ئەفەندی شارەزای لە زمانی فەڕەنسیدا هەبوو، لە ڕاپۆرتەکەیدا باس لەوەدەکات سەردانی فرانسیزی کۆمیدی کردووە و شانۆگەرییەکەی ڤۆڵتێری لەسەر موحەمەدی پێغەمبەر دیتووە[1].

گەشتەکەی موحەمەد دەرویش ئەفەندی بۆ پیترسبۆرگ لە هەمان بازنەدا هاتووە، بۆ داڕشتنەوەی گەشتەکەشی هەمان ڕێبازی پەیڕەوکراوی بۆ نووسینی گەشتنامە گرتۆتەبەر. گەشتەکەی

---

[1] Berkes, N: The Devlopement..P. 51

موحەممەد دەرویش ئەفەندی[1] لە سەرەتای سەردەمی سوڵتان عوسمانی سێیەمدا لە ساڵی (١٧٥٤ز) ئەنجامدراوە، دەتوانین وا گەشتەکەی هەڵبسەنگێنین کە دوو ئامانجی لەپشت بووە: ئاگادارکردنەوەی خانمە ئیمپراتۆر بەچونە سەر تەختی سوڵتانێکی نوێو هەوڵدان بۆ باشترکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ڕووسیا. بەڵام لە ڕاپۆرتەکەیدا باس لەم مەسەلانە ناکات، بەڵکو تەنها بینینەکانی بە تێرو تەسەلی باسکردووە. دەتوانین سەرنجەکانی لە سێ مەسەلەدا کورتبکەینەوە: ژیانی کۆمەلآیەتی و ئاوەدانی و پێشکەوتنی سەربازی.

سەبارەت بە ژیانی کۆمەلآیەتی، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاوە، ئازادی تێکەڵبوون لە نێوان ژنان و پیاواندا و ئاهەنگەکانی سەما، کە لە کۆشکی خانمی ئیمپراتۆردا سازدەدران. سەبارەت بە ئاوەدانیش بۆ وێنە ئەوەی تێبینیکردووە کە: "ئەو شوێنەی پیترسبۆرگی لەسەر بوونیادنراوە پێشتر دارستان و ئاو بووە.. پیتەری سیزار گۆشەنیگای وابو شوێنەکەی زۆر گونجاوە، ئەوەبوو شارەکەی لەسەر بوونیادنا، دارستانەکان نەمان و زۆنگاوەکانیش وشکرانەوە، ماڵیان لە تەنیشت ڕوبارەکەدا بەرزکردەوە و بە قرمید سەریانگرت، جێگەیەکیش کە لە ڕوبارەکەوە دور نیە تەرخانکراوە بۆ بوونیادنانی کەشتی بۆ خزمەتی ئیمپراتۆر و خەڵکی بەگشتی. بەو هۆیەوە کە ڕوباری نێڤا (Neva) دەچێتەوە سەر دەریای بەڵتیك، ئەوا هەرگیز دیمەنی هاتنی کەشتی وڵاتانی دراوسێی لێنەدەبڕا"[2] هەرچی بواری سەربازیشە، ئەوا لە وەسفکردنی جبەخانەکاندا دەردەکەوێت:

---

[1] -Relation de L"ambassade du Dervich Mehemed Efendi a petersbourg. Extradite des annals de L"empire ottoman. Journal Asiatique, Vlll(1826) PP.118-125.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٢٢.

" لـه ڕۆژی دواتـردا بـاڵوێز سـەردانی جبەخانەکـەی کـرد، بیسـت و پێنچ کەشتی بینی، باڵوێز لەو کەسانەی پرسی کە دەوریاندابو، ئەم کەشتیانە لـە کـوێ بـەکاردەهێنرێن ؟ وتیـان: یەکـەم جار لـە دەریـای بـەڵتیك، لەوێشـەوە ڕێگـەی زەریـا دەگرنەبـەر بـۆ مەشـقپێکردنی سوپاکەمان لەسەر هونەری دەریاوانی "[١].

ڕاپۆرتەکـەی موحەمـەد دەرویـش ئەفەنـدی، کـە جـارێکی تـر لـە سـاڵی (١٧٦٤ز)دا دا سـەردانی پیترسـبۆرگ دەکاتـەوە، وێنەیـەکی سەبارەت بە نوێکردنەوەی ڕووسیا لـە سـەردەمی کـاترینی دووەم و ئـەو پێشـکەوتنەی لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدەهـەم دا پێیگەیشتوون، پێشکەشکردووە.

گەشـتەکان بـۆ پایتەختـەکانی ئـەوروپا یـەك لـە دوای یـەك دەسـتیانپێکرد، موسـتەفای سـێیەم لـە سـاڵی (١٧٥٧ز)دا شـەهدی عوسمان ئەفەندی بۆ لای خانمە ئیمپراتۆری ڕووسیا ڕەوانـەکرد، بۆ ئاگادارکردنـەوەی لـە چـونی سـوڵتانێکی نـوێ بـۆ سـەر عەرشـی عوسمانی. لە هەمان ساڵداو بۆ هـەمان مەبەست، ئەحمەد ڕەسمی[٢] جـەمیل ئەفەنـدی (١٧٠٠-١٧٨٣ز) هـەنارد بـۆ ڤیـەننا، کـە دوای گەڕانـەوەی بـە ناونیشـانی "ویانـە سـفارتنامە سـی" ڕاپـۆرتێکی نووسـی. ئـەمیش تێبینیـەکانی سـەبارەت بـە پایتـەختێکی تـری ئەورووپا نووسیوەتەوەو دەڵێت: "پایەدار و سامانداڕەکان تا سەعات هەشت یان دەی سەر لە بەیانی لەخەو هەڵناسن، بۆ نزیك نیوەڕۆ بەرچـای دەخـۆن. دوای نیـوەڕۆ جـارێکی تـر خـوارد دەخـۆن، و بـە گالیسـکەکانیان هەنـدێك دەسـوڕێنەوە و پاشـان ئامـادەی ئاهـەنگێك یـان ئۆپێرایـەك دەبـن، لەوێشـەوە دەڕۆن بـۆ بەشـداریکردن لـە

[١] هەمان سەرچاوە، ل١٢٤.

[2] Babinger. F. art. Ahmed Rasmi Ei2, Vol. 1, P. 304.

کۆبوونەوەیـــەك و بـــە خـــواردنی شـــیوی ئێـــوارەش ڕۆژەکـــەیان کۆتاییپێدەهێنن..."[1].

هـــەروەها دوای ئـــەوەی ســـوڵتان عەبدولحەمیـــد لـــە ســـاڵی (١٧٧٤ز)دا، چووە سەر عەرش، ئەحمەد ڕەسمی بە سیفەتی وەزیر سـەردانی بـەرلین-ی کـرد. ڕاپـۆرتێکی تـری لەسـەر ئـەم گەشـتەی نووسـیوە، تیایـدا وردەکـاری زۆری ئاماژەپێکردووە. ئـەم ڕاپۆرتـەی هەر زوو سەرنجەکان بۆ خۆیان ڕادەکێشـن، تەنانـەت لـە ڕۆژئاواشـدا، هەڵبەتـە بـەهۆی بیروڕاکانیـەوە سـەبارەت بـە پۆلیسـی پروسـیاو وەسـفکردنی بۆ بەرلین و دانیشـتوانەکەی و بەهۆی هـەموو تێبینیـە وردەکانی ترییەوە.

لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەحمەد ڕەسمی کتێبێکی گرنگی بە ناونیشانی (خلاصة الاعتبار) نووسیوە[2]، تیایدا باسی لە جەنگی ڕووسـی لـە بەلقانـدا کـردووە. لـەم کتێبـەدا کـە لـەوە زیـاترە بـە تـەنها گێڕانەوەیەك بێـت بـۆ ڕوداوەکـان، نـاوبراو هـەوڵ ئـەدات هۆکارەکـانی هەڵکشـانی ڕووس بـۆ سـەر شـانۆی مێـژوو و لـە هـەمان کاتـدا پاشەکشێی هێزی عوسمانی و ونبوونی ئامادەگیان ڕاڤەبکات.

ئەحمـەد ڕەسمـی لـە کتێبەکەیـدا، کـە جۆرێکـە لـە ڕاڤـەکردن و شیکردنەوەی مێـژوویی، ڕەخنـە لـە نـەزانین و لوتبـەرزی کۆنـەپارێزە عوسمانییـەکان دەگرێـت و بـە بەرپرسـی هەڵگیرسـانی جـەنگ و دۆڕانیشـیان دەزانێـت. نـاوبراو یەکـەم کەسـە ڕەخنـە لـەو ئەفسانەی عوسمانییـــە بگرێـــت، کـــە دەڵێـــت: تورکـــەکان دانـــراون بـــۆڕ بەمەسیحییەکان بدەن، ئیدی بەچاوپۆشین لە ژمارەو هێزو توانایان.

---

[1] هامەری Hammerی مێژوونووس لە مێژووەکەیدا ب١٦، ص٢٧-٢٨ ئاماژەی بۆ دەقەکە کردووە.

[2] دەستنووسێك لە کتیبخانەی نیشتمانی لە پاریس، ژمارە ١١٨٠.

ئەو ئاکامانەشی پێیگەیشتووە، بوار دەدەن لە دەرەوەی هەژمونی ئاییندا بەدوای بەهای نوێدا بگەڕێین، کە دەبنە هۆی تێگەیشتنی عەقلانیانەتر لە ڕوداوەکان. هێمای بۆ ئەوەش کردووە، کە هێزی عوسمانی ئاوابووە، ناشتوانێت ڕوبەڕوی ڕووسیا ببێتەوە، کە خاوەن سامانێکی مادی مەزنەو لە بواری سەربازیدا پێشکەوتووە. لە کۆتاییدا دەڵێت پەیڕەویکردنی سیاسەتی ئاشتەوایی و لێبوردەیی بەرامبەر نەتەوە نا موسڵمانەکان کارێکی پێویستە، بڕواشی وابوو دەبێت هەڵاوێردە سیاسیەکان دور لە کەف و کوڵی ئاینی ئەنجام بدرێن، لێرەدا داوادەکات هەمان ئەو ڕێبازانە بگیرێتەبەر کە وڵاتە ناموسڵمانەکان پیادەی دەکەن[1].

لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونانەدا کە ئەحمەد ڕەسمی لە ڕاپۆرتەکانیدا ئاشکرایکردوون، ڕادەی کاریگەریەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوروپا بۆ ئاشکرادەبێت، کە لە میانەی گەشت و پەیوەندیە ڕاستەوخۆکانەوە ڕوویاندەدا. ئەمەش ڕادەو سنووری نەترسیی و چاوقایمی بۆچوونی ڕۆشنگەرە عوسمانییەکانمان بۆ دەخاتەڕوو.

لە چوارچێوەی گەشت و پەیوەندیەکاندا لەگەڵ پایتەختەکانی ئەوروپا، بایەخ و گرنگی ئەزمونەکەی سوڵتان سەلیمی سێیەممان بۆ دەردەکەوێت، کە خۆی لە هەناردنی نێردراوی بەردەوامدا بۆ پایتەختەکانی ئەوروپا دەبینیەوە، ناوبراو باڵوێزەکانی خۆی ڕەوانەی هەر یەك لە لەندەن و پاریس و ڤیەنناو بەرلین و پیترسبۆرگ کردووە.

---

[1] Berkes. N: The Development. PP. 57-58.

**یەکەم باڵوێزەکانی سەلیمی سێیەم بۆ لەندەن، یوسف ئاغا [1] بوو، کە لە ساڵی (١٧٩٣ز)دا گەیشتۆتە ئەو شارە، دوای ئەوەش مەحمود ڕەئیف[2] لە نێوان ساڵانی (١٧٩٥ و ١٧٩٧ز)دا پۆستی سکرتێری باڵوێزخانەی وەرگرتووە. هەروەها سوڵتان لە ساڵی (١٧٩٦ز)دا مورلی عەلی ئەفەندی[3] ناردووە بۆ پاریس، ئەوەبوو تا ساڵی (١٨٠٢ز) لە پۆستەکەی ماوەتەوە، دوای ئەویش لە نێوان ساڵی (١٨٠٢ و ١٨٠٥ز)دا خالید ئەفەندی[4]. پاشان لە نێوان ساڵانی (١٨٠٦ بۆ ١٨١١ز)دا، موحیب ئەفەندی و وەحید ئەفەندی[5]. بەڵام بۆ ڤیەننا ئەوا سوڵتان لە ساڵی (١٧٩٢ز)دا، ڕاتب ئەفەندی هەناردووە، دوای ئەویش لە نێوان ساڵی (١٧٩٧ بۆ ١٨٠٠ز)دا، ئیبراهیم عەفیف ئەفەندی. لە بەرلین_ یشدا ئەحمەد ئەفەندی لە نێوان ساڵانی (١٧٩٠ بۆ ١٧٩٤ز) ماوەتەوە، عەلی عەزیز ئەفەندیش لەنێوان ساڵانی (١٧٩٧ بۆ ١٧٩٨ز)دا، پۆستی تەنها باڵوێزەکەی پترسبۆرگیش لە ساڵی (١٧٩٢ز)دا، پاش کۆتایی جەنگ و بەستنی پەیماننامەی "ژاسی" موستەفا ڕەشید پاشا پڕیکردبۆوە، کە ماوەیەکی کورت لە پۆستەکەیدا مایەوە[6].**

---

1 Hammer, J. v: Account of the mission of Yusuf Agha, ambasadeur from turkey to the british Court. T. R. A. S. Vlll(1833). PP.496-505

2 Rail, M: Journal de Voyage de Mahmoud Rail en Angleteree, ecrit par lui-meme. Topkapi Istanbul, Ahmed lll Collection, MS. No 3707.

٣ **دەربارەی چوونی مۆرلی عەلی ئەفەندی بۆ پاریس بڕوانە:**

Hrbberte, M; Un ambassade turquesous le directoire, Paris 1902.

٤ **بڕوانە وەرگێڕدراوی فەڕەنسی ڕاپۆرتەکەی موحیب ئەفەندی لە چوارچێوەی:**

Bareilles, B: Un turc a Paris. Bossard 1920.

٥ **ڕاپۆرتی وەحید ئەفەندی لە کتێبخانەی نیشتمانی لە پاریس، ژمارە ٥٠٧.**

٦ **پیشاندانێکی خێرای ئەم باڵوێز و گەشتانە لەم سەرچاوەدا ببینە:**

- SHAW. S. J: Between old and new..PP.187-193.

زۆرینەی ئەم باڵوێزانە ڕاپۆرتیان سەبارەت بە گەشتەکانیان بۆ ئـەو پایتەختانـەی هێمایـان بـۆ کـراوە نووسـیوە، دیارترینیـان ڕاپۆرتەکەی هەردوو باڵوێز موحیب ئەفەندی و وەحید ئەفەندی بوو لە پاریس.

موحیب ئەفەندی پێنج ساڵ لە پاریس ماوەتەوە[١]، لە ساڵی (١٨٠٦ز)دا نێـردرراوە بـۆ لای نـاپلیۆن بـۆ ئـەوەی پیرۆزبـایی پێشکەشبکات، ناوبراو هەمان نەریتی نێردراوەکانی پێش خۆی، ڕوداوەکانی مانـەوە درێژخایەنەکـەی تۆمـارکردووە، لـە سـەرەتای ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: "وەك لاسایکردنەوەی باڵوێزە نێردراوەکانی پێشوتر لە وڵاتی کافراندا، ساکیز چەلەبی (محەمەد ئەفەندی) کە لە ساڵی (١١٣٢ك/١٧٢٠ز) ناردویانـە بـۆ پـاریس، کردۆتـە نموونـەی خۆم، سەبارەت بە مانەوەی خۆم لەم وڵاتە ڕاپۆرتێکم نووسیوە". لەو سـونگەوە کـە لـە نووسـینی "سـفارتنامە"کەیدا هـەمان ڕێبـازی موحەمەد ئەفەندی پەیڕەوکردووە، ئەوا وەسفێکی تێرو تەسەلی بۆ کارگە و مانیفاکتۆرە و قوتابخانەو کتێبخانە گشتییەکان، هەروەها بۆ دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و دادپەروەری و گەشەکردنە بەرچاوەکانی فەڕەنسا کردووە.

یەکەم شتێك وەسفیدەکات پاریسی دێرینە، کە تیایدا تێبینی ئـەمن و ئاسایشـی کـردووە، کـە چـۆن خێـرا سەرپێچـیکەران و تاوانباران دەستگیر دەکرێن، پاشان دەچێتە سەر باسی دادپەروەری و مافی تاکەکان و سەرنجی ئەوەدەدات، کە یاسا هەمووان وەك یەك دەگرێتەوە لە دۆخێکدا ئەگەر تاوانەکەی بەسەردا سەلمێنرا، ئیدی هەر کەسێك بێت و پلە و بنەماڵەکەی چی بێت. ئەمن و ئاسایش

[١] لێرەدا وەرگێرانی Bareillesی ئاماژەبۆکراومان بەکارهێناوە.

سەرچاوەی گەشەکردنن، پاراستنی ئازادی و سەربەستی تاکەکان دەستیان والآدەکات بۆ کارکردن و گەشەپێکردنی شار دەڵێت:"لە دەشتاییەکانی فەڕەنسادا شارگەلێکی زۆر هەن، مرۆۋ دوو سەعات ناڕوات ڕێکەوتی شارێگ یان گوندێك دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تێکڕای چالاکی دانیشتوان بۆ کارکردن ئاڕاستەکراوە، ئەمن و ئاسایش فەڕەنسای کردۆتە ولآتێکی گەشاوە کە توانای خۆبژێوی هەیە". هەروەها هێما بۆ یەکسانی لە مامەڵەکردنی هاولآتیاندا لە نێوان تێکڕای دەستەو تاقمەکاندا کردووە.

بەدیوێکی تریشدا موحیب ئەفەندی چەندین لاپەڕەی لە ڕاپۆرتەکەی بۆ قسەکردن لەسەر ژیانی کۆمەلآیەتی لە فەڕەنسادا تەرخانکردووە، لەم بارەوە دەڵێت:"پیاوان و ژنانی مەسیحیی لە ڕابواردندا تەواوی ئازادی، ئازادن". باسی فرانسیزی کۆمیدی و کۆشکی پاشایەتی دەکات، هەروەها سەردانی ئەو ڕوانگەیەی کردووە کە محەمەد ئەفەندی پێشتر سەردان و ئاماژەی بۆ کردووە. هەروەها سەردانی کتێبخانەی نیشتمانی کردووە و ئەمانەی تیادا بینیوە: "کتێبی زۆر کە هەژمارناکرێن لەسەر ڕەفەکان بەجوانی سەفتە کراون. لەوانە کتێبی مێژوو و زانست و شیعرو ئەدەب". هەروەها سەردانی نەخۆشخانەو قوتابخانەکانی کردووە. شتێکی سرووشتی بوو لە ڕۆژگاری ناپلیۆن پۆناپەرتدا سەرسام بێت بە هێزی سەربازیی فەڕەنسیی، دەڵێت: " گەل هەمووساڵێك هەشتا هەزار پیاوی پێشکەش دەکەن... پاش هەشت یان دە ساڵ لە ڕاژەکردن، ئەم سەربازە ڕەوانەی ماڵەوە دەکرێتەوە، ئەگەر بریندار نەبێت، ئەوا لە کۆشکێکی گەورەدا پێشوازی لێدەکرێت و تا دوا ڕۆژگارەکانی ژیانی خزمەت دەکرێت".

بالّوێزێکی تر کە لە سەردەمی سەلیمی سێیەمدا سەردانی پاریسی کردووە و ڕاپۆرتێکی درێژی سەبارەت بە گەشتەکەی نووسیوە "سەید وەحید ئەفەندی" یە[1]، سەردانەکەی بۆ پاریس و شارەکانی تری فەڕەنسا و ئەوروپا، کە لە سەرەتای سالّی (١٨٠٧ز)دا دەستیپێکردووە، نزیکەی سالّێکی خایاندووە. مەبەستی ئەم سەردانە دیاربو، چاوپێکەوتنی ئیمپراتۆرو گفتوگۆکردن بوو لەگەلّیدا سەبارەت بە هەندێ مەسەلەی سیاسی. بەلاّم مەبەستەکە جێبەجێ نەبو، چونکە لەو ماوەدا ئەو لە فەڕەنسا بو سولّتانیان لەسەر تەخت لادا، ناچار گەڕاوەتەوە ئەستەمبولّ، لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەشیدا نووسیویێتی " لە دەستکەوتەکاندا بە گەڕانەوە قایلبوم". بەهەرحالّ ئەو ڕاپۆرتەی کە سەفیر نوسیویێتی، بەلّگەیەکی ترە لەسەر کاریگەری گەشتەکان لە سەر ناساندنی ولاّتانی ئەوروپا. بەو هۆیەوە کە سەید وەحید ئەفەندی لەگەشتەکەیدا ڕێگەی خاکیی گرتۆتەبەر، بۆیە توانیویێتی دەرکەوتەکانی پێشکەوتن لە زۆرێك لە شارەکانی ولاّتە جیاوازەکانی ئەوروپا تێبینیبکات.

لەڕێگەیەکی خاکیەوە چووەتە بەلگرادو لە شارەکەدا ماوەتەوە، وەسفێکی قەلاّکەی و تێپەڕبوونی ڕووباری دانوب دەکات بە ناویدا، هەروەها باسی لە بواری زانستیی شارەکە کردووە، پاشان لە ڤیەننا ماوەتەوە، ئەوەی لەم شارەدا سەرنجی ڕاکێشاوە: کتێبخانەکەیەتی کە چەندین نووسینی ئیسلامی تێدابووە، هەروەها باسی نەخۆشخانەکەی (تشریح خانە) کردووە کە تابلۆیەکی تیادابووە لە وێنەی مرۆڤ و چەندین نەخۆشی جیاجیای لەسەر ڕوونکراوەتەوە،

---

[1] سید وحید افندی: فرانسە سفارتنامە سی، مخطوط المکتبة الوطنیة، باریس.

نـاوی ئەندامـەکان و دەمارەکـان لەسـەر وێنەکـە دەستنیشـانکراوە. ناوبراو لەسەر گەشتەکەی بەردەوام دەبێت و لەو نێوانەشدا درێژەی بەوەسفکردنی سروشتی شارەکان داوە، لەوانە وەسفکردنی شاری وارشـاویا (فەرسـۆفیا) و ڕوبـاری ڤسـتۆل و لیتوانیـا، لـەو میانەشـدا بـاس لـە پروسـیاو پرنسـیپەکانی کۆمـاری دەکـات، زانسـتەکانی ماتماتیـك و هونـەرەکانی جـەنگ سـەرنجی ڕاکێشـاون، ئامـاژەی بـۆ ژمـارەی سـەربازەکانی پروسـیا کـردووە. بەهـەمان شـێوە بـۆ بەرپرسـەکانی ئـەم ولاّتـە، کـە چـۆن بـۆ زانینـی داهـات و خـەرجی دەوڵـەت وردبینـی ئەنجامـدەدەن. تێپـەڕبوونی کەشـتییەکان بەڕووبارەکانداو لە میانەی بەربەستە دەستکردەکانەوە، یەکێکی تـرە لەو شتانەی سەرنجیان ڕاکێشاوەو پێی سەرسام بووە.

پـاش ئـەوەی گەیشـتە فەڕەنسـا، پـێش چـاوپێکەوتنی لەگـەڵ ئیمپراتـۆردا، وەك سـەرەتایەك تـالیرانی بینیـوە، پاشـان لـە کۆشـکەکەیدا چـاوی بـە خـودی بۆناپـەرت کـەوتووە کـە بـەوەرگێڕ و مارشاڵ و ژەنەڕاڵ و تێکڕای ئەفسەرەکانی تر دەوردرابوو. بەشێکی ڕاپۆرتەکـەی بـۆ نیشـاندانی ژیـانی بۆناپـەرت تـەرخانکردووە، هـەر لەدایکبوونیەوە تا گەیشتنی بە پـاریس، و ڕۆڵـی لـە (نائارامیەکانـدا) واتا لە شۆڕش دا، چۆن (فەڕەنسا جمهوری) واتا کۆماری فەڕەنسا بە ئـەرکێك ڕەوانـەیان کـردووە بـۆ ئیتالیـا، لـەوێ ڕۆمـاو نـاپۆلی داگیرکـردووە، ئامـاژەش بـۆ ئـەوە دەکـات، کـە دەسـتکەوتەکانی لـەو ولاّتەدا گەورە فاتیحەکانی مێژووو دێنێتەوە یاد[١].

[١] لە کاتی قسەکردندا سەبارەت بە ناپلیۆن سید وحید افندی داگیرکردنی ناپلیۆن بۆ میسر پشتگوێ دەخات.

لەگـەڵ باڵوێزەكـانی سـەلیمی سـێیەمدا ئـەوروپا لـەوە دەرچـوو خاكێك بێت بـۆ دۆزینـەوە، ئـەوروپا لای ئـەوان و ژمارەیـەكی زۆر لـە توركـانی عوسمـانی خـاكێكی ناسـراوبوو، ئیـدی توركێـك كـە لەسـەر قاچـەكانی ڕاوەسـتابوو، ئەوروپیـەك نـەبوو، كـە لەسـەر سـەر وەسـتابێت، وەك ئـەوەی موحەممـەد ئەفەنـدی لـە جیـاوازی نێـوان توركێـك و ئەوروپیەكـدا لـە سـەرەتای سـەدەی هەژدەهەمـدا ئامـاژەی بۆكردووە.

## ڕاپۆرت و نامەكان

ڕاپـۆرتی باڵوێزەكـان وێنەیـەكی واقیعیـان لەسـەر پایتەختـەكانی ئەوروپاو شارەكانی هەروەها سروشتەكەی پێشكەشكرد، بـە جۆرێك پـێش ئـەوەی سـەدەی هەژدەهـەم تـەواوبێت، وێنەكـە بەتـەواوی كـامڵبوو، بـە جۆرێـك توركـە عوسمانییـەكان بـوون بـە خـاوەن بیرۆكەیەكی سەراپاگیری تێرو تەسەل لەسەر دانیشتوان و دەوڵـەت و حكومەتەكانی ئەوروپا، بە هەمان شێوە ژیانی زانستی و ئاوەدانی و توانـا سـەربازییەكانیان، سـەرباری ئـەو بیروباوەڕانـەی پێشـكەوتنی ئەوروپیـەكانی كۆنترۆڵكردبـوو و ژیـارە هاوچـەرخەكەیانی پیشاندەدایەوە.

ئەگەر ڕاپـۆرتی باڵوێزەكـان گرنگیـەكی سنووردارییان دابووە ئـەو بیروباوەڕانەی لە ئەوروپادا دەركەوتبوون، ئـەوا نووسـەری ڕاپـۆرت و نامـە چارەسەرسـازیەكان لـەم بیروباوەڕانـە بـە ئاگـاتربوون، تـەنها بـە تێبینیكردنی دەركەوتەكانی پێشكەوتنی ئەوروپا نەوەسـتان، بـەڵكو هەوڵیانـدا لـە میانـەی شیكردنەوەو ڕاڤـەكردنی ئـەو هۆكارانـەوە لـە هۆكارەكان بكۆڵنەوە، لە هەمان كاتدا هەوڵیاندا ئەو توخم و ڕەگەزانە بدۆزنەوە كە هێزی پێشوتری عوسمانی دەگێڕێتەوە، لە میانـەی ئـەو

بڕە زانیاریانـەی سـەبارەت بـە هۆکارەکـانی پێشـکەوتنی ئـەوروپا وەدەستیان هێنابوو.

نووسەری ئەو نامانە سـەر بەدەسـتەیەکی نووسـەرانی عوسمـانی بوون، کە ئەدەبێکی تایبـەت بەخۆیان داهێنـابو، ئـەویش ئـەو ئەدەبـە بوو، کە پرس و کاروبارەکانی حوکم یان دیوانیـان چارەسـەردەکرد و گرنگییـان بەپـەروەردەکردنی مـیرو پاشـاکان دەدا[1]. ئـەم جـۆرە لـە نووســین لــە قۆناغــە جیاوازەکــانی حــوکمڕانی عوسمانیــدا پەرەیســەندووە، بــەهۆی پەیوەنــدی نزیکیانــەوە لــە ســوڵتان و سەرپەرشتیکردنیان بۆ کاروبارەکانی حوکمڕانی نووسـەرانی نامـەو ڕاپۆرتـەکان پێگـەیەکی دیـارو بەرچاویان هـەبووە. لـە سـەردەمانێکی زۆر زووشــەوە ئــەم ئەدەبــە لای عوسمانییــەکان بایــەخی تایبــەتی پەیداکردووە، بەهۆی چارەسەرکردنی بۆ ئەو مەسەلانەی پابەندبوون بــە ئاینــدەی دەوڵەتــەوە. ئـەم نووســەرانە قۆنــاغ دوای قۆنــاغ و لــە میانــەی گفتوگــۆکردنی بەردەوامــەوە لەمــەڕ داتــەپینی دەوڵــەتی عوسمانی جۆرێکی نوێی بیرکردنەوەیان داهێنا. بینیمان چۆن قوچی بـەگ و حـاجی خەلیفـە و حوسێن هەزارفـەن و ئـەوانیتر تێکڕایـان لـە نووسـەرانی دیـوان و لـە خزمـەتی سـوڵتاندا بـوون. نووسینەکانیان بەشـێکی بنچـینەیی ئـەدەبی سیاسـی پێکـدەهێنا، کـە گرنگـی بـە ئێستاو ئایندەی دەوڵەت دەدا.

لـەماوەی سـەدەی هەژدەهەمـدا ئیبراهیم موتەفەڕیقە بە کتێبـی " بناغەی حوکمڕانی لە ڕژێمی گەلاندا"و ئەحمەد ڕەسمی لـە "کورتـەی ئیعتیبـار"دا، دەرکـەوتن، ئـەم نووسـەرانە لـە میانـەی بـەکارهێنانی تــوخم و ڕەگــەزی نوێــوە لــە شــیکردنەوەی لاوازی و داتــەپینی

---

[1] جب و بوون المجتمع الاسلامی والغرب، ج١ ص٤٥.

عوسمانی و ئاوابوونی تواناکانیەوە توانیان شتی نویٚ بخەنە سەر ئەم ئەدەبە سیاسییەی عوسمانی، هەڵبەتە لەبەر ڕۆشنایی دەرکەوتنی هۆکارو ئامرازی ئەوروپی و دوپاتکردنەوەی ئەوروپا بۆ تواناو هێزی خۆی، نەك تەنها لە بواری سەربازیدا، بەڵکو لە بوارەکانی زانست و ئاوەدانی و فیکریشدا. دەتوانین بڵێین کە ئاکامی هەوڵو تەقەللاکانی ئەوان دوو ڕۆڵی جیاوازی گێڕا، یەکەمیان: قبووڵکردنی واقیعی ئاوابوونی هێزو توانای عوسمانی، دووەمیشیان: زەمینە ڕەخساندن بۆ قبووڵکردنی بیروباوەڕە نوێکانی ئەوروپا[١].

ئەو پەرەسەندنە گرنگەی هاتە نێو ئەم جۆرە لە ئەدەبی سیاسی، لە سەردەمی سەلیمی سێیەمدا دەرکەوت، لە چوارچێوەی ئەنجومەنی مەشروتەدا کۆمەڵێك ڕاپۆرت پێشکەشکران، گرنگترینیان هەردوو ڕاپۆرتەکەی تاتارجیق و ئەبو بەکری ڕاتب ئەفەندی بوو، ئەگەر کاریگەریەکان بە گشتی لە ڕاپۆرتی یەکەمیاندا هەستپێدەکرا، ئەوا ڕاپۆرتی دووەم بە ئاشکرا کاریگەریی فیکری فەڕەنسییان لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا پێوەدیاربوو.

عەبدوڵڵا مەلا تاتارجیق زادە (١٧٣٠-١٧٩٧ز) لە ساڵی (١٧٩٢ز)دا نامەیەك، کە پرۆژەیەکی چارەسەرسازی لە خۆگرتبوو، پێشکەش بە سوڵتان سەلیمی سێیەم کرد. خۆی یەکێك بوو لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری و لە ڕووی تەمەنیشەوە گەورەترینیان بوو، لە بنەڕەتیشدا کوڕی یەکێك لە زاناکان بوو، لە هەمان کاتدا خۆیشی لە زاناکان بوو. پێش ئەوەی سەلیمی سێیەم بچێتە سەر عەرش، چەندین پۆستی جۆراوجۆری دیبوو، لە قودس و

---

[١] بگەڕێوە بۆ بەشی دووەمی ئەم کتێبە.

قاهیرەو مەدینەدا قازی بوو[1]. لە ساڵی (١٧٨٩ن)دا پۆستی قازی عەسکەری ڕۆمللی بەدەستبووە، لە دوا ساڵەکانی تەمەنیشیدا پۆستێکی جیاوازترو دورتری لە پیشە بنەڕەتیەکەی خۆی وەرگرتووە، کرایە شارەزا لە بواری مەسەلە سەربازیەکانداو لە بەڕێوەبردنی ڕێکخستنی سوپاو نوێکردنەوەشیدا یاریدەدەرو بەشداربوو. ژیاننامەی ئەم کەسایەتیە بەهرەمەندیەکەی پیشاندەدات و بەڵگەن لەسەر بیروباوەڕی کراوەی ئەو، لەوانە بانگهێشتکردنی بۆ نوێکردنەوەی دەوڵەت وێڕای ئەوەی خۆی سەر بەزانایان بوو، ئەوانەی دژی بە هەنگاوە چارەسەرسازیەکانی سەلیمی سێیەم وەستانەوە.

ئەو نامەی کە بۆ ئەنجومەنی مەشورەتی بەرزکردەوە، چەندین پێشنیاری بۆ چاکسازیکردن لە هەردوو بواری سەربازی و مەدەنیدا تیابوو[2]. دابەشیکردبووو بۆ دە بەش، وەك لە ناونیشانەکانیدا دیارە ئەم مەسەلانە لەخۆدەگرێت: خستنەڕووی کاروباری سوپا و ڕێکخستنی، خستنەڕووی سیستمی زانایان و مامۆستایان و قازییەکان. خستنەڕووی سیستمی مامەڵە و گوشارەکانی باج و ڕیفۆرم لە بواری دراودا. دەرخستنی سوودو کەڵکی بزاوتە چارەسەرسازیەکانی سوڵتان، پێویستی بەهێزکردنی سنوورە هەڕشەلێکراوەکانی ئیسلام، ڕیفۆرمکردن لە بواری دەریاوانیدا و پێویستی بوونیادنانی کەشتیگەل. زیادکرنی داهاتی دەوڵەت و بەرتەسکردنەوەی خەرجیەکانی، پیشاندانی دۆخی وەزیرەکان،

---

[1] - SHAW. S. J:Between old and new. P.92

[2] لێرەدا گەڕاینەوە بۆ دەستنووسەکەی تاتارجیق زادە کە ناونیشانی (لایجە)یە لە کتێبخانەی نیشتمانی لە پاریس، ژمارە ١١٠٥.

پێویستی ڕێکخستنی جزیەو نەهێشتنی ستەم و زوڵم و زۆر لەسەر تێکڕای وڵات و عیباد.

تاتارجیق زادە چەندین باس و خواس و پێشنیاری دیاریکراوی سەبارەت بە پیشەکەی خۆی کە لە چینی عولەما یان زانایان بوو پێشکەشکردوە، ئەوەی پێشنیارکرد کە ئەندامانی زانایان دوای تاقیکردنەوەیەك هەڵبـژێردرێن، ئەم هەڵبژاردنەش دەستەیەکی تایبەت ئەنجامیان بدات کە لە لایەن خودی سوڵتانەوە پێکهێنرابێت. سەبارەت بە ژمارەی پۆستەکان و سنووری موچەکانیش ئەوا پێویستە بگەڕێنرێتەوە بۆ دۆخی جاران، هەرچی پۆستی شەیخولئیسلام بوو، ئەوا دەبوو بدرێت بە کەسێکی شایستە و لێهاتوو، هەمان شت سەبارەت بە پۆستە ئایینیەکانی تر. بڕوایشی وابوو ئەوانەی پۆستەکان وەردەگرن، پێویستە کاتی پێویستیان بدرێتی کە لە نێوان پێنج بۆ دە ساڵ بێت، لەگەڵ سەربەستی تەواودا بۆ لێپێچینەوە لە ڕەوشی ئەو دام و دەزگایانەی لە ئەستۆیان گرتووە، هەروەها بۆ گەڕانەوەی نەزم و دیسپلین بۆ دەزگای زانایان و گێڕانەوەی بۆ دۆخی ئاسایی جارانی خۆی.

سەبارەت بەڕاڤەکردنی بارودۆخی دەسەڵات و هۆکاری کەنەفتبوون و داتەپینی، ئەوا دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دۆخەی دام و دەزگاکان لە ماوەی هەردوو سەدەی ڕابوردودا بەسەریانبردووە. ناوبراو لێرەدا ڕاڤەکردنەکەی قوچی بەگ دوبارەدەکاتەوەو دەڵێت: لە کاتێکدا سوڵتانە عوسمانییەکان لەگەڵ پیاوەکان و سەربازەکانی سوپاکەیاندا دەژیان و پەیوەندیەکی پتەوو تۆکمەیان لەگەڵ ڕەعیەتەکانی خۆیاندا هەبوو، ئەوکات خۆیان دەیانتوانی لە نزیکەوە لێپێچینەوە لە کاروباری دەوڵەتەکەیان بکەن، بەڵام دوای فەتحی قستەنتینیە ئەوان لە ڕەعیەتەکەیان دورکەوتنەوە، لێرەدا شتێکی

نویٚ دەڵێت کاتێك دەڵێت: دورکەوتنەوەو گۆشەگیربوونی ئەوان لە ئاکامی دیسپلینی ئاڵۆزو ئەو پرۆتۆکۆل و سرووتانەدا بو، کە لە بیزەنتەکانەوە بەجێمابوون، سەبارەت بە عەبدوڵلا تاتارجیق زادەش ئەم مەسەلە سوڵتان و وەزیرەکانی دابڕیبوو لەهەر جۆرە مەعریفەیەکی ورد لەسەر بارودۆخی دەوڵەت.

هەروەها ڕەخنە لە سیستێمی بەرتیل خواردن دەگرێت، کە سەرجەم دام و دەزگاکانی دەوڵەتی دووچاری گەندەڵی کردبوو. ڕەخنەشی لە سوڵتان و دەوروبەرەکەی گرتووە، چونکە کاربەدەستەکانیان ناچاردەکرد موچەی گەورە بدەن، ئەوانیش لای خۆیانەوە کاربەدەستانی لە خۆیان ئاست نزمتریان ناچار بە پێدانی پارە دەکرد، بەم جۆرە و بەشێوەیەکی هەرەمی گەندەڵی سەرجەم پلەو پۆستەکانی کارگێڕی گرتبووەوە.

سەبارەت بەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە دۆخی سەربازییەوە هەیە، ئەوا پێشنیاری چەندین چاکسازی و تین و توان دەکات،کە پێشتر نەبوون، لەوانە باشترکردنی گەنجینەو جبەخانەکان و بوونیادنانی کەشتی نویٚ و قایمکردنی قولەو قەڵاکان لە چەقە سنووریەکاندا، هەڵبەتە ئاشکرایە ئەوە لە ئاکامی ئاگاداربوون و زانینی تاتارجیق زادەوە بوو بۆ پێشکەوتنی سەنگەرسازی لە وڵاتە دراوسێکاندا، کە پێویستی بە هاویشتنی ئەم جۆرە هەنگاوانە دەکرد، هەروەها نیشانەو بەڵگەی بە ئاگابوونیشی بوو لە مەسەلەی ئەو پێشکەوتنەی ڕۆژئاوا پێیگەیشتبوو. دواتر ئەم بیرۆکە لای ناوەندەکانی نزیك بە سوڵتان دەبێتە بیرۆکەیەکی سەقامگیر. بەڕوویەکی تردا ڕاپۆرتەکەی بانگەشە بۆ بزاوتێکی یەکسانیخوازانە لە میانەی پێشنیارکردنیەوە بۆ ڕێکخستنی جزیە لای نا

موسڵمانەکان و داواکردنی بۆ نەهێشتنی زوڵم و زۆر لەسەر سەرجەم ڕەعایا[1].

پێچەوانەی تاتارجیق زادە، ئەبوبەکر ڕاتب ئەفەندی تا دوای چونی بۆ ئەوروپا لە ماوەی ساڵانی (١٧٩٢-١٧٩٣ز)دا، ڕاپۆرتە درێژەکەی خۆی نەنووسی. دوای ئەوەی سوڵتان ناردی بۆ ڤیەننا بۆ ئەوەی ڕەوشی دام و دەزگا کارگێڕی و حکومیەکان لەو وڵاتەدا بەسەربکاتەوە، و پاش ئەوەش وەسفێکی بینینەکانی خۆی بنووسێتەوە. ڕاتب ئەفەندی کوڕی یەکێك بوو لە کاربەدەستەکانی بابیعالی و لە دیارترین یاریدەدەرەکانی سەلیمی سێیەم و چاوقایمترین و ڕاشکاوترینیان بوو، ڕاتب ئەفەندی لە ساڵانی (١٧٩٥-١٧٩٦ز)دا پۆستی سەرۆکی نووسەران یان وەزیری دەرەوەی وەرگرتووە. بەڵام ناکۆکی لەگەڵ سوڵتانداو ڕاشکاوییەکەی، لە کۆتاییدا بوونە هۆی ئەوەی سوڵتان لە ساڵی (١٧٩٧ز)دا فەرمانی کوشتنی دەربکات[2].

ڕاپۆرتەکەی ڕاتب ئەفەندی پێکهاتبو لە پێنچ سەد لاپەڕەو بریتیبوو لە دوو بەش، بەشی یەکەمیان باس لەو مەسەلانە دەکات کە پەیوەندییان بە دام و دەزگا سەربازیەکانەوە هەیە لە وڵاتە ئەوروپیەکاندا، بەشێوەیەکی تایبەتیش لەوڵاتی نەمسا. بەڵام بەشی دووەمیان باس لەو مەسەلانە دەکات کە تایبەتن بە پرسەکانی حکومەت و کارگێڕی لە ئیمپراتۆریای نەمساوی-هەنگاریدا. هەروەها ڕاتب ئەفەندی لە ڕاپۆرتەکەیدا تیشك دەخاتەسەر ڕاوبۆچوونی بیرمەندە ئەوروپیەکان سەبارەت بە حوکمڕانی و دەوڵەتی مۆدێرن. لە ڕاپۆرتەکەیدا تابەتمەندیەکانی دەوڵەتی

---

[1] SHAW. S. J.Between old new. PP. 93-94

[2] هەمان سەرچاوە، ل ل٩٦-٩٧.

**مۆدێرنی پیشانداوە، سەرەتا بە کورتی ئاکامی بەسەرکردنەوە و ئەزموون و بینینەکانی خستۆتەڕوو، دەوڵەتی مۆدێرن بەگوێرەی بۆچوونی ڕاتب ئەفەندی ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:**

**سوپایەکی مەزن و بە نەزم و دیسپلین، داراییەك کە وردبینی کرابێت، پیاوانێکی ڕۆشنگەرو متمانەپێکراو گیان لەسەردەست بۆ سەرخستنی ولات، سوربوونی دەوڵەت لەسەر خۆشگوزەرانی و ئاسایشی گەل[1].**

**ڕاپۆرتەکەی ڕاتب ئەفەندی بەرگێکی ئەرشیفگەرانەی وەسفگەرانەی بۆ ئەو دام و دەزگایانەی کە لە ڤیەننا چاوی پێکەوتبوون، پۆشیبو، هەروەها ڕاپۆرتەکەی وەسفێکی ئەو ئامرازو کەرەستانەی بۆ چارەسەرکردن لە نەمسا بەکارهاتبوون تێدابو. ناوبراو بە شێوەیەکی تێروتەسەل باس لە کاری دام و دەزگا سەربازی و داراییەکان دەکات لە ولاتە ئەوروپیەکاندا، هەروەها باس لە ڕێبازی کۆکردنەوەی باج و سیستێمی پۆستەو پیشەسازی ئاسن و زانستە کێڵگەییەکان و پیشەسازی و بازرگانی بانك ودام و دەزگا مۆدێرنەکانیتر دەکات.**

**سەبارەت بەئاقاری فیکریی ڕاتب ئەفەندیش، ئەوا لەنێو ئەو بیرمەندو فەیلەسوفانەی کە بیروبۆچوونەکانیانی خستۆتەڕو زیاتر بەلای ڤۆڵتێری بیرمەندی فەڕەنسیدا دایشکاندووە، هەر بۆیە لە ڕاپۆرتەکەیدا جەخت لە بایەخ و گرنگی ئازادی دەکاتەوە بۆ تاکەکان، بۆ ئەوەی دور لە کۆتەکانی دەوڵەت کارەکانیان ئەنجام بدەن. پێی لەسەر ئەو بیرۆکە داگرتووە کە دەڵێت: حکومەت بۆ ئەوە هاتۆتە بوون تا بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی تاکەکان بپارێزێت،**

---

[1] KARAL, E. Z. La transformation de la turquie P. 431

ڕاتب ئەفەندی دەڵێت: "لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا ئەو یاسا و ڕێساو باجانەی کە لە لایەن پاشاکانیانەوە دادەنرێت، ملکەچی سانسۆری دەستەو تاقمە جیاوازەکانی خەڵك دەکرێت، کە خەڵکی لە کاتی خۆیدا باجەکانی سەر شانیان دەدەن، ئەوا نە پاشاو نە ئەفسەرەکان و نە کاربەدەستەکان دەست لە کاروبارو ئارەزووەکانیان نادەن، لەم وڵاتانەدا تاك بەئارەزووو ویستی خۆی چی بوێت بیٚ کۆت و بەند لە بارەی خواردن و خواردنەوەی یان ڕۆیشتن و هاتنی خۆیەوە دەیڵێت".

بیرۆکەی سەرەکی کە لێرەدا مەبەستە، سنووردانانە بۆ باڵادەستی و هەژموونی دەسەڵات و تاکلایەنی فەرمانڕەوا لە بڕیارەکانیدا و سوربوون لەسەر پێویستی بەخشینی ئازادی بە تاکەکان وەك ئەوەی لەوڵاتە ئەوروپییەکاندا دەبینراو پەیڕەودەکرا، ئازادی لەو وڵاتانەدا پرنسیپێکی سەرەکییە لە پرنسیپەکانی پێشکەوتن و بووژاندنەوەی کۆمەڵگە، هەروەها لەوە دورتریش، ڕاتب ئەفەندی گۆشەنیگای وابو یەکێك لە دیمەنەکانی ئازادی لە ئەوروپادا، خۆی لە ڕزگاربوون لە هەژموون و دەسەڵاتی ئاینی دەبینێتەوە. ئا لێرەدا پێدەچێت سنووری پێویستی تێپەڕاندبێت، بەڵام ڕاتب ئەفەندی کە لە بیرکردنەوەدا ڤۆڵتێری بوو، سەبارەت بەم لایەنە دەڵێت: " ئەوان یاسای ئاینیان نیە، چونکە لە یاسا مەسیحییەکان تەنها ئەوانەیان هێشتۆتەوە کە پەیوەندیی بە ژن و ژنخوازییەوە هەیە، تەنانەت ئەم ڕووەی پیادەکرنی ئایینیە زۆر جار پاشاکان پێوەی پابەند نەدەبوون. هەروەها هۆکاری ئایینی لەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە میراتەوە هەبوو نەدەبینران، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین وڵاتە ئەوروپیەکان ناچنە ڕیزیی ئەوانەی کە پێیان دەڵێن ئەهلی کتێب".

وەك ئاشكرایە ڕاتب ئەفەندی لە ڕاپۆرتەكەیدا سنووری پێشنیاز و چارەسەرسازییە كارگێڕی و سەربازییەكان تێدەپەڕێنێت، هەوڵدەدات ڕۆبچێتە نێو دام ودەزگا ئەورووپییەكان و قوولآیی كۆمەڵگەی ئەورووپییەوە. ئەو بۆچوونی وابوو دەوڵەت بۆ ئەوەی بەهێز بێت، پێویستە لە ڕووی سیستمەوە هاوشان بە وڵاتە ئەورووپییەكان بڕوات و لە ڕیشەوە دام و دەزگاكانی هەمواربكاتەوە، مەسەلەی پێداگرتنیشی لەسەر دەرخستنی مانای ئازادی ئەوا ئاستی بایەخ و گرنگی ئەم چەمكەی دەسەلماند لە نێو بیروباوەڕە نوێیەكاندا، كە بۆ بیركردنەوەی ئیسلامی بە گشتی شتێكی نوێ بوو، تەنانەت كراوەیی زەین و هۆشی چارەسەرسازانەی خودی سوڵتانی تێدەپەڕاند[١].

## نووسینی مێژوویی

وێڕای پسپۆڕیی بابەتەكەی، بەڵام نووسینی مێژوویی نەكەوتبوە دەرەوەی بازنەی خزمەتی سوڵتانەكانەوە. بەگوێرەی خۆی كاریگەری بەڕوداوەكانی دەوروبەرو فەزای بەرهەم لە ژیاری نوێدا پیشانداوە، بینیمان چۆن مێژوونوسە عوسمانییەكان هەر لەسەرەتاكانی سەدەی حەڤدەهەمەوە گرنگییان دەدا بەوڵاتە دراوسێكانی دەوڵەتی عوسمانی، بینیشمان چۆن دەستیان دایە بەكارهێنانی سەرچاوەی نا ئیسلامیی بۆ پاڵپشتكردنی زانینەكانیان سەبارەت بە مێژووی ئەوروپا، هەر لە كاتی مەلهەمی و مونجم باشییەوە لە سەدەی حەڤدەهەم، و عەبدولڕەحمان مونیف "ساڵی ١٧٤٢ز مردووە" كە كتێبێكی بە ناونیشانی "پێڕستی وڵاتان" بەجێهێشتووە، لە چەند بەشێكیدا باسی ڕۆما و بیزەنتە و پاشاكانی

---

١ بۆ پیشاندانی بیروباوەڕەكانی راتب ئەفەندی پشتمان بە باسێكی كورتی "SHAW " بەستووە لە لاپەرەكانی ٩٢-٩٦ی كتێبەكەیدا.

فەڕەنساو نەمسا دەكات، تا دەگاتە ئەحمەد ڕەسمی لە كتێبی "كورتەی ئیعتیبار" دا لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم[١].

لە سەردەمی سەلیمی سێیەمدا مێژوونوس "عاسم عەنتابی"[٢] دەركەوت، كە مێژوویەكی نووسیوە بریتیە لە تۆمارێك بۆ ئەو ڕوداوانەی كەوتونەتە نێوان سالأنی (١٧٩١-١٨٠٨ن)، واتە بەشی هەرە بەرینی سەردەمی سەلیمی سێیەم. لە سەرەتای كتێبەكەیدا تیشكی خستۆتەسەر ئەو ڕیفۆرمانەی كە سەلیمی سێیەم ئەنجامی داون، لەو چوارچێوەیەدا باس لە ڕێكخستنە سەربازیەكانی و ئەو هەنگاوانەی بۆ ڕێفۆرمی جبەخانەی دەریاوانی نراون دەكات، هەروەها باس لەو كارانە دەكات كە لە بواری تۆپخانەدا ئەنجام دراون و ئەو سەنگەرسازیانەی لە دەروازەكانی ئەستەموولدا لێدراون.

پاش ئەوە بۆ نووسینی مێژووەكەی ڕەگەزێكی نوێی دەرەكی هێناوەتە ناوانەوە، ئەویش دروستبوونی "جمهوریە فرانسە" و داگیركردنی فەڕەنسیەكانە بۆ میسر، ئیدی لەم ساتە بەدواوە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی مێژوویەكی داخراو نابێت بەڕووی خۆیدا، بەڵكوو مێژووی هاوپەیمانێتی دەبێت لەگەڵ ولأتە ئەوروپیەكانی تردا. ئاماژە بۆ پێكهێنانی هاوپەیمانێتی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیاو ئینگلتەرادا دەكات، بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەی فەڕەنسا، دواتر بەدرێژی ئاماژە بۆ دەقەكانی ئەو ڕێكەوتنانە دەكات، هەروەها ئاماژە بۆ ئەو باڵوێزانە دەكات كە سوڵتان پاش كشانەوەی فەڕەنسیەكان ناردنی بۆ پاریس، مێژوونووسی ناوبراو كەف و كوڵی بۆ فەڕەنسیەكان و شۆڕشەكەیان و كۆمارەكەیان و بیروباوەڕەكانی نەبوو، كە دەبوونە

---

[١] بگەڕێوە بۆ بەشی سێی ئەم كتێبە.

[٢] تاریخ عاصم: دوو بەشە لە كتێبێكدا لە ئەستەمووڵ بێ مێژوو دەرچووە.

هۆی گەندەڵی و دەرچوون لە دۆخی باو لـە نێوان نەتەوەکانـدا. بەڵام عـاسمی مێـژوونوس نەیـدەتوانی بـێ لەبەرچـاوگرتنی مێـژووی ئەوانیـدی مێژووەکـەی بنوسـێت. پەرەسـەندنێکی نـوێ لـە نێـوان وڵاتاندا سەریهەڵدابوو، کە نەدەکرا پشتگوێ بخرێت.

داگیرکردنی میسر لە لایەن فەڕەنسیەکانەوە لە ساڵی (١٧٩٨ز)دا لە نێو مێژوونوساندا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، نـەك بەتـەنها لــە لای عــاسمی مێژوونوســی فــەرمی، کــە لــە دورەوە چــاودێری ڕوداوەکانی دەکرد، بـەڵکو لای مێژوونوسـە ناتورکـەکانی عوسمـانی ئەوانــەی کــە هاوچــەرخی ڕوداوەکــان بــوون، ئــەو هاوچــەرخبوونە گوتارێکی مێژوویی نوێی بەرهەمهێنا.

دەتــوانین جــەبرتی بــە مێژوونوســی هێرشــەکەی فەڕەنســا بــە تێڕوانینێکـی تـری نـا فەڕەنسایی دابنـێن، نووسینەکانی بریتیین لـە گوتـارێکی نـاوازەو دەگمـەن، هـەروەها دیالۆگێکـە لەگـەڵ داگیرکـەرو تێکڕای ئەو بەهاو بیرو ئاوەزانەی لەگـەڵ خـۆی هـەڵیگرتون. جـەبرتی وەسفی ئەو هەرایە دەکات کە داگیرکەری فەڕەنسی بەسەر دۆخێکی جــیگیرو ئارامــدا هێنــای، ئــیتر ئــەم پەرچــەکردارەی خــوارەوە دەنووسێتەوە:

" شەو داهات و خەڵکی وڵات خۆیان لـە نێـو فیتنـە و پشێویەکی مـەزن و ونبـوونێکی ئـاڵۆزو داکشـان و هەڵوەشـاندنەوە بەسـتنەوەو مــەنگیی و گۆشــەگیریی و هەڵکەنــدن و گلۆربوونــەوە و بارگرانیــدا بینیەوە، لـە کـاتی عیشاشـدا پڕوپاگەنـدە لـە نـاو خەڵکدا بڵاوبووەوە گوایە فەرەنگ بـەرەو بـولاق چـون و سـوتاندویانە، هـەروەها چـونە بۆ جیـزە، بـەوەش ترسـیان زیـادیکردو تـۆقین"، هـەروەها ئـەم ڕوداوە گۆڕان بەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا دێنێت، دەڵێت:" ڕۆژانـە خەڵك زیـاتر کۆدەبنــەوە و ترســەکەیان گــەورەتردەبێت و خــەڵك لــە شــار

دوردەکەونـــەوە و بـــەهۆی گســـك نـــەدان و ئاوەڕشـــێننەکردن و جێهێشـــتنی دوکانەکانـــەوە لـــە بازاڕەکانـــدا خـــۆڵ و خاشـــاك بەرزبووەتەوە"[1].

بـەڵام دوای ئاماژەکردن بۆ ئـەم گۆڕانـە، جـەبرتی لـە میانـەی ئـەو ڕاگەیاندنەی لە هاتنە ناوەوەدا دابەشیانکرد لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا کەوتە گفتوگۆ. لە گفتوگۆکردندا هەوڵیدا لـە مانـای درووشمـەکانیان وەك کۆماری و یەکسـانی و سـەربەسـتی تێبگـات، دەڵێت" کـە دەڵێن ئەمـــە لای جـــەماوەرەوە تـــا دوایـــی... واتـــە ئـــەم نامـــە لـــە لایـــەن خەڵکەکەیانـەوە نێـردراوە، واتـە ئەنجومەنەکـەیان، چـونکە ئـەوان گەورەو سوڵتانیان نییە دەنگیان وەك ئەوانیتر کۆبکاتـەوە... بـەڵکوو فرمـــانی دەوڵـــەت و وڵاتیـــان و بڕیارەکانیـــان و ئیـــدارەدانی کاروبارەکانیان داوەتەدەست خەڵکە ژیرو عاقڵەکانیان... بە مـەرجی یەکسانی و جیاوازی نەکردن، چونکە لە بناغەدا خەڵکی یەکسانن... ئەمـــەش مانـــای گوتەزاکەیانـــە کـــە لەســـەر بناغـــەی سەربەســـتی و یەکسانی بوونیادنراوە، مەبەستیان لە سەربەستی بەو مانایە دێت، کـە ئـەوان وەك مـەمالیك کۆیلـە نـین... گـەورە و بچووك، پیاوچاك و پیاو خراپ، و نێر و مێ، یەکسانن"[2].

بـەڵام ئەوشـتەی سـەرنجی جـەبرتی ڕاکێشـاوە خـوو ڕەوشـتی فەڕەنسـیەکانە بـەراورد بـە خـوو ڕەوشـتی میسـرییەکان. هـەڵس وکەوتی فەڕەنسییەکان سەرسامیان کردووە: "پێدەچێت هەندێ جار

---

[1] الجبرتی، تاریخ مدة الفرنسیین فی مصر، لەگەڵ وەرگێڕانێکی ئینگلیزیدا بڵاویکردۆتەوە.

Moreh,s: Chronicle of the first seven months of the French occupation. Leiden. E. J. Brill 1975.PP. 23-24

[2] هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

بەگوێرەی ئارەزووو و مەیلی دەروون و بەگوێرەی عەقڵیان ڕەفتاریان کردبێت و تاوانیشیان ئەنجام دابێت. ژنەکانیشیان پۆشتە نین و شەرم ناکەن..."". بەڵام ئەمانە ڕێگرنەبوون لەوەی جەبرتی بە زانستە نوێیەکان و هەروەها بە ئامێرە ورد داهێنراوەکانی ڕۆژئاوا کە فەڕەنسییەکان لەگەڵ خۆیان هێنابوویان سەرسام بێت: "داخوازییان بۆ زانستەکان زۆر بوو بە زۆریش وەرزش و زانینی زمانەکان، هەوڵێکی مەزنیشیان دەدا بۆ زانینی زمانی عەرەبی.. ئامێری گەردوونیی ڕۆژئاوایی ورد داهێنراوو ئامێرەکانی بەرزایی سەرنج ڕاکێش و قەشەنگ دروستکراوو گرانبەهایان هەبوو، هەروەها دووربین بۆ تەماشاکردنی هەسارەکان و زانینی قەبارە و فۆرم و بەرزی و پەیوەندیەکانیان"[1].

مێژوونوسێکی تر کە مێژوویەکی بۆ هەمان قۆناغ نووسیوە "نیقۆلا تورک" ە، کە پەلاماری لە ناکاوی فەڕەنسیەکان شڵەژاندویەتی، ئەم شڵەژانەشی بە تێڕوانینی ناکۆك و دژ بەیەك دەربڕیوە، بەدیوێکدا دەڵێت" ئەوە دەستپێکی دۆڕان و سەرەتای پێچلێدانە... چونکە فەڕەنساویەکان بۆ مەیسەرکردنی کارەکانیان فرت و فێڵی زۆریان بەکارهێناوەو ڕێبازی جۆراوجۆریان گرتۆتەبەر، وەك شاردنەوەی نەسرانیبوونیان و دەرکەوتنیان لە بەرگێگی ئیسلامەتیدا و خۆدەرخستنیان بەوەی ئازادیخوازن..."[2]، بە دیوەکەی تردا دەڵێت" ڕەوشتیان لە تێکڕای ڕەگەزەکانی تر باشتربو، بە ئارامی و دەروونپاکی ناسرابوون، یەکسانی و ئەحکامی باشیان بڵاوکردەوە و یاساکانیان کامڵ و تەواوبوو".

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

[2] گوایە کتێبی (نقولا الترك)ە. حیدر الشهابی لە چوارچێوەی کتێبی (لبنان فی عهدالامراء الشهابیین) ج١، فی المطبعة الكاثولیكیة ١٩٣٣ دا بڵاویکردۆتەوە.

سەبارەت بەڕاڤەکردنی هاتنی فەڕەنسیەکان بۆ میسر، نیقۆلا تورك دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکان، ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا فەڕەنسا بەخۆیەوەدیتی، ئیدی مێژوویەك بۆ شۆڕشی فەڕەنسی دەنوسێتەوە کە تیایدا هاتووە: "لە ساڵی (١٧٩٣ز)دا، لە شاری پاریس بەلایەکی مەزن ڕوویدا خەڵکی ئەم مەملەکەتە هەڵچوونێکی مەزن هەڵچوون، لەدژی سوڵتان و میرو خانەدانەکانی ڕاپەڕینێکی مەزنیان بەرپاکرد...داوای نەزم و ڕێسای نویێ و تەرتیباتی نوێیان دەکرد.. بانگەشەی ئەوەیاندەکرد کە بوونی سوڵتانێکی تاك دەنگ، وێرانەیەکی مەزنی لە وڵاتدا دروستکردووە، خانەدانەکانی نازو نیعمەتی خێرەکانی دەخۆن و باقی خەڵکەکەی تر ماندوبوون و نارەحەتیەکانیان بۆ دەمێنێتەوە"[1].

لەواقیعدا گێڕانەوەی بۆ مێژووی ڕوداوەکانی فەڕەنسا، کە بەدرێژیی چەندین پەڕە بەردەوام دەبێت کە تاڕادەیەکی زۆر تێبینیەکانی وردن، ئاگابوونی لە ڕوداوەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە گواستنەوەی زانیارییەکان تا ڕادەیەکی زۆر خێراو وردبوون: "پیاوانی شۆڕش نوسراویان بۆ تێکڕای پاشاکان هەنارد تا لە پاڵپشتکردنی دەوڵەتەکەیان ئاگاداریان بکەونەوە، لە نوسراوەکانیاندا ئەمە هاتبوو: هەر لایەنێك دان بە شێخنشینەکەماندا بنێت ئەوا دۆستی ئێمەیە، ئەوەشی دانیپێدانەنێت ئەوا دوژمنی ئێمەیەو بۆ جەنگی ئێمە خۆی ئامادەدەکات، چونکە ئێمە ئامادەین لە دژی هەمو دونیا بجەنگین، بۆ دەوڵەتی عوسمانیش هەمان شتیان نوسی.. بەلام پاشاکانی ئەوروپا کاتێك نوسراوی فەڕەنساویەکانیان پێگەیشت هەر زوو هەمویان

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٥.

ڕێکەوتن و بڕیاریاندا لە دژی ئەو گەلە لە ڕێسا دەرچووە بجەنگن، نەك گەلانی تر دوایان بکەون"[1].

ئاشکرایە شۆڕشی فەڕەنسی بە شوێنەوارە سیاسییە ڕاستەوخۆکانی لەسەر ولاّتانی ئەوروپاو دەوڵەتی عوسمانی، گۆڕانێکی بەسەر نووسینی مێژوویدا لای عوسمانییەکان هێنا، نووسینەکانیان بۆخۆی دەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە بو پێش ئەوەی سەدەی هەژدەهەم ئاوابێت. لەم چوارچێوەدا کۆسمۆ کۆمیدۆس (Kosmo Komidos)ی بنەچە یۆنانی مێژوویەکی بەزمانی تورکی نووسیوە، تیایدا باسی لە ولاّتانی ئەوروپا کردووە و زانیاری لەسەر پاشاکان و پایتەختەکان و دۆخی ئەو ڕۆژگارەیان داوە، ئەمە لە ساڵی ١٧٩٩ دا بووە[2].

لە ساڵی (١٨٠٥ن)دا عەتاڵلا موحەمەد کە بە شانی زادە ناسرابوو(١٧٦٩-١٨٢٦) کتێبێکی بەناونیشانی "وصایا نامە" (Visayaname-i-seferiyye) نووسیوە، کە بریتیبو لە وەرگێڕانی کتێبەکەی فردریکی گەورە، هەروەها شانی زادە، کە شارەزایی لە چەند زمانێکی ئەوروپیدا هەبو لە نێوان سالاّنی (١٨٠٨ و١٨٢٠)دا مێژوویەکی بۆ دەوڵەتی عوسمانی نووسیوە، کە تیایدا چەندین سەرچاوەی ئەوروپی بەکارهێناوە[3].

لەگەڵ ئەو نووسەرانەدا، کە هەوڵیان دەدا دوو مێژوو لە یەکتر نزیکبخەنەوە، ئیدی مێژووی عوسمانی هاوکات لەگەڵ مێژووی جیهاندا هەنگاوی هەڵدەگرت.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٢١٣.

[2] Lewis, B:The Use By muslim.. P189.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٠.

**شیعر**

حیکایەتی میللی و شیعر لە ولاّتی عوسمانیدا تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمیش دوربوون لە کاریگەریەکانی ئەوروپا. بەشێوەیەکی سەرەکیی هۆکاری ئەمە دەگەڕایەوە بۆ دورکەوتنەوەی بابەت و ناوەڕۆکەکانی لەو مەسەلانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ڕیفۆرم دا هەبو. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرە نزیکەکان لە سوڵتان بەگشتی دورنەبوون لە فەزای کرانەوە.

هەر لە ساڵی (١٧٥٧ز)وە حیشمەت-ی شاعیر[١] بە ئاگابوونی خۆی لە دۆخی ولاّتە ئەوروپیەکان پیشاندا، ئەمەش نیشانەی بایەخی زیاتری چینی فەرمانڕەواو دارودەستەکەیانی بە ڕەوشی دەوڵەتانی ئەوروپا بوو. لە چوارچێوەی پیاهەڵدانیدا بۆ سوڵتانی نوێ موستەفای سێیەم حیشمەت-ی شاعیر باس لە پاشاکانی ئەوروپا دەکات و بۆ هەر یەکێکیان لای سوڵتان پیشەیەکی بۆ داناون، ئەم پیشەی کە پێشنیاری دەکات بۆ هەر یەك لە پاشاکانی ئەوروپا لەگەڵ بەرهەمە سەرەکیەکانی ولاّتەکەیدا کە پێی دەناسرێتەوە گونجاوە، لێرەدا لای شاعیر ئەرکێکی تر دەستپێدەکات، ئەویش قسەکردنە لەسەر بەروبومی ولاّتانی ئەوروپا، بە جۆرێك ئەمیش بەڕۆڵی خۆی بەشداری بابەتە چارەسەرسازییە باوەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکات، کە ئەویش پێشکەوتنی ولاّتانی ئەوروپایە[٢].

---

[١] المصری. حسین مجیب. فی الادب الترکی القاهرة.ص١٦٤.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل ١٦٥.

لـه سـەردەمی سـەلیمی سـێیەم-یشـدا ئاگـابوون لـە بـارودۆخی ئـەوروپا بەگشـتی لای شـاعیرەکانیش بەرفراوانـدەبێت، یـەکێك لـەو شاعیرانەی لەو سەردەمەدا دەردەکەوێت فازڵ بەگی شاعیرە (١٧٥٧-١٨١٠ن) کـوڕی ضـاهر ئەلعومـەری والی عـەکا بـو، کـە دوای کوشـتنی بـاوکی لـە سـاڵی (١٧٧٥ن)دا دەچـێت بـۆ ئەسـتەمبوڵ و دواتـر بـە شیعری غەزەل ناوبانگ پەیدادەکات[1].

یەکێك لەو بابەتانەی فازڵ بەگ لە سەری نووسیوە بابەتی ژنانـە، ئـەم بابەتـەش خـۆی لـە ئـەدەبی تـورکی و ئـەدەبیاتی ئیسـلامیدا بەگشـتی نـویٚ نیـە، بـەڵام ئـەو تازەگەرییـەی کـە فـازڵ بـەگ لـە کتێبەکەیدا دەریخستووە، تەرخانکردنی چەند بەشێکە بۆ قسـەکردن لەسەر ژنانی وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپا[2]، دوای ئـەوەی کتێبەکـەی کردۆتە چەند بەشێکەوە، هەر بەشێکی تـەرخانکردووە بۆ قسـەکردن لەسەر ژنانی نەتەوە جیاوازەکان، کە دەگاتە ژنـانی ئـەوروپا، ئـەوا لـە چـەند بەشـێکی سـەربەخۆدا بـاس لـە ژنـی یۆنـانی و بـۆهیمی و ئـەڵمانی و ئـەلبانی و دانـوبی و فەڕەنسـی و پۆڵـۆنی و ئیسـپانی و ئینگلیـزی و ڕووسـی و هۆڵەنـدی و ئـەمریکی-ش دەکـات، ئـەو زانیاریانـەی لەسـەر ژنـانی ئـەم وڵاتانـە پێشکەشـی دەکـات، لەگـەڵ ئەوەشدا کە کورتن هێشتا سەبارەت بەهەندێ داب و نەریتی گەلان لە ئەوروپا هەندێ وردەکارییان تێدایە. سەبارەت بە ژنانی فەڕەنسا کە لـە ژنـانی وڵاتـانی تـر زیـاتر لـە سـەریان وەسـتاوە، دەبیـنین بـەراورد بـەژنانی ڕووسـی و ئـەمریکی کـە حـەزی پێیـان نـەبوو لەسـەر

---

[1] Mordtmann, J. H: art Fadil Bey. Ei2, vol. 2, p. 746

[2] کتێبەکە بە ناونیشانی (زنان نامە) یان کتێبی ژنانەیە، لێرەدا گەڕاینەوە سەر وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەی:

- Fadil bey: Zenan – name. traduit du turc par J. A. Decourdemanche paris 1879

پیاهەڵدانی خەسڵەتەکانیان دەڕوات. ئەوەی تێبینیکردووە ژمارەی ژنان لە فەرەنسا لە ژمارەی پیاوان زیاترە. بەڵام هەندێ لە نەریتیەکانیان سەرسامی کردون، بەتایبەت حەزو مەیلیان بەرامبەر سەگ و ڕەفتاریان بەرامبەر ئەم ئاژەڵە، وەك ئەوەی منداڵبن. هەروەها لۆمەی بەشداریکردنی ژنانی فەرەنسای لە ڕوداوەکانی شۆرش و خوڵقاندنیان بۆ نائارامی و پشێوی کردووە ئەمە گەیشتنی هەواڵی ڕوداوەکانی فەرەنسا بۆ ئەستەموولێ بە وردەکاریەکانی ژیانی ڕۆژانەیشەوە دەسەلماند[1].

دەتوانین لێرەدا ناوی شاعیرێکی تر لە شاعیرەکانی سەلیمی سێیەم بێنین، ئەویش واسف ئەلئەندرونی-یە (لە ساڵی ١٨٢٥ مردووە)، کە لە کاتی داگیرکردنی ناپلێون دا بۆ میسر قەسیدەیەکی درێژی نووسیوەو بەشداری ڕوداوەکانی سەردەمەکەی خۆی پێکردووە، واسف دەڵێت: "ئەو کافرە فەرەنسیە لە دەریاوەو بە دزییەوە خۆی کرد بە میسرداو لە کەشتی دوڕوویدا هاتە نێو ئاوی ئەسکەندەریە، ئەم قەومە فیتنەییان بەرپاکرد... لە دۆڵی ساڵحییەوە خراپەکاریان بڵاوکردەوە و خەڵکیان بە فەرمانێکی ناڕاست چەواشەکرد، کاتێك پاشای زیرەك و بەخشندە ئەم هەواڵەی بەرگوێ کەوت، لەژێر ئالآی فەرماندەکەیدا لەشکرێکی مەزنی ڕەوانەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان"[2].

لەگەڵ ئەوەشدا شیعر بە قوتابخانە نوێیەکانی ئەوروپا کاریگەرنەبوو تا سەردەمی تەنزیمات (١٨٣٩-١٨٧٦ن). لەم کات و قۆناغەدا کە دەوڵەتی عوسمانی بزاڤێکی ڕیفۆرمی سیاسی بەخۆوەدەبینێ، لە بانگەشەکردندا بۆ ڕیفۆرم و وەرگرتنی بیروباوەڕە

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١١١-

[2] المصري. فی الادب الترکي القاهرة.ص١٦٤.

ليبڕاڵييەكانی ئەوروپا شاعيرەكان لە ڕيزی پێشەوەدا بوون، لەوانە زيا پاشا (١٨٢٥–١٨٨٠) كە لە يەكەمين ئەو شاعيرانە بو كاريگەری شيعری فەڕەنسييان لەسەر دەركەوێت، پاشان نامق كەمال (١٨٤٠–١٨٨٨ز)، كە جەختی زۆری لە چەمكەكانی ئازادی و نيشتمان و گەل دەكردەوە[١].

---

١ Bombaci, A: L"hstoire De la letterature torque.. PP.359-362

# بەشی شەشەم
# زمانی جیهانی

ڕوونترین کاریگەری فەڕەنسی لەسەر عوسمانییەکان، دەرکەوتنی چەندین نوسراوو کتێب بوو بەزمانی فەڕەنسی لە ئەستەمبول دا، کە لە پێش سەدەی هەژدەهەم بەدەستی عوسمانییە موسڵمانەکان نوسرابوون. یەکەمین ئەو نووسەرانەی کە بەزمانی فەڕەنسی دەیاننووسی، مەحمود ڕەئیف بو، کە بێجگە لە نووسینی ڕاپۆرتێك بەزمانی فەڕەنسی سەبارەت بە گەشتەکەی بۆ ئینگلتەرا، لە ساڵی (١٧٩٨ز)دا، کتێبێکی گرنگی بەناونیشانی"خشتەی تەنزیماتی نویٚ لە دەوڵەتی عوسمانیدا" بلاْوکردۆتەوە[١]. (سەید موستەفا)ش نووسەرێکی ترە کە بەزمانی فەڕەنسی کتێبێکی بەناونیشانی"ڕەخنە لە دۆخی هونەری سەربازی ئەندازیاری و زانستەکان لە قەستەنتینیە" نووسیوەو لە ساڵی (١٨٠٣ز)دا بلاْویکردۆتەوە[٢]. بێجگە لەم دوو نووسەرە ژمارەیەکی تر لە ڕۆشنگەرە عوسمانییەکان و ئەوانەی لە بواری فێرکردن یا کارگێڕیدا کاریاندەکرد لە هەمان قۆناغداو لە سنوورێکی بەرفراواندا شارەزاییەکانیان لە زمانی فەڕەنسیدا بەکارهێناوە بۆ وەرگێڕان و پۆلێنکردنی کتێب و ئامادەکردنی فەرهەنگ، کە لە ئاکامدا کەشێکی فیکری نوێیان لە ئەستەمبوڵ دا هێنایەئارا.

ئاکامەکانی بەکارهێنانی زمانێکی جیهانی چی بوو؟ هۆی چی بوو، کە مەحمود ڕەئیف و سەید موستەفا بۆ نووسین، زمانی فەڕەنسییان هەڵبژارد؟

---

[1] Raif, M:Tableau des nouveanx reglements de L"Empire Ottoman: Constantionople 1798

٢

**بەکارهێنانی زمانێکی نوێ**

هەڵبــژاردنی زمــانی فەڕەنســی بــۆ نووســین لــە نێــو تێکــڕای زمانەکانی تری ئەوروپیدا، پێگەی تایبەتی ئەم زمانە دەسەلمێنی لای عوسمانییەکاندا. هەڵبژاردنی ئەم زمانە تەنها ڕێکەوتێك نەبو، بەدیوێکدا پەیوەندیەکانی فەڕەنساو دەوڵەتی عوسمانی ڕۆڵی خۆی لە چەسپاندنی پێگەی زمانی فەڕەنسیدا هەبو لای عوسمانییەکان، بەدیوەکەی تردا لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا لە بازنەی ئەوروپیدا فەڕەنسا وەك پێشکەوتووترین دەوڵەتەکان خۆی دەنواند.

پێدەچێت پەنابردن بۆ نووسین بە فەڕەنسی بە پلەی یەکەم مەغزایەکی هێمایی هەبووبێت، چونکە لە لایەن دڵگەرمترین کەسەکانەوە بۆ بیروباوەڕی ڕیفۆرمخوازی دەردەچوو، ئەوانەی کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی بیروباوەڕە ئازادیخوازیە نوێیەکانەوە.

سەرباری کەمی ژمارەی کتێبەکان، لەگەڵ گەورەبوونی ژمارەی ئەوانەی لەم زمانەدا شارەزاییان هەبو، هەڵبژاردنی زمانێکی ئەوروپی بۆ نووسین نیشانەی ماڵئاوایکردن بوو لە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی، کە هاوشان بە زمانی تورکی لە لایەن تورکەکانەوە بەکاردەهێنرا.

لە سنووری بازنەی لایەنگرانی ریفۆرمیشدا کە کاریگەربوون بە بیروباوەڕە نوێیەکان کە لە ئەوروپاو فەڕەنساوە بە تایبەت دەهاتن، نووسین و خوێندنەوە بە زمانی فەڕەنسی بە مانای دابڕانێکی ڕیشەیی دەهات لە میتۆدێکی فیکری باوو باڵادەست لە ماوەی چەندین نەوەو پەیوەندیکردن لەگەڵ میتۆد و فیکرێکی نوێ-دا.

نووسین بەم زمانە چەندین هۆکاری لە پشتەوەبوو، بەدیوێکدا خواستەکانی گەردوونگەرایی و بەجیهانیبوون و دەرچوون لە بازنەی گۆشەگیری دەهێنایەدی، کارێك کە زمانە ئیسلامیەکان بۆیان جێبەجێ نەدەکرا، زمانی فەرەنسی مانای ناسینی ژیارێکی نوێ و زانستێکی نوێی دەگەیاند، کە لە لای بانگهێشتکارانی ڕیفۆرم هێمابوون بۆ هەمو ئەو شتانەی ئامانجیان بۆ پێشکەوتن دەکرد. بە دیوێکی تردا سەبارەت بە تورکێك کە دەیدیت کەلەپورەکەی بە زیاد لە زمانێك نوسراوەتەوە، بە بەکارهێنانی زمانێکی تری نامۆ، دەبێتە خاوەن هێزێك کە زمانە ئیسلامیەکانی تر نابنە خاوەنی.

دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە نووسین بە زمانی فەرەنسی، بێتوانایی زمانی تورکی لە بەکارهێنانی تێرم و زاراوە نوێکاندا پردەکردەوە، ئەو نووسەرەی کە دەیویست بیروباوەڕی نوێ دابڕێژێتەوەو نووسینەکانی پێویستی بە بەکارهێنانی هەندێ زاراوە هەبوایە، دەیتوانی لە فەرەنسیەوە وەریبگرێت. بە دیوێکی تردا دارشتنەوە و نووسین بە زمانی فەرەنسی یارمەتیدەربو تا ئەو نووسین و هەولانە لە ڕەخنەی گروپە سونەتیە کۆنەپارێزەکان بەدوربێت، چونکە ئەو نووسینانە لە بنەڕەتدا بە ئاقاری کرانەوەو ڕەخنەگرتن بوو لە ئاراستەی خودی کۆنەپارێزەکان و سوپای ئینکیشاری. لەگەڵ ئەوەشدا نووسین بەم زمانە بۆخۆی لای نەیارانی ڕیفۆرم جۆرێك بو لە کوفرو ناسزایی. تەنانەت هەردوو نووسەر مەحمود ڕەئیف و سەید موستەفا پاش ڕاپەڕینی ئینکیشاریەکان لەساڵی (١٨٠٧ز) و لەکارخستنی سوڵتان سەلیمی سێیەم دەربازنەبوون، ئەوەبوو لەگەڵ چەندین کەسی تردا لە گۆڕەپانی مەیدان لە ئەستەموول لە سێدارەدران، کتێبەکانیشیان لەگەڵ

نووسین و دەستکەوتەکانی تری ڕیفۆرمدا بەر سوتان و لە نێوبردن کەوتن.

## "تەنزیماتی نوێ"

مەحمود ڕەئیف کوڕی عەبدولڕەحمان ئەفەندی بو، کە لە بابیعالیدا ڕاژەیکردووە، لەو جێگەی خودی مەحمودی تیا پەروەردەو ڕاهێنرابوو بۆ ڕاژەکردن[1]، یەکەمین ئەو ئەرکانەی لە سەردەمی سەلیمی سێیەمدا خرایە ئەستۆی، ئەرکێکی دیبلۆماتی بوو بۆ لەندەن. لە ماوەی دوو ساڵدا تاکە سەفیری هەمیشەیی بووە لە پایتەختێکی ئەوروپیدا، لەو ماوەدا کە لە لەندەن بووە وەسفی جێبایەخەکانی خۆیمان بۆدەکات، سەرباری کارە فەرمیەکەی، لەو ماوەدا گرنگی بە زانست و بەسەرکردنەوەی دام و دەزگا مۆدێرنەکان و ناسینی فۆرمی حوکمڕانی داوە. لە دەستپێکی کتێبەکەیدا دەڵێت: "کاتێك توانیم هەندێ لە پرنسیپە بەراییەکانی زمانەکە فێربم، حەزم دەکرد بە قووڵی سەبارەت بەو شتانە بزانم کە جێبایەخی کارگێریەکانی ئەوروپا بوون، ئیدی بەتەواوی خۆمم تەرخانکرد بۆ خوێندنی جوگرافیاو مێژوو و سیاسەت و یاسای گشتی. هەرچی کاتە بەتاڵەکانیشم بو، ئەوا بە تێبینیکردن و سەرنجدانی تێکڕای ئەو شتانەی بەرچاوم دەکەوتن، پڕدەکردەوە، هەر لە تێبینیکردنی سیستمی دارایی هێزەکانی ئەوروپاوە تا دەگاتە دۆخی ئەو وڵاتانە لە ڕووی سەربازی و هێزی دەریاوانیەوە، بە کورتی سەرجەم ئەو شتانەی پەیوەندیان بە حکومەتەکانەوە هەبوو"[2].

---

[1] - SHAW. S. J:Between old and new. P.188

[2] Raif.M. Tableau des nouveaux…P 4.

ئەم گرنگیدانەی کە مەحمود ڕەئیف لە دەستپێکی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە، دڵگەرمی لایەنگرانی ڕیفۆرم و حەزو ئارەزوویان بۆ زانینی ڕەوشی تەواوی دام و دەزگا مۆدێرنەکان لە ئەوروپا دەسەلماند، هەروەها گۆشەنیگای ئەو ڕۆشنگەرانە سەبارەت بە خودی خۆیان وەك خوێندکارێك لە خوێندنگە مۆدێرنەکانی ئەوروپادا دەسەلماند.

مەحمود ڕەئیف دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەمووڵ خۆی بۆ نووسینی چەند کتێبێك تەرخانکرد، لەوانە نامەیەك دەربارەی جوگرافیا، لەو ماوەدا نازناوێکی نوێی لێنرا ئەویش "ئینگلیز مەحمود ئەفەندی" بوو. لە ساڵی (١٨٠٠ز)دا سوڵتان پۆستی سەرۆکی نووسەران (وەزیری دەرەوە)ی پێسپارد، پێنچ ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە، ئەمەش درێژترین ماوەبو کە تیایدا وەزیرێك لە سەردەمی سەلیمی سێیەمدا لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە[١].

بۆ تێگەیشتن لە شوێن و پێگەی زمانی فەڕەنسی لای ڕۆشنگەراکانی ئەستەمبوڵ و تەماشاکردنی لە لایەن ئەوانەوە وەك ڕێبازێك بۆ پەیوەندیکردن بە جیهانی نوێوە، دەبینین مەحمود ڕەئیف وێڕای ئەوەی لە لەندەن دامەزراوە، کەچی لە بری زمانی ئینگلیزی سەرقاڵی خوێندنی زمانی فەڕەنسی بووە، لەم ڕووەوە دەڵێت: "بۆ تەنها ساتێك دوودڵیم نەکرد لە قبووڵکردنی ئەو ئەرکەی کە بە گونجاوو شایستەم زانیوە، خێرا خۆمم بۆ ئەم گەشتەم سازو ئامادەکرد، لەبەر ئەوەی بیرۆکەکە ویژدانی داگیرکردبووم، بایەخی سەرەکیم بو بە دەستکەوتنی کتێبێکی ڕێزمانی فەڕەنسی لەگەڵ فەرهەنگێکدا. ئەوەبو خۆمم ڕاهێنا لەسەر خوێندنی زمانی فەڕەنسی

---

[١] زانیاری لەبارەی ژیانییەوە لە (SHAW )دا دەستدەکەوێت.

بـــەو ســـیفەتەی زمـــانێکی جیهانیـــەو دەتوانێـــت پێداویســـتیەکانم بێنێتەدی"[١].

هەرچـــی هۆکارەکـــانی نووســـینە ئـــەوا بـــەم شـــێوەی خـــوارەوە باســـیکردون" لـــە ســـەرجەم ئـــەوروپادا خـــەڵکی لـــە دۆخـــی ئێســـتای سوپاو داهاتـەکانی سـەڵتەنەتی عوسمـانی بێئاگان، لێرەوە دەتـوانم بڵێم ئەم هەوڵە ڕەنگە هەندێ سوودبەخشبێت.. بەم چەشنە پاڵنـەری مـــن هەســـتکردنە بـــە جوانیـــەکان، بۆیـــە بڕیارمـــدا لـــەبارەی ئـــەو تەنزیماتانـــەی خـــاوەن شـــکۆ جێبـــەجێیکردون، بـــەزمانی فەڕەنســـی باسێك پێشکەشبکەم، ئەوکات تێکڕای ئەوروپا دان بەدڵگەرمی ئەودا دەنێن کە لـە پێنـاو بوژانـەوەی دەوڵەتەکەیـدا ماندونابێت، هـەروەها دان بەدانایی و بێهاوتایی ئەودا دەنێن"[٢].

مـــەحمود ڕەئیـــف کتێبەکـــەی تـــەرخانکردووە بـــۆ نیشـــاندانی ڕیفۆرمـەکانی سـەلیمی سـێیەم. بەتایبـەت ئەوانـەیان کـە پەیوەنـدی بەڕێکخســـتنە ســـەربازیەکانەوە هـــەبووە. بـــەڵام نەیپەرژاوەتـــە ســـەر نیشاندانی تەواوی ڕیفۆرمەکانی سەردەمەکەی بە تایبەتی ئەوانـەیان کە پەیوەندیان بە بوارەکـانی ڕۆشنبیری و فێرکردنـەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشـدا ئـەو نـاکۆکی و دووبەرەکییانـەی سـەرنجداوە کـە لـە نێـوان نـــەوەی کـــۆن و نوێـــدا هـــەبووە. نـــاکۆکی لەگـــەڵ سیســـتمی کۆنـــدا بیرۆکەیـەك بـو شۆرشـی فەڕەنسـی بڵاویکـردەوەو نووسـەر پـەیڕەوی کـرد. لەسـەر ئاسـتی عوسمـانیش سیسـتمی کـۆن خـۆی لـە سـوپای ئینکیشـاریدا دەبینیـەوە کـە پێوسـتبو لـەناوببرێن و لـە بـری ئـەوان سوپایەکی نیزامی پێکبهێنرێت. بۆ دەربڕینی بیرۆکەکەیشی دەڵێت: "ئایا شتێکی سەیرە هەرەمی سیاسی لە دەوڵـەتی عوسمانیدا دوای

---

1 Raif.M. …P 4.

٢ هەمان سەرچاوە، ل٨.

دوو سەدە توشی هەندێ هەژان بێت و لە ئێستادا پێویستی بەوە هەبێت پیاوێکی شایستە چاکسازی بۆ ئەنجام بدات، نیمچە مەحاڵ نیە لە ماوەیەکی کورتدا چارەسەرێکی شیاو بۆ نەخۆشیەکی بەو ڕادە کۆن و لەسەرخۆ تەشەنەسەندووە بدۆزرێتەوە". وەك دەبینین کە نووسەر بە ناو هێما بۆ ئەم نەخۆشییە دێرینە دوو سەدەییە ناکات، بەڵام زۆری پێناچێت مەبەستەکەی ڕاڤەدەکات و دەڵێت: "سوڵتانی خاوەن شکۆ تەنها ئەو کەم و کورتیانەی چارەسەرنەکرد کە پێشتر ڕویانداوە، هەروەها بە چارەسەرکردنی سەرجەم بەشە کارگێڕیەکانەوە نەوەستا، ئەو ویستی سوپایەکی نوێی ڕێکخراو لەسەر شێوازی ئەوروپی پێکبهێنێت"[١].

بەشی زۆری کتێبەکەی مەحمود ڕەئیف، کە بە زمانی فەڕەنسی نوسرابوو، بۆ نیشاندانی ڕیفۆرم و تەنزیماتە نوێکان تەرخانکرابو، بەم کارە دەیویست ئەو ڕیفۆرمانە بخاتە پێشچاوی ئەوروپیەکان، وەك هەوڵێکیش بۆ ڕاکێشانی متمانەی ئەوروپیەکان بە جدیبوونی هەوڵەکانی سەلیمی سێیەم، لە دەستپێکی کتێبەکەیدا ئەم مەسەلەی گوزارشت لێکردووە. بە دیوێکی تردا تێبینی ئەوەدەکەین کە بیرۆکەی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بەسەر زەینیدا زاڵبووە، سەبارەت بە ئەو نیزام مانای نەهێشتنی ڕێبازە ئاژاوەگێڕییەکانی دەگەیاند لە بواری کارگێڕیدا کە باڵیکێشابو بەسەر دام و دەزگاکاندا. لێرەوە بە تەنها دەستپێکردنی ئەم هێڵە چارەسەرسازییە مانای کرانەوەی هێڵی گۆڕانی دەگەیاند: "بەم چەشنە بوونی دڵۆپێك ئاو بەسبوون بۆ هێماکردن بۆ بوونی ڕوبارێك و دەستنیشانکردنی شوێنی ڕێڕەوەکەی"[٢].

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل٩.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٥٩.

### میتۆدێك بۆ ڕەخنە

نووسەرێکی تر کە لە سەردەمی سەلیمی سێیەمدا کتێبێکی بچوکی بە زمانی فەڕەنسی نووسیوە، سەید موستەفایە، کە لە ژیانیدا سەفەری نەکردبوو بۆ هیچ وڵاتێکی ئەوروپی، وێڕای حەزو ئارەزووی بۆ ئەم مەسەلە. لەگەڵ ئەوەشدا بەو توانایانەی لەو ڕۆژگارەدا لەبەردەستدابوون، توانی لە ئەستەمبوڵ دا خۆی فێری فەڕەنسی بکات.

سەید موستەفا یەکێك بو لە تاکەکانی نەوەی نوێ، کە لە ڕەوشی ئەزمونی ڕیفۆرم دا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم پێگەیشتن و یەکێك بوو لە قوتابیەکانی خوێندنگە نوێکان، ئەوانەی فێرکردن تیاندا لەسەر شێوازی ئەوروپی بوو. ئەو زانیارییە کەمەی سەبارەت بە سەید موستەفا هەیە، خۆی لە پێشەکی کتێبە قەبارە بچووکەکەیدا پێشکەشیکردووە، ناوبراو لە ئەستەمبوڵ لەدایکبووە و هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندنی زانستەکان و ماتماتیك کردووە، توانی لە میانەی ئەزموونی تایبەتی خۆی و لەسەر دەستی "کلانبۆی"، کە یەکێك بوو لە مامۆستاکانی خوێندنگەی ئەندازیاری هەندێ لە پرەنسیپە زانستیەکان بەدەستبێنێت. وەك لە پێشەکیەکەیدا دەردەکەوێت، سەید موستەفا لە خوێندنگەی ماتماتیکدا وانەبێژ بووەو یەکێك بووە لەوانەی سەرپەرشتی فێرکردنی سوپای نوێیان کردووە. دوای دەستهەڵگرتن لە بیرۆکەی گەشتکردن بۆ ئەوروپا، باس لە چۆنیەتی پەیوەندیکردنی بە خوێندنگەی نوێوە دەکات، لەم ڕووەوە دەڵێت: "سەلیمی سێیەم بڕیاریدا خوێندنگەیەکی گەورەو نوێ لە نزیك جبەخانەکە لە "سدلیزە" بوونیادبنێت، بێگومان پرۆژەی ئەم خوێندنگە کەمێك

دڵگـەرمی و کـەف و کـوڵمی بـۆ بیرۆکـەی سـەفەرکردن بـۆ ئـەورووپا کـەمکردەوە، بیرۆکـەی ئـەوەی سـوود لـە نیشـتمانی خـۆم وەربگـرم و بتوانم سوودیشی پێبگەیەنم هۆش و خەیاڵمی برد، ئەوەبوو سەفەرم دواخست. قوتابخانەکە دامەزراو مامۆستاو خوێندکاری هەمیشـەیی بـۆ دابینکـراو حـەقی خوێندنیشـی دابینکـرا، مـن لـە ڕیـزی ئەمانـەی دوایدا بوم"[1].

لـە شـوێنێکی تـردا بـاس لـە چۆنییەتی فێربـوونی زانسـتەکان و دڵگەرمی بۆ وەرگرتنی مەعاریفی نویَ دەکات:" شەو و ڕۆژ سەردانی مامۆستا تورکـەکانم دەکرد، ئەو مامۆستانەی کـە بڕێك شارەزاییان لـەو زانسـتانەدا هـەبوو، لەوانـە کلانبـۆی ئیسـماعیل ئەفەنـدی کـە لۆگاریتمی بۆم ڕونکردەوە، ئەویش یۆنانیـەك فێری کردبوو". بەڵام ئەو زانستانەی موسڵمانەکان لە کۆندا لێهاتوویان تیا دەنواند، ئەمڕۆ نـاتوانن شانبەشـانی پەرەسـەندنە زانسـتیەکان هـەنگاوبنێن: " بـەڵام نووسـینە سـەرنج ڕاکێشـەکان و ئـەو کەرەسـتانەی لـە هەنـدیَ لـە هەرێمـەکانی ئەورووپاوە دێـن، بوارێك ناهێڵنـەوە بـۆ گومـان، کـە ئـەو سـەنتەرەی ئـەم زانسـتانەی تیا هەیـە یـەگکرتوو زینـدون.. هـەر بۆیـە بیرۆکەی نزیکبوونەوە لەم سەنتەرە لـە ناخمدا گەڵاڵـەبوو، بـەبیَ کـات بـەفیڕۆدان، خـۆمم تـەرخانکرد بـۆ خوێنـدنی زمـانی فەڕەنسـی وەك جیهـانیترین زمانـەکان، کـە دەیتـوانی لـە ناسـینی ئـەوانیتر، ئەوانـەی لەسەر ئەم هونەرە نایابانەیان نووسیوە، نزیکمخاتەوە"[2].

سیحرو ڕەونەقی زانستە نوێکان، بەرامبەر بەوەش دواکەوتوویی ئـەم مەسـەلە لـە ئەسـتەمبوڵ، سـەید موسـتەفای بـۆ خوێندنـەوەی نووسـینی زاناکـانی ئـەورووپا هانـدا: " ئـەو ئـارەزووەی خـووم

[1] سید مصطفى: نقد حالة الفن العسكري. ص٥٨

[2] هەمان سەرچاوە، ل٥٨.

پێوەگرتبوو، خێرا لە ئامانجەکەمی نزیکخستمەوە، لە ماوەیەکی کورتدا خۆمم لە دۆخێکدا بینیەوە کە تیایدا دەمتوانی کتێبەکانی وولف (Wolf) و ئۆزنام (Ozanam) و بلیدۆر (Belidor) و ژمارەیەکی تر لەم جۆرە نووسەرانە بخوێنمەوە"[1].

قوڵبوونەوەی سەید موستەفا لە خوێندنەوەی کتێب و نووسینی فەڕەنسیدا بووە هۆی پێکهێنانی میتۆدێکی نوێ و دۆزینەوەی چەندین بەهای تر. لە سەرەتای کتێبەکەیدا گومان دەخاتەسەر بیرکردنەوەی باوی عوسمانی سەبارەت بە سروشتی ئادەمیزاد لە فێربوون و وەرگرتنی زانستەکاندا، لە کاتێکدا کۆنەپارێزەکان لە ئەستەمبوڵ بڕوایان وابو فێربوون وەرگرتنی مەعریفە پێویستە لەڕێگەی پێشینانەوە بێت، کە ئەوانیش لە نەوەکانی پێش خۆیانەوە وەریانگرتووە، سەید موستەفا تێڕوانینیی وابوو ئەوە ڕاست نییە، چونکە دەتوانین خۆڕسکانە پێیبگەین. لەم ڕووەوە نموونەشمان پێدەدات: "ئایا پێچەوانەکەیمان نەدیتووە؟ ئایا ناکرێ باسکال-ی نادار بکەینە نموونە؟ کە چۆن توانی بێ هیچ هاوکاریەك لە تەمەنێکی تا ڕادەیەك زوودا بگاتە داهێنان، چۆن توانی بگاتە هەر سی و دوو وانەکەی ئیقلیدس و بە شێوازی تایبەتی خۆی بیانسەلمێنێت؟"[2].

ئامانج لە هێنانەوەی ئەم نموونە هەوڵدانێکە بۆ ڕزگاربوون لە قورسایی داب و نەریتە باوەکانی ئەستەمبوڵ، هەروەها هەوڵێك بو بۆ دابڕان لەگەڵیاندا. بەدیوێکی تردا هێنانەوەی باسکال بە نموونە مانای ڕاگەیاندنی لایەندۆستی بۆ ڕۆشنبیریەکی نوێ دەگەیاند، کە پلە بە پلەو لەسەرخۆ کاری بۆ دەرخستنی دەکرد.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ل٥٦-٥٧.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٥٤.

بەڵام ئامانجی سەید موستەفا لە نووسینی "ڕەخنەکەی" پیشاندانی کارو پرۆژە چارەسەرسازیەکانی سوڵتان سەلیمی سێیەم و داکۆکیکردن بو لێیان، هەروەها دەرخستنی پێشکەوتنە بەدەستهاتووەکانی دەوڵەت بوو لە سەردەمی ئەودا. ئامانجێکی تری هێرشکردن بو بۆسەر دوژمنانی ڕیفۆرم و ڕەخنەگرتنیان بە ئاشکرا، بەڵام بە زمانێك کە ئارەزوویان نەدەکرد فێری ببن.

کاتێکیش باس لە کارو دەستکەوتەکانی سەلیمی سێیەم دەکات، لەوانە بوونیادنانی خوێندنگەو پێکهێنانی سوپای نویٚ، بابەتیانە باسیان دەکات و قەبارەیەکی لە خۆیان گەورەتر یان ناڕاستیان پێنادات. بۆ وێنە لە کاتێکدا باس لە کارو دەستکەوتەکان دەکات لەهەمان کاتدا بەربەستەکانی جێبەجێکردنیان و هەڵویستی نەریٚ و ناحەزانەی خەڵکی ڕەشۆکیش دەخاتەڕوو، هەروەها ئاماژەدەکات بۆ ئارامیی سوڵتان، کە چۆن خۆی لە ئامادەکاریی و ڕێنماییەکاندا بەشداریکردووە، سەید موستەفا بەم شێوازە باس لە مەسەلەکان دەکات:

" لەناو خەڵکدا دەستمان کرد بە کارکردن، یەکەم جاربو لە ئەستەمبوڵ دا خەڵکی نەخوێندەوار گوێبیستی وانەیەکی گشتی بن دەربارەی بیرکاری و بەئاشکرا بەرهەمی ئەندازەسازی ببینن. لە هەمو لایەکەوە دەنگی نەزانی و کلۆڵی بەرزبووەوە، بەجۆرێك دووچاری پەریشانی و چەوساندنەوەیان کردین، هاواریان دەکرد: بۆ ئەم هێڵانە دەخەنە سەر کاغەز؟ ئەو سوودانە چین کە بڕواتان وایە پێتانی دەبەخشێت؟ جەنگ بە پرگال (برکار) و هێڵ دروستناکرێت،

هەزار قسەو تێرمی هاوشێوەی تر، کە مەبەستیان بوو ئێمەی پێ زەبون و شەرمەزار بکەن"[1].

ئەو ڕێبازەی کە سەید موستەفا بۆ خستنەڕووی کارو دەستکەوتەکانی سوڵتان بەکاریدێنێت، لەوەی مەحمود ڕەئیف ناچێت، لە کاتێکدا ڕەئیف لە خستنەڕووی تەنزیماتەکاندا تا ڕادەیەك بێدەنگە و شتێك ناڵێت، کەچی موستەفا ئەزمونەکەی سەلیمی سێیەم دەخاتە نێو چوارچێوە مێژووییەکەیەوە. بۆ پەردەپۆشکردنی وەرگرتن لە ئەوروپاش ئەوە ڕوندەکاتەوە چۆن زانستەکان پاش ئەوەی زادگاکەیان لە شوێنێکی تردا بووە گواستراونەتەوە بۆ ئەم کیشوەرە (ئەوروپا)، وەك چۆن لە ڕابوردودا موسڵمانەکان سەرقافڵەی ژیارو زانست بوون، پێش ئەوانیش میسری فیرعەونەکان و هەروەها یۆنان بووە. پێویستە نادەمارگیری مێژوو لەسەر تاکەکان بە لێبوردەیی ڕەنگبداتەوە، نووسەر بەم شێوەی خوارەوە بیروباوەڕی خۆی ڕوندەکاتەوە:

" گەلانی ناوداری ئەوروپا، کە شانازی دەکەن بە خاوەندارێتیان بۆ ژمارەیەکی گەورە لە کارە هونەریی و زانستە نایابەکان، خوێندکاری لاتین بوون، ئەوانیش خوێندکاری یۆنانەکان بوون، کۆی ئەمانەش نەیاندەتوانی گومان لە پێشەنگی فارسەکان و میسریەکان و هیندیەکان بکەن... ئەمڕۆش بەهۆی هەمیشە نوێبوونەوەی دۆخی شتەکانەوە، مامۆستاکان کە بە لێهاتووی خوێندکارەکانیان سەرسامن، بەداخەوە لەوە زیاتر چاویان لە دەستی ئەوانە، هیچی تر نین"[2].

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٥٩..
[2] هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

ڕەخنەشی لەو وەهمە باوانە گرتووە، کە لەسەر هێزو توانای شکستنەخواردووی عوسمانی هەبووە، هۆکاری کەڵەکەبوونی ئەم وەهمانەشی شیکردۆتەوە، سەرەتا عوسمانییەکان بە چەك و تفاقە جەنگیە بەراییەکان و زیرەکی مەزنییانەوە توانییان سەرکەوتن دوای سەرکەوتن تۆماربکەن. بەلاّم ئەم سەرکەوتنانە ڕووداوەکانی دەوروبەریانی لەبیربردنەوە، لەوەش زیاتر وایان لێهات گاڵتەیان بە سوپای ڕێکخراو دەهات و بە یاریی منداڵانەیان دادەنا. هەروەها ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی ئەوانە کردووە کە لە مانەوەی بڕوابوون بەم وەهمانە بەرپرسیارن: " بەم جۆرە ئەو داماوانە توشی وەهمی زاڵبوون بوون بەسەر پرنسیپی بەکارهێنانی چەکێکی هاوشێوەدا بۆ بەرگریکردن، بەکارهێنانی بۆ موسڵمان بووە بە تاوان، ئیدی ئەم بیرۆکە هەڵەیان گشتاند تا ئەو سنوورەی بڕوایان بەوەهێنا کە گەلانی تر بەهەڵەداچوون. بە خراپیش لە تێگەیشتووی و چاوکراوەیی ئەوانیتر، کە داناتر و لێهاتووترن تێگەیشتون"[١].

ڕەخنە لای سەید موستەفا مانای پاراستنی ڕۆحی بابەتیبوونی دەگەیاند، کاتێك ڕەخنە لە دۆخی باو دەگرێت، هەوڵدەدات هۆکارە دوورەکانی ببینێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەگەڕێتەوە سەر مێژووی عوسمانی بۆ ڕاڤەکردنی پاشەکشێ و داتەپینە سەربازی و زانستیەکان. بڕوای وابو لەودیو ئەم پاشەکشێ و داتەپینەوە چەندین هۆکاری قووڵ هەبوون، ئەوەندەی لاپەڕەکانی کتێبەکەیشی بواری داون، باسی لێوەکردون.

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل٦٨.

هەڵبژاردنی زمانی فەڕەنسی لە لایەن نووسەرەوە بۆخۆی مانای بەکارهێنانی شێوازێکی نویٚ بوو، ئەو بە تێرم و ڕستەی تەقلیدی دەستیپێنەدەکرد، کە نووسینی تورکی پێدەناسرایەوە. کتێبەکەی بە ئاڕاستەکردنی سوپاس و چاکەخوازی بۆ سوڵتان دەستپێناکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ بابەتەکەی دادەڕێژێتەوە، شتێکی سروشتی بوو بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕێبازی باوو پەیڕەوکراوی نووسینی هەڵوەشاندەوە، لەوانە هێنانەوەی ئایەتەکانی قورئان و دێڕە شیعرییە عەرەبی و فارسیەکان. زمانی فەڕەنسی بەکارهێنانی تێرم و زاراوە نوێکانی ئاسانکرد، ئەوانەی وەرگێڕانیان بۆ تورکی لەلایەن نووسەرەوە سەختبوو. زۆربەی ئەو تێرم وزاراوانەی بەکاریدەهێنان سەر بە بوارەکانی زانست و ماتماتیك بوون. یەکێك لەو وشانەی لای ئەم زۆر دوبارەدەبنەوە تێرمی (Tactique)، کە هێمایە بۆ زیاد لە مانایەك، لای نووسەر ئەم تێرمە بە مانای دیسپلین و هونەری سەربازی دەهات. هەرچی زاراوەکانی ترە کە بەکاریدەهێنا لەوانە: Typographie و Mecanique.

گرنگتر لەوانە بەکارهێنانی بوو بۆ دوو زاراوەی نویٚ، کە لەو کاتەدا لە سنوورێکی بەرتەسکدا نەبێت لە ئەستەمبوڵ بەکارهێنراون، یەکەمیان Revolution بوو کاتێك دەڵێت: "... با خشتەیەك ئامادەبکەم بۆ دۆخی ڕابوردوی هونەری سەربازی و ئەندازە لەم وڵاتەداو "شۆڕشی شادی"[1] کە لە ماوەیەکی کورتدا هێنایەئارا". زاراوەکەی تر بریتیبو لە patrie کە دوو جار بەکاری هێناوە یەکێکیان لە کۆتایی کتێبەکەیدا: " بۆخۆم لە خۆشیدا سەرخۆشم بە بینینی –نیشتمانەکەم– لەو ڕەوشەدا، کە بە گەرمی

[1] هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

ئاواتی بۆ دەخوازم. هەمیشە گەشاوەیە و بەتایبەتیش بە مەشخەڵی زانست و هونەرەکان"[١].

## ڕۆڵی زمانی فەرنسی

بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی یان وەرگێڕان لە فەڕەنسیەوە بۆ تورکی ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەرەسەندنی زمانی تورکیدا گێڕاوە، لە میانەی تێکهەڵکێشکردنی تێرم و وشە ئەوروپیەکان لەگەڵ زمانی تورکیدا. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە کاریگەری زمانی فارسی و عەرەبی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بە تەواوی پاشەکشێی نەکرد. لە ماوەی سەردەمی سەلیمی سێیەم دا عاسم ئەفەندی[٢] فەرهەنگێکی لەژێر ناونیشانی "بەڵگەی ڕەها" لە زمانی فارسیەوە بۆ زمانی تورکی وەرگێڕا[٣]. هەروەها لە قۆناغێکی دواتردا فەرهەنگێکی لە زمانی عەرەبیەوە وەرگێڕاوە. ناوبراو وێڕای ئەوەی لە فەڕەنسیدا لێهاتوبو، بەڵام لە فارسی و عەرەبیشدا شارەزایی هەبووە. بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی بەرفراوانتر دەبوو.

یەکێك لەوەرگێڕەکان لە زمانی فەڕەنسیەوە بۆ تورکی خۆجە ئیسحاق[٤] بوو، کە بە بنەچە جولەکە بوو، لە خوێندنگەی ئەندازە مامۆستابوو، چەندین کتێبی لە بوارەکانی سەربازی و ماتماتیکدا وەرگێڕابوو. لەم بابەتەی دواییاندا کۆمەڵێك وانەی ئامادەکردبوو. هەروەها کتێبێکی سەبارەت دانانی چادرو ڕەشماڵ (خیام) و بنەماکانی مەحکەمکردن (اصول الاستحكامات)، و کتێبێکی تر

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

[٢] المصري. حسين مجيب. فى الادب التركي، ص٣٦٨.

[٣] برهان قاطع، قاموس للايرانى محمد حسين التبريزي، كتبه عام ١٦٥٢.

[٤] المصري. حسين مجيب. فى الادب التركي، ص٣٦٩.

سەبارەت بە پێچەوانەی ئاوێنەکان وەرگێڕاوە. ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە ناساندنی قوتابییەکان بە بایەخ و گرنگی زانستەکانی ئەوروپا: "خۆجە ئیسحاق لە ئامادەکردنی وانەکانیدا سوودی لە کتێبە بیانییەکان وەردەگرت. قوتابییەکانی تێرم و ڕستەی زۆریان لێوەردەگرت کە بە زمانەکەی خۆیان نامۆ بوو، هەروەها تێگەیشتن کە کتێبە ئەوروپییەکان گەنجینەی زانستن، ئەگەریش شارەزایی لە زمانەکانیاندا پەیدابکەن ئەوا کلیلەکانی لە دەستەکانی ئەماندا دەبن..." [1].

وەرگێڕێکی تر لە وەرگێڕەکانی قۆناغی سەلیمی سێیەم، بەهجەت موستەفا بوو[2]، کە لە ساڵی (١٨٢٢ز)دا مردووە، لە پزیشکیدا پسپۆڕبوو. کتێبێکی لە فەرەنسیەوە لە سەر مێژووی سروشتی وەرگێڕاوە، هەروەها بەسوودوەرگرتن لە خوێندنەوەکانی بە زمانی فەرەنسی چەندین کتێبی لە بوارەکانی مێژووی زانستەکان و پزیشکیدا نووسیوە، لەم بوارەدا ڕۆڵی عەلائەڵڵا شانی زادە، کە لە ساڵی (١٨٢٦ز)دا مردووە هاوشێوەی ڕۆڵی بەهجەت موستەفا بو، عەلائەڵڵا لە بواری پزیشکی هەروەها لە بواری مێژوو و ماتماتیکدا نوسیویەتی، زمانەکانی لاتینی و فەرەنسی و ئیتالی زانیوە، بۆ نووسینی کتێبەکانی لە بواری پزیشکیدا سوودی لە سەرچاوە ئەوروپیە جیاوازەکان وەرگرتووە: کتێبە سەرەکیەکەی بەناونیشانی "ئاوێنەی جەستەکان لە توێکاری ئەندامەکانی ئینسان". گرنگی و بایەخی کتێبەکەی دەگەڕایەوە بۆ کورتکردنەوەی بۆ ئەو تیۆریانەی سەدەی هەژدەهەم، کە تایبەتبوون بە زانستی توێکاری و پزیشکی هەناو چالاکی ئەندامەکان، هەروەها بۆ بەکارهێنانی بۆ تێرمە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٣٧٠.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٣٧١.

پزیشـکییه نوێکـان و بـۆ یەکـەمجار هێنـانی بـۆ نـاو زمـانی تـورکی.
هــەروەها عەلائــەڵلاّ کتێبێکــی لــە زمــانی ئیتالیــەوە[١] وەرگێــڕاوەو ناونیشانی (پێوەری پزیشکەکان)ی بۆ داناوە[٢].

ڕۆڵـی ئـەم وەرگێڕانـە لـە پێشخسـتنی بزاڤـی نوێگـەری فیکریـدا کاریگــەربوو. لــە واقیعــدا ئــەوان ئاقارێکیــان بوونیادنا،کــە زۆری پێنەچـوو، پـاش چـەند سـاڵێکی کـەم پەرەیسـەند، زۆری نـەبرد لـە ئەســتەمبوڵ دا زمــانی فەڕەنســی پێگەیــەکی جــێگیرو ســەقامگیری پەیــداکرد، بــە جۆرێــك لــە ســەردەمی مــەحمودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩ز)دا لە ئەستەمبوڵ یەکەم ڕۆژنامە بە هـەردوو زمـانی تـورکی و فەڕەنسـی دادەمـەزرێ. و لـە ناوەڕاسـتەکانی سـەدەی نۆزدەهەمیشـدا سوڵتان عەبدولمەجید (١٨٣٩-١٨٦١ز) فەڕەنسی دەزانی[٣].

---

١ -Medizinisch –prak lacher Unterricht.

٢ سەبارەت بە عەلائەڵلاّ و کتێبەکانی کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فەڕەنسی بڕوانە:
Adnan, A:la science chez les turcs.. P.159

٣ المصری. حسین مجیب. فی الادب الترکي، ص٣٧٤.

# بەشی حەوتەم

# ناکۆکی چەمکەکان

گـرنگترین کاریگـەری لـەو مـاوە کورتـەی حـوکمڕانی سـەلیمی سێیەمدا کە ئەستەمبولّ بەخۆوەبینی، بلاّوبوونەوەی چەمکە نوێکان بوو، کە بە چەندین تێرم و زاراوەی دیاریکراو گوزارشتی لێدەکرا. دیتمـان چـۆن تێـرم و زاراوە زانسـتیەکان لـە بـوارە زانسـتییە جیاوازەکانـدا لای ڕۆشـنگەرە عوسمانییـەکان ناسـراوبوون. ئەوەیشـمان دیـت فەڕەنسـیزانەکان هەنـدێ چـەمکی سیاسـییان بەکارهێنا، چونکە شارەزابوونیان لە زمانێکی ئەورووپی بواری ئەم بەکارهێنانـەی پێـدان، بـەلاّم گـرنگترین پەرەسـەندن بلاّوبوونـەوەی چـەندین چـەمکی نـوێ و بەخشـینی نـاوەڕۆکی نـوێ و نـامۆ بـوو بەهەندێ لە چەمکە تەقلیدییەکان.

چەمکە نوێکان

چـەمکی "نیشـتمان"، کـە سـەید موسـتەفا لـە کتێبەکەیـدا[١] بـەکاریهێناوە، پێشـتر لـە ئـەدەبیاتی ئیسـلامیدا کـە ئاشـنابوون بـە چـەمکەکانی "ئوممـە" یـا "میللـەت"، ناسـراو نـەبوو. هـەردوو ئـەم تێرمەش بۆ هێماکردن بۆ کۆی موسڵمانەکان بێ جیاوازی لە ڕەگـەز یـان ئـایین بـەکاردەهێنران، لـە هـەمان کاتـدا چـەمکی "دەوڵـەت" گوزارشـت بـوو لـە قـەوارەی سیاسـی موسـڵمانەکان. بـەلاّم چـەمکی "نیشـتمان" هێمـا بـو بـۆ شـوێنی لـەدایکبوون و تـا سـەردەمانێکی درەنگی سەدەی نۆزدەهەمیش مانای "Patrie" ی وەرنەگرت[٢].

---

١

[2] Ruphy: Dictionnaire abree, paris, 1802 P185

بـــەڵام چـــەمکی "شـــۆرش:Revolution" لـــە ئـــەدەبی سیاســـی ئیسلامیدا دەلالەتێکی نەرێنی هەبو. شۆڕش لەگەڵ فیتنـەدا یەکسان بـــوو، واتـــا دەبـــووە مایـــەی ئـــاژاوە و یەکترکوشـــتن، هەمیشـــە وتـراوە"سـوڵتانێکی ستەمکارو زۆردار نـەك ئاژاوەیـەکی بـەردەوام و درێژەدار".

لــە واقیعـدا نووســەرەکانی کۆتـایی ســەدەی هەژدەهــەم هــەمان تێڕوانینـی تەقلیـدییان بـۆ شۆڕشـی فەڕەنسـی هـەبووە. نیقـۆلا تـورك وەك "ئاژاوەیـــەکی مـــەزن" بینیـــوێتی، ســـەید وەحیـــد ئەفەنـــدی بـــاڵوێزیش لـــە پاریســـدا وەك "پشـــێوییەك" تەماشـــایکردووە. دەسـتەواژەی "Revolution" تـا سـەردەمانێکی درەنـگ مانـای نـوێی خـــۆی وەرنـــەگرت، ئـــیتر تـــاویێ بـــۆ شـــۆڕش و تـــاویێ بـــۆ کودەتـــا بەکاردەهێنران[١]. لەواقعیدا ئەو مانایانەی شۆڕش[٢] دەیبەخشین لـە نێـــو چـــەمکی تـــردا کـــە ئـــەویش چـــەمکی "ڕیفـــۆرم"[٣] بـــوو، ڕەنگیداوەتەوە. هەرچی چەمکی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بوو، کە لەگەڵ ئـــەزمونی فەڕەنســـیدا دەرکـــەوت، ئـــەوا لەســـالأنی دوایـــی ســـەدەی هەژدەهەمـــدا لای عوسمانییـــەکان بـــو بـــە چـــەمکێك بـــۆ گۆڕانکـــاری چارەسەرسازییانە.

دەستەواژەی ڕیفۆرم لای موسڵمانەکان مانایـەکی ئایینی پـەتی هـەبوو، لای فوقـەهاکانیش ڕیفـۆرم بەگەڕانـەوە بـۆ پێشـینان یـان بـۆ سەرچاوە ئیسلامیەکان، بەتایبـەتیش بـۆ قورئـان دروستدەکرا. بەڵام لەگـەڵ حـاجی خەلیفـەدا تێرمـی ڕیفـۆرم مانـا ئاینیەکەی تێپەڕاند تـا ئـەو سـنوورەی مەسـەلە کۆمەڵایـەتی و سیاسیەکانیشـی دەگرتـەوە،

---

١

٢

3 - Merad, F: art. Islah Ei2 Vol. 4, PP 146-170

بەتایبەت لە نامەکەیدا لە ساڵی (١٦٥٣ز)دا "دەستوری کار بۆ چارەسەرکردنی دۆخی نالەبار". بزاڤی پەیوەندی لە نێوان عوسمانییەکان و ئەوروپادا لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا مانایەکی نوێی بەخشیە چەمکی ڕیفۆرم. بەجۆرێك بزاڤی ڕیفۆرم زۆر بواری دەگرتەوە لەوانە: زانستەکان و کارگێڕی و سوپا، لەگەڵ سوڵتان سەلیمی سێیەمدا ئیدی چەمکی ڕیفۆرم بوو بە بەرنامەیەکی سیاسی[1].

زاڵبوون و سەرکەوتنی چەمکی ڕیفۆرم بەسەر هەموو بیرۆکەی گۆڕانێکی توندوتیژدا زۆر هۆکاری هەبوو، پرۆژەی ڕیفۆرم هەر لە سەرەتاوە پرۆژەی خودی سوڵتانەکان بوو، کە بۆ پاڵپشتکردنی دەسەڵاتیان و سنووردانان بۆ هەژمونی ئینکیشاریەکان دەیانویست چەند هەنگاوێکی چارەسەرسازییانە بنێن، لێرەوە ئەو سوڵتانانەی کە ڕێبەرایەتی بزاڤی ڕیفۆرمیان دەکردو دنەیاندەدا، لە هەمان کاتدا نەیاری هەموو ئاڕاستەیەك بوون کە مەترسی بۆ پێگەکەیان دروستبکات. سەرباری ئەمە چەمکی ڕیفۆرم لەلایەن هەندێ لە ڕۆشنگەراکانی نزیکی سوڵتانەوە ئەوانەی هەڵگری بیروباوەڕی گۆڕانکاری ڕادیکاڵانە نەبوون، قۆرخکرابوو[2].

سەبارەت بە چەمکەکانی تری وەك: سەربەخۆیی و کۆماری و ئازادی، عوسمانییەکان پێی ئاشنابوون و هەوڵیاندا لە زمانەکەی خۆیاندا هاوکێشەیەکی پێبدەن، ئاگاداربوون و ناسینی ئەم چەمکانە بەلایەن کەمەوە لە قۆناغە بەراییەکاندا لە ڕێگەی بەسەرکردنەوەی بەرهەمەکانی نووسەرو بیرمەندە فەڕەنسیەکان یا ئەوانیترەوە نەبوو، ئەوەندی لە ئاکامی بەشداری و پەیوەندیەکانەوە بوو لەگەڵ دۆخی

---

[1] Berkes, N: art. Islah Ei2, Vol,4 PP.174-177

[2] Hurat,Cart Kucuk kaynardja Ei1,Vol 2.p. 1156

سیاسی وڵاتانی ئەوروپا، هەروەها لە ئاکامی ئەو گۆڕانکاریانەوە بوو، کە خودی ڕووداوەکان سەپاندبوویان[1].

یەکەمین دەقی تورکی، کە چەمکی ئەوروپی نوێی بەکارهێنابێت، دەقی پەیماننامەی " کوچك کاینارچی: Kucuk Kaynardja" نێوان تورکیاو ڕووسیا بوو لە ساڵی (١٧٧٤ز)دا. لە دەقی ئەم پەیماننامەدا تێرمی "سەربەخۆیی" بەکارهاتووە، کە هێمایە بۆ جیابوونەوەی هەرێمێك یان گەلێك، لە پەیماننامەکەشدا وەك ئاماژەیەك بۆ ئەودەستکەوتانەی بەخشراونەتە حکومەتێکی ئازاد لە ناکۆکیدا لەگەڵ دەسەڵاتێکی ڕەها بەکارهاتووە. ئیدی لەژێر کاریگەری فیکرو کاری سیاسیدا لە ئەوروپا، تێرمی سەربەخۆیی مانای سەروەری سیاسی وڵاتێك یان نەتەوەیەکی وەرگرت، پەیماننامەکەش بەم مانایە تێرمەکەی بەکارهێناوە[2].

چەمکێکی تر کە ڕۆشنگەرە عوسمانییەکان پێی ئاشنابوون و دوای شۆڕشی فەڕەنسی و لەژێر کارتێکردنی ئەم شۆڕشەدا هاتۆتە ئەستەمبوڵ، چەمکی "کۆماری" بو، تێرمەکە لە بنەڕەتدا عەرەبییە و لە وشەی "جەماوەر" وە هاتووە کە ئاماژەیە بۆ گروپێك یان دەستەیەك لە خەڵکی، تێرمی "کۆماری" لای بیرمەندە عەرەبەکان و لە سەردەمە کلاسیکیەکاندا و بەتایبەت لای فەیلەسوفەکانی وەك فارابی و ئەوانیتر کە لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانیدا پەیوەندییان هەبووە، ناسراوبوو. لەگەڵ ئەوەی تێرمەکە بەکارهێنانەکانی کەم بوبووەوە، بەڵام شۆڕشی فەڕەنسی جارێکی تر لە بازنەی ئیسلامیدا هێنایەوە

---

1 Ruphy : Dictionnaire abrege…P.108

٢ هەروەها بڕوانە:

- Vatikioties P. J.art. Istiklal Ei2. Vol. 4 PP272-275

بیرو خەیاڵ، ئاماژەیەکیش بوو بۆ سێستمی سیاسی لە فەڕەنسا و وڵاتەکانی تردا[1].

لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا ئاماژە بۆ تێرمی"کۆماری" کراوە، عاتیف ئەفەندی لە یاداشتەکانیدا لە ساڵی (١٧٩٨ز)دا، لە چوارچێوەی قسەکردنیدا لەسەر دۆخی سیاسی لە فەڕەنسا[2] باسی لە یەکسانی و کۆماری کردووە، لە ساڵی (١٧٩٩ز)یش بۆ وەسفکردنی سیستمی سیاسی لە " جزایر سبعة مجتمعة جمهور"دا تێرمەکەی بەکاریهێناوە، هەروەها لە نامەکانی خالید ئەفەندی-باڵویزدا لە پاریس بەکارهاتووە[3].

تورکە عوسمانییەکان لە بەکارهێنانی تێرمی "کۆماری"دا دەستپێشخەربوون، لە ئەستەمبوڵ-یشەوە بە تەواوی وڵاتە ئیسلامیەکاندا بڵاوبووەوە. لە میسردا بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو سیستمە سیاسیەی لە فەڕەنسادا هەبوو، تێرمی کۆماری بەکارنەدەهێنرا، بەڵکو تێرمی "شێخنشین"یان[4] بەکاردەهێنا کە لە ڕاگەیاندنەکانی پۆناپەرتدا بۆ گەلی میسر پاش هەڵمەتەکەی فەڕەنسا لە ساڵی (١٧٩٨ز)دا هاتووە. هەروەها نیقۆلا تورک لە چوارچێوەی باسکردنەکانی سەبارەت بەدەوڵەتی فەڕەنسی بەکاریهێناوە: "هەر لایەنێك دان بە شێخنشینەکەماندا بنێت ئەوا دۆستمانە، هەر لایەنێکیش دانی پێدانەنێت ئەوا دوژمنمانە..."[5]، لێرەدا تێرمی شێخنشین لە وشەی "شێخ" وە هاتووە، هەڵگری جۆرێك لە

---

1 Lewis. B:art. Djumhuriya Ei2,Vol.2pp.608-611.

٢ هەمان سەرچاوە، ل٦٠٨.

٣ هەمان سەرچاوە، ل٦٠٩.

٤ هەمان سەرچاوە، ل٦٠٩.

٥ الشهابی: تاریخ الامراء الشهابیین. الجزء الاول، ص٢٣٥.

نزیکایەتییە لە نێوان سیستمەکەی فەڕەنسا پاش شۆڕش و لە نێوان سیستمەکەی مەدینەدا لە پاش مردنی موحەممەدی پێغەمبەر(د.خ). بەڵام جەبرتی بۆ وەسفکردنی سیستمە سیاسیەکەی فەڕەنسا تێرمی "جەماوەر" و تێرمی "ئەنجومەن"ی بە هەمان مانا بەکارهێناوە، دەڵێت:"ئەم نامەیە لە لایەن جەماوەری ئەوانەوە، واتە ئەنجومەنەکەیان نێردراوە، چونکە ئەوان نە گەورەیان هەیەو نە سوڵتان..."[1] لەگەڵ ئەوەشدا تێرمی کۆماری لە میانەی تورکەکانەوە بۆ وڵاتە عەرەبیەکان دەگوێزرێتەوەو دواتر پێ بە پێ هەمان مانای وشەی "Republique"ی فەڕەنسی وەردەگرێت.

چەمکی ئازادی، کە شۆڕشی فەڕەنسی بەرزیکردبووەوەو کردبوویە یەکەمین دروشمی سێگۆشەیی خۆی، کە مانای ئازادی تاك و ئازادی نەتەوەی دەگەیاند، تێرمێك بو موسڵمانەکان پێی ئاشنا نەبوون، وشەی ئازادی کە دواتر بەرامبەر وشەی "Liberte"ی فەڕەنسی بەکارهێنرا، وەك بەرامبەرێك بۆ تێرمی "کۆیلە" بەکاردەهێنرا. هەروەها تێرمی ئازادی ئاماژەبو بۆ بنەچە یا خانەدانی، مرۆڤی ئازاد خانەدان و نەجیبزادەیە و ئازادەکان ڕەگەز و بنەچەیان هەیە، لای ئەهلی تەسەوفیش ئازادی بریتیبوو لە بەندایەتی و کۆیلەیەتی تەواوەتی بۆ خواوەند[2]. تا ناوەڕاستەکانی سەدەی هەشتەمیش هیچ گۆڕانێك بەسەر چەمکی ئازادیدا نەهاتبو لە ئیسلامدا، تەهانوی لە فەرهەنگەکەی" دۆزەرەوەی تێرم و زاراوەی هونەرەکان"دا، ئەم ڕاڤەیە بۆ ئازادی دەکات: " لە بەرامبەر کەسی ئازاددا کۆیلە هەیە.. لای پەیڕەوکاران ئازادی بڕینی ویژدان و خەیاڵە لە خووگرتن بەهەر شتێکەوە، خودای مەزن نەبێت... ئازادی

[1] الجبرتی، تاريخ مدة الفرنسيين فی مصر، ص١٢.
[2] بڕوانە: روزنتال. فرانز: مفهوم الحرية فی الاسلام، معهد الانماء العربي–بيروت ١٩٧٩.

کۆتـایی بەندایـەتی و کۆیلەیەتیـە، ئاسـوودەیی ئـادەمیزادە پـاش دەستپێکردنی ژیانی"[1].

بـەڵام لـە سـاڵی (١٧٧٤ز)دا و بـەدیاریکراوی لـە چوارچـێوەی پەیماننامـەی کوچـك کینارچـی (گوندێکـە لـە باشـوری دانـوب لـە بولگاریـا.و.)دا بـۆ بەخشـینی مانـای "Liberte"ی تێرمێکـی تـورکی بـەکارهێنراوەو وشـەی ئـازادی بەکارنـەهێنراوە، بـەڵکو وشـەی "سربستیە"، کـە لـە تورکیـدا مانـای نـەمانی سـنوورو کـۆت و بەنـد دەگەیەنێت، لە چوارچێوەی ئەم پەیماننامەدا وشەی "سربستیە" بۆ ئاماژەکردن بۆ ئازادی دەستەجەمعی و سیاسی بەکارهێنراوە[2].

یەکەمین ئەو کەسانەی سەرنجیان ڕۆیشت بۆ ئەو مانایانـەی کـە چەمکی "ئازادی:Liberte" هەڵگری بوو، باڵوێزو دیپلۆماتە تورکەکان بوو، یەکێك لەوانە مورلی سـەید ئەفەنـدی بوو، کە لـە ڕاپۆرتەکانیـدا وشەی "سربستیە"ی بەکارهێناوە، بە هەمان شێوە خالیـد ئەفەنـدی، کە باس لە ئازادی و کۆماری دەکات. عاتف ئەفەنـدیش هـەمان کـاری کردووە کاتێك باس لە دۆخی سیاسی دەکات لە پاریسدا، هێمای بۆ ئـەوەکردووە کــە پیـاوانی شـۆڕش بـەڵێنی ئـازادی و یەکسـانی "Musawat we Serbestiyyet" یان بە خـەڵکی ڕەشـۆك" Le menu people" داوە[3].

لە میسریشدا کە ساڵی (١٧٩٨ز) لە کاتی هێرشەکەی پۆناپەرتدا هــەرێمێکی عوسمــانی بــوو، چــەمکی ئــازادی لــە میانــەی ئــەو ڕاگەیاندنــەی پۆناپــەرت ئاڕاسـتەی گـەلی میسـری کـرد بـە مانـا

---

١

[2] Lewis. B:art Hurria… Ei2,Vol.3 PP601-615.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٦١٠.

نوێیەکەی ناسرا، کە هاتووە: "لە جەماوەری فەڕەنساوە، کە لەسەر بناغەی ئازادی و یەکسانی بوونیادنراوە"[1].

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، چەمکی ئازادی بەمانا نوێیەکەی تا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە ناڕونی مایەوەو ناکۆکی لە نێوان هەردوو تێرمی "ئازادی" و "سەربەستی" هەر بەردەوام بوو، لە کاتێکدا وشەی ئازادی پێچەوانەی بەندایەتی و کۆیلەیەتی دەگەیاند، وشەی سەربەستی مانای ئازادی سیاسی و سەربەخۆیی دەبەخشی. بەڵام پەرەسەندنی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوروپاو پلە بە پلە تێگەیشتن لە چەمکەکانی شۆڕشی فەڕەنسی بواری کردەوە بۆ وشەی "ئازادی" تا هەمان مانای "Liberte"ی فەڕەنسی وەربگرێت. ئەوکات لە چەمکێکی پەتییەوە وەرگێڕدرا بۆ هێزێکی سیاسی ئەکتیڤ.

لە چوارچێوەی تێگەیشتن لە چەمکە نوێکان، دەکرێ ئاماژە بۆ چەمکگەلی تر بکەین، کە بەهۆی ئاشنایەتیان لەگەڵ بیرکردنەوەی ئیسلامیدا، دەرکەوتنیان سەدایەکی گەورەیان دروست نەکرد، لەوانە چەمکی "برایەتی" وەك دەزانین ئیسلام جەخت لە پاڵپشتی و هاریکاری برایەتی لە نێوان موسڵمانەکاندا دەکاتەوە: "انما المؤمنون اخوة". هەروەها دەبوو چاوەڕێی گەردگیربوونی چەمکی نیشتمان بکرێت تا برایەتیەکی نوێ کە پایەکانی لەسەر لایەندۆستی بۆ نیشتمان نەك لایەندۆستی ئایین وەستابێت جێگەی بگرێتەوە. هەروەها "یەکسانی" کە لە هەناوی بیرکردنەوەی ئیسلامیدا بوو "جیاوازی لە نێوان عەرەبێك و عەجەمێکدا نییە، تەنیا خواپەرستی نەبێت". شایەنی وتنە لە ڕاگەیاندنەکانیاندا بۆ موسڵمانەکان

---

[1] بڕوانە دەقی ڕاگەیاندنەکە لە: خوری، رئیف: الفکر العربی الحدیث، بیروت دار المکشوف ١٩٤٣ ص١٧١.

فەڕەنسیەکان جەختیان لەسەر برایەتی و یەکسانی دەکردەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا لـە ئەسـتەمبوڵ دا لـە دژی ئـەم چـەمکانە پەرچـە کـردار دەرکـەوتن، ئـەو کاتـەی لای هەنـدێك دیپلۆمـات و کاربەدەسـتی عوسمانی ئەوە ئاشکرابو، کە ئەو چەمکانە هەڵگری ئامانجگەلێکی سیاسی مەترسیدارن بۆ سەر خودی قەوارەی سیاسی دەوڵەت.

## پەرچە کردار

ئەگـەر چـەمك و بیروبـاوەڕە فەڕەنسـیەکان سـەدایەکیان لـە ئەسـتەمبوڵ و لـەناو بازنـەی عوسمانیـدا بەگشـتی هـەبوبێت، ئـەوا ژمـارەی ئەوانـەی ئـەم بیروبـاوەڕو چـەمکانە مەترسـیی وروژانـدن گـەورەو کاریگـەربوون. ئەگـەر هەنـدێ لـە ڕۆشـنگەرە دڵگەرمـەکان بڕوایـان بـەوە هـەبوو تێکهەڵکێشـکردنی زانسـتەکانی ڕۆژئـاواو مەعاریفـەکانی لەگـەڵ بیروبـاوەڕی ئیسـلامدا کـارێکی گونجـاوەو داخوازییـەکانی دۆخەکـە دەیسـەپێنێت، ئـەوا ئـەم جـۆرە قەناعەتـە کۆدەنگیـەکی نەخوڵقانـد، چـونکە دەسـتەگەلێکی کاریگـەر بەرژەوەندیـەکانیان لەگـەڵ ئـەم کرانـەوەدا بـەڕوی زانسـتەکانی ئەوروپاو ڕۆشنبیری فەڕەنسیدا بەتایبەت ناکۆك بوو. لەوانە سەرانی سـوپای ئینکیشـاری کـە پێیـان وابـوو پێکهێنـانی سـوپای نـوێ مەترسیە بۆسەر قەوارەی ئەوان، کە ئەوە مەترسییەك بوو لە جێگەی خۆیدا، هەمان شت سەبارەت بە پیاوانی ئایینی، کە خاوەن پێگەو قـەبارەی خۆیـان بـوون، ترسـی ئـەمان لـە بیروبـاوەڕە باوەکـان بـوو. ئەمانـەی لێدەرکـەیت، هەنـدێ لـە کاربەدەسـتانی کارگێڕییەکـەی سەلیمی سێیەم لە کرانەوەدا مەترسییان بۆ سەر قەوارەی دەوڵەت دەبینی.

هـەر لـە سـەرەتاوە زۆرینـەی عوسمانییـەکان وەك ڕووداوێکـی نـاوخۆی فەڕەنسـی تەماشـای شۆڕشـی فەڕەنسـییان کـردو لـە سنوورێکی کەمدا نـەبێ ڕەچاوی ئاکامـە جیهانیـەکانی ئـەم ڕووداوە مەزنەیان نەکرد، کاتێکیش ئەم شۆڕشـە بـوو بـە سەرچاوەی نـاکۆکی لـە نێـوان ولاّتـانی ئەوروپیـداو بـوو بەنموونەیـەك بـۆ لاسـایکردنەوە، عوسمانییـەکان وایـان دانـابوو ئـەم نموونـە پەرەسـەندنانە، کـە بـە ئـەوروپادا بلاّوبوونەتـەوە، کاریگـەری نابێـت بۆسـەر ئـەوان، سـەرقاڵبوونی ئەوروپیـەکانیش بـە جەنگـە ناوخۆییەکانـەوە بـۆ ئەستەمبوڵ سەرچاوەی ئاسوودەگی بـوو، یـەکێك لـە هاوکارەکـانی سوڵتان ئەمەی ئاشکراکردووە، ئەحمەد ئەفەندی لە یاداشتەکانیدا لـە سـاڵی (١٧٩٢ز) لـە چوارچـێوەی قسـەکانیدا سـەبارەت بـە گرنگیدانی ڕووسیا بە داگیرکردنی پۆڵۆنیاو خەریکبوونی ئینگلتـەرا بە گێڕانەوەی پاشایەتی بۆ فەڕەنسا ئاواتەخوازە ئەم ئاژاوە ئەوروپا بگرێتـەوە بـۆ ئـەوەی نەیانپەرژێتـە سـەر دژایـەتیکردنی دەوڵـەتی عوسمانی[1].

لە سێدارەدانی لویسی شانزە، کە پێشتر خۆی و سەلیمی سێیەم نامـەیان پێکـەوە ئـاڵوگۆڕکردبوو، لـە ئەسـتەمبوڵ دا بـەجۆرێك لـە خۆپارێزییـەوە پێشـوازی کـرا، بـەلاّم فەڕەنسـیەکان لای خۆیانـەوە تێڕوانینیـان وانـەبو ئـەو کـردارە لـە مەودایـەکی دووردا ناوبـانگ و وێنایان لای عوسمانییەکان بشێوێنێت، یەکێك لە پیاوانی کارگێڕی فەڕەنسی بەم شێوە ناڕوونی هەڵوێستەکە دەرئەبڕێ کاتێك دەڵێت: ئەگەرچی لـە سێدارەدانی پاشا کاریگەرییـەکی خراپـی لای چینی حوکمڕانی عوسمانی بەجێهێشتووە، بەلاّم نێردراوەکانی شۆڕش لای

---

[1] Lewis. B: The impact of French.. P.119

بابيعالى جەخت لە ڕویەکی تر دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە فەڕەنسا دوای پەیڕەوکردنی ئاینی عەقڵ ئیدی لە پێگەیەکی ناکۆکدا نین لەگەڵ موسڵمانەکان[1].

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە بەرپرسە عوسمانییەکان قەناعەتیان بەم جۆرە دڵنیاکردنەوانە نەبوو، و دوژمنایەتی ئاشکرای خۆیان پیشانداو مەترسی خۆیان لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکانی ئازادی و یەکسانی بیروباوەرەکانی تر نەشاردەوە. عاتیف ئەفەندی ئەمەی دەربڕیوە، کە دیدگای وابو پیاوانی شۆڕش خەڵکی خراپەکار هاندەدەن شوێنیان بکەون و بەڵێنی یەکسانی و ئازادییان پێدەدەن، خالد ئەفەندی نوێنەری سەلیمی سێیەم لە پاریس لە ساڵی (١٨٠٢ز)، کە یەکێك بوو لەو کۆنەپارێزانەی بە ناحەزیی بۆ فەڕەنسا ناسرابوو، هەمان هەڵوێستی دەربڕیوە. یاداشتنامەیەکی درێژی بەرزکردۆتەوە تیایدا ڕقی خۆی بەرامبەر فەڕەنسیەکان و سیستمە سیاسیەکەیان خستووەتەڕو، دەڵێت:

"فەڕەنسیەکان هەوڵیاندا خۆیان وەك موسڵمانی ڕاستەقینە پیشانبدەن، بۆ ئەوەی سۆزی خەڵکە سادەکە بۆ خۆیان ڕابکێشن، بانگەشەی ئەوەیان کرد کڵێساکانیان وێران و تەختکردووە. بەڵام کە زانییان ئەم بانگەشە ئامانجەکانیان جێبەجێ ناکات، دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی ڤۆڵتێر، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرینەی خەڵك فەڕەنسی ناخوێنێتەوە، هەڵسان بە وەرگێڕانی ئەم کتێبانە بۆ زمانەکانی ئەرمەنی و تورکی و یۆنانی و جەختیان لەسەر لایەنە باشەکانی ڕژێمی کۆماری و پرەنسیپەکانی ئازادی دەکردەوەو کرێگرتەکانی خۆیان هەنارد بۆ ئەوەی شەیتان بجوڵێنن..."[2].

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٢٤..

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٢٣.

خالد ئەفەندی درێژەدەدات بە هێرشەکەی بۆ سەر فەرەنسییەکان و چەمکی کۆماری، کە ڕوونترین بیروباوەڕەکان بوو لە هەڕەشەکردندا بۆ سەر ڕژێمی سەڵتەنەت. دەڵێت: "فەرەنسییەکان بەهۆی ئەوەی پاشاکەیان نەماوە، بیٚ حکومەت ماونەتەوە، لەوەش زیاتر، بەهۆی نەمانی عەرش-وە زۆربەی پلەو پایەکان کەوتونەتە دەست خەڵکە پلە نزمەکان... کە لە کۆمەڵێك ئاژاوەگێڕ زیاتر هیچیتر نین یان بە تورکی ڕەوان: کۆمەڵێك سەگن. کارێکیشە نەکردەنی چاوەڕێی متمانە و دۆستایەتی لەم جۆرە خەڵکە بکەین"[1].

مێژوونوس عاسم ئەفەندی جەخت لەسەر هەمان ئەو مانایانە دەکاتەوەو سەبارەت بە چەمکی کۆماری دەڵێت: "کۆماری لە گەدەیەکی نەخۆش و ناتەندروست دەچێت کە دووچاری بەفیڕۆدان و قرمەقرم هاتووە، پرەنسیپەکانی لەسەر دەستهەڵگرتن لە ئایین ویەکسانکردنی هەژار بە دەوڵەمەند وەستاوە"[2].

ئاشکرایە چەمك و دروشم و بیروباوەڕەکانی شۆڕشی فەڕەنسی مەترسی هێزە کۆنەپارێزەکانی دەوروژاند و هانیدەدان لە دژی هەنگاوە چارەسەرسازیەکانی سەلیمی سێیەم کاربکەن. لە کۆتاییشدا ئەم هێزانە توانیان لەنێوی بدەن، بەڵام جەختکردنەوەیان لە ڕەخنەگرتن لە چەمکە نوێکان بەشێوەیەکی پراکتیکی گفتوگۆکانی سەبارەت بەم مەسەلە ورووژاند، گفتوگۆیەك کە ژمارەی ئەوانەی بەشدارییان تیادا دەکرد هێدی هێدی بەرزدەبوونەوە.

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٢٤.
[2] هەمان سەرچاوە، ل١٢٤.

**دوو ئاقار**

ئـەو ناكۆكیـەی لـە چـەمكەكانی شۆڕشـی فەڕەنسـی كەوتـەوە، چ ئەوانـەی لایـەنگری بـوون یـان نـەیار بەتـەنها ناكۆكیـەكی سیاسـی سنووردار و بەرتەسك نەبوو، بەڵكو دەستپێكی جیاكردنەوەی دوو تێڕوانین بوو كە لەگەڵ سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەهەمدا بە خێرایی گەلاڵـەدەبوو، هاوكـات لەگـەڵ خێرابـوونی كـردەی كاریگـەرە فیكرییـەكانی ئـەوروپا، دروسـت لـەو كاتـەدا كـە بانگێشـەكارانی لاسـایكردنەوە و لایـەنگرانی كەلـەپورو ئـایین دۆسـتەكان خۆیـان بەرامبـەر تـەوژمی كارتێكردنـەكانی ڕۆژئـاوا دەبینییـەوە، كـە بـیرو ئـاوەزی چـینە گەنجەكـە دەبـڕیّ وكـار لـە فۆرمەلـەكردنی ئاقارەكـان دەكـات لای دەستەگەلێكی بەرفراوان لـە توركـەكان و موسڵمانەكانی ناوچەكانی تر.

لـە واقیعـدا سـەرەتاكانی ئـەم ناكۆكییـە لـە دەسـتپێكی سـەدەی هەژدەهەم واتە دوای دەركەوتنی كاریگەرییە بەراییەكانی سـەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم دەركەوت، كاتێك فەرمانێكی سوڵتانی لـە دژی هەنـدێ لـە دوكتـۆرە بێگانـە و توركـەكان دەرچـوو ئەوانـەی دەرمانی نامۆ تاقیدەكەنەوە و بەناوی پزیشكی نوێوە "داودەرمـانی بێكەڵك" بەكاردەهێنن و پزیشكی كۆن پشتگوێ دەخەن[1]. كارەكە پەیوەنـدی بـە تاقیكردنـەوەی زانسـتێك و هەڵسـەنگاندنی سـوودەكەیەوە نـەبوو، ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـە دوو میتـۆدی بیركردنەوەوە هەبوو. هەر بۆیە ئەو بەرەنگارییەی ڕۆژئاوا لەو كاتـەدا پیشـانیدا بـە فـەرمانێك لـە دژی وەسـتانەوە، بـۆ ئـەوەی ڕێ لـەو

---

[1] Adnan, A:La science chez les turcs.. P129

گۆڕانکارییە بگرن لەسەر شێوازی ژیان و میتۆدەکانی بیرکردنەوە بەجێیدەهێڵێت.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیەکان لە فرمانەکان بەهێزتربوون، ئەو سوڵتانەی کە فەرمانی دەرکردبوو بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی "پزیشکی نویٚ"، خۆی یەکەمین "نوێگەرەکان" بوو، لە سەردەمی ئەویشدا ئەو ئاقارەی بانگهێشتی بۆ سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا دەکرد، گەلاڵەبوو، ئیدی لەو کاتەوە ئەوەی دەکریٚ ناوی لێبنەین ناکۆکی چەمکەکان، دەستیپێکرد.

کاروانی سەدەی هەژدەهەم، کاروانێکی پاڵپشت و پشتگیربوو بۆ ئاقاری گەشەسەندوو بانگهێشتکار بۆ کرانەوە بەڕووی ئەوروپادا، ئەم کاروانە لەگەڵ دەرکەوتنی سەلیمی سێیەمدا گەیشتە ترۆپکی خۆی، کە دەیویست سیستمێکی نویٚ لە شوێنی سیستمە کۆنەکە دابنێت، لە کەش و هەوایەکی هاندەردا بۆ گۆڕانکاریە گەورەکان، کە شۆڕشی فەرەنسی لەسەر ئاستی جیهان هێنابوویەکایەوە.

وێڕای ئەو پێشکەوتنانەی کە هێزە ڕۆشنگەراکان بەدەستیانهێنابو، بەلاّم ئاقاری دژە گۆڕانیش لە هەمان کاتدا گەلاڵەبووبوو. ئەگەر سوپای ئینکیشاری ئەو باڵە بوو کە دەبوونە بەربەست لە بەردەم هەوڵ و تەقەللاکانی ڕیفۆرم بۆ گەیشتن بەو سنوورانەی کە ئارەزووی بو پێیبگات، ئەوا دەزگای زانایانی ئایینی ئەو کانگا ئایدیۆلۆژییە بو، کە بەرپەرچی هەوڵەکانی ڕیفۆرمی دەدایەوە.

لەگەڵ سەلیمی سێیەمدا ئەوە تێبینی دەکەین کە هەندیٚ لە زانایان و پیاوانی ئایینی پشتگیری هەوڵە ڕیفۆرمکارییەکانی ئەویان کردووە، لەوانە تاتارجیق زادە کە ئەویش بیروڕای ڕیفۆرمکاری هەبوو. بەلاّم تاتارچیق زادە لە نموونەی کەم بو، چونکە دەزگای

زانایان و پیاوانی ئایینی بەگشتی نەیاری کرانەوە بوون بەڕووی ئەورووپادا، کارە چارەسەرسازیەکانی سەلیمی سێیەمیشیان وەك جۆرێك لە بیدعەو کوفر دەبینی. ڕەفتاری پیاوانی ئایینی ئەوانەیان کە پشتگیری ئاقارە نوێگەراییەکەی سەلیمی سێیەم-یان دەکرد، گوزارشتی لە ئاقاری تەواوی دەزگای ئایینی نەدەکرد. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو شۆڕشەی لە ساڵی (١٨٠٧ز)دا سەلیمی سێیەمی لەسەر تەخت لادا و ڕیفۆرمەکانی بەزەبری چەك وەستاند، پاڵپشتکردنی شەیخولئیسلام موحەممەد مونیب و قازی ئەستەمبوڵ موراد زادە و زاناکانی تر بوون لە سوپای ئینکیشاری. ئەوانە "حجة شرعية"یەکیان مۆرکردو تیایدا ڕیفۆرم و نیزامی نوێیان تاوانبارکرد، گوایە بیدعەکاری و شوێنکەوتن و لاسایکردنەوەی کافرانە[1].

دژایەتیکردنی زانایان و پیاوانی ئایینی یەکلایکەرەوە بوو لە کۆتایهێنان بە ئەزموونەکەی سەلیمی سێیەم، بەڵام ئەم دژایەتیکردنە بەتەنها مەسەلە سیاسی و فیکرییەکانی نەدەگرتەوە، بەڵکو تێکڕای ئەو شتانەی دەگرتەوە کە پەیوەندیان هەبوو بەکرانەوەوە بەڕووی ئەورووپاو دەستهەڵگرتن لە نەریتە ڕەگداکوتاوو دێرینەکان. هەر بۆیە پیاوانی ئایینی ڕووبەڕووی لەگەڵ هەر ڕەفتارێکدا ڕووبەڕودەبوونەوە کە بۆنی شوێن کەوتن و لاسایکردنەوەی ئەورووپای لێدەهات، وەك ئەو تابلۆیەی "Portrait" کە بۆ خودی سەلیمی سێیەم کێشرابوو، یان گۆڕینی جل و بەرگ ئەوەی کە دواتر مەحمودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩ز) سەپاندی. نەیارانی کرانەوەو ڕیفۆرم کاریان بەم وتە باوە دەکرد "ئەوەی لاسایی قەومێکی تر

[1] Heyd, U: The Ottoman Ulema and Westernization in the time of selim III and Mahmoud II. Scripta Hierosolymitana IX (1961) P:69.

بکاتـــەوە، وەك ئـــەوانی لێـــدێت" واتـــە ئـــەوەی شـــوێن کـــردەوەی ئەوروپییـەکان بکـەوێت، وەکـو ئـەوانی لێهـاتووە، کـافر بـووە و ڕەوایـە لابدرێت و تاوانباربکرێت.

زانایـــان و پیـــاوانی ئـــایینی هێـــزو توانـــای خۆیـــان هـــەبوو، سـوڵتانیش بـۆ خـۆی دەسـەلأتێکی ڕەهـای نـەبوو ئەگەرچـی بەشـێوە وادیـــاربو، هـــەر بۆیـــە هێـــزی دژو نـــەیار بـــە ڕیفۆرمـــەکان هەمیشـــە ئامادەبوون. "غۆفێیە"ی باڵوێزی فەڕەنسا لـە ئەسـتەمبوڵ لـە سـاڵی (١٧٨٦ن)دا ئەمـەی تێبینیکـردووە، لـە یـەکێك لـە نامەکانیـدا دەڵێـت: "لێـرە (مەبەسـتی لـە ئەسـتەمبوڵە) مەسـەلەکە وەك فەڕەنسـا نیـە کـە پاشا خۆی دەسەلأتداری ڕەهایە. پێویستە زانایان و پیاوانی یاساو وەزیرەکـــان ئەوانـــەی لـــە دەســـەلأتدان و ئەوانـــەی لـــە دەســـەلأت دورخراونەتەوە، ڕەچاو بکرێن.."[1]

ئاقاری ئایینی لەسەر ئاستی دەسەلأت قورسایی خۆیـان هـەبوو، بگـــرە لـــەوەش زیـــاتر زانایـــان و لایـــەنگرانیان لـــە ژیـــانی ڕۆژانـــەدا ئاقـارێکی ئـەکتیڤیان پێکـدەهێنا کـە "قوتابخانـە" سـەنتەر و چـەقی چالاکیەکانی بوو، بەردی بناغەی دام ودەزگای ئایینی قوتابخانە، کە بوو بوو بـە بازنەیـەك بـۆ هێـزە موحافزکـارو و نـەیارەکانی ڕیفـۆرم: " یەکێك لە گروپە سەرەکیەکان ئەوانـەی دژایـەتی ڕیفـۆرم و حکومـەتی عوسمـــانی و ئـــەو خەڵکـــەی دوای ســـتایل و شـــێوازی ئـــەوروپی دەکەوتن، گروپی قوتابیەکان بوون لە قوتابخانە ئاینیـەکان، ئەوانـەی بە ناوی"صوفتاس" ناسرابوون و ژمارەیان یەکجار زۆر بوو[2].

---

[1] Pingaud , L:Choiseul- gouffier..P..82

[2] Heyd, U: The Ottoman Ulema..P. 71

لێرەوە سوڵتان سەلیمی سێیەم کاری دەکرد بۆ دامەزراندنی خوێندنگەی نوێ، لە دەرەوەی دەسەڵات و کاریگەری "قوتابخانە-مەدرەسە"ی سونەتی، لە بوارەکانی ئەندازیاری و بیرکاری و بوارەکانی تر. بۆ سەرخستنی بەرنامەکەی شارێکی نوێی لە Scutari بوونیادنا تا دوور لە گوشاری هێزە سونەتیەکان ببێتە سەنتەری پەیمانگاو چاپخانەو هێزە نوێیەکەی. لێرەوە دوو ئاقاری جیاواز سەریانهەڵدا: ئاقارێکی سونەتی کە زانایان نوێنەرایەتییان دەکردو دەوری قوتابخانە ئایینیەکانیان دابوو، ئاقارێکی نوێی تازە گەشەسەندوو کە دەوری خوێندنگە و پەیمانگا نوێکانیان دابوو. وێرای ئەو پەرەسەندنە خێرایە کە پەیمانگا نائایینییەکان بەخۆیانەوە دیتیان، بەڵام لە ژیانی عوسمانیدا قوتابخانە بە چوست و چالاك مایەوە: "نە قوتابخانەو نە قوتابخانە فێرکارییەکان کە لە بازنەی هەژموونی دەسەڵاتی ئایینیدا کاریان دەکرد، هەڵنەوەشانەوە. ئەم دوو ئاڕاستەیە لە بواری فێرکردندا بۆ ماوەیەکی درێژ فۆرم دەبەخشنە پەرەسەندنی بیروباوەڕەکان.. و دەبنە خەسڵەتی سەرەکیی بۆ قۆناغی گواستنەوە"[1].

شایەنی ئاماژەپێدانە ئەو خوێندکارانەی لە پەیمانگا نوێکان دەیانخوێندو بەزانیاری ومەعاریفی نوێ گۆشدەکران، هەر یەکەیان ناوی "هونەرمەند"ی لێدەنرا، "زانا"ش وەك ناو و نازناوی هەر تەلەبەیەك کە لە قوتابخانە ئایینییەکاندا دەیخوێند، مایەوە[2]. ئەم جیاوازییە گوزارشت لە بواری جیاوازی هەر گروپێك لەو خوێندکارانەی دەکات. بوونی دوو ئاقاری ئاشکرادەکەن، کە خێرا ناکۆکی لە نێوانیاندا گەردگیردەبێت لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا.

---

[1] Dino, G: La genese du Roman Turc au XIX0. Siecle. P.21

[2] ADNAN, A: La science chez les turcs…PP.160-161

"شتێکی سروشتیش بوو کە هاتنی بیروباوەڕی نوێ بێ بەرهەڵستی یـان خۆگونجانـدن لەگـەڵ واقیعـدا نـەدەبوو، کۆنـەپارێزەکان لای خۆیانـەوە هـاتنی هـەر شـتێکیان لـە ڕۆژئـاواوە وەك زەنـدیق و پڕوپوچی فەڕەنسایی دەبینی.." [1].

لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ناکۆکییەکاندا لە نێوان چەمك و ئاقارەکاندا، تەڵەزگەیەك سەریهەڵدا، کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەوڵەتی عوسمانی و تورکیای سەرقاڵکرد، دەتوانین دەرکەوتەکانی ئەم تەڵەزگە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا تێبینی بکەین، بۆ وێنە لەنێوان جل و بەرگ و ستایلی ڕۆژئـاوایی و ڕۆژهەڵاتیـدا، لـە نێـوان شـەرعی ئیسـلامی و یاسـای فەڕەنسـیدا، هـەروەها لـە ژیـانی ڕۆشنبیرییشـدا نـاکۆکی لـە نێـوان ئاقـاری سـونەتی و کەلـەپوری ئیسـلامی و لـە نێـوان مەعریفـەی ئەوروپایدا هاتەکایەوە.

## ئاسۆکانی ئەزمونەکەی سەلیمی سێیەم

ئەزموونە ڕیفۆرمکاریەکەی سەلیمی سێیەم کۆمـەڵێك بەرەنجامی جـێگیری هـەبو، بەدیوێکـدا ئـەوەی دوپـاتکردەوە کـە ئـەو هـەوڵ و تەقەللانەی لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمەوە بە چەند قۆناغێکی جیـاواز دراون، ئاڕاسـتەیەك بـوو لـە میـانی نوێکردنـەوەی دام و دەزگاکـانی عوسمانییـەوە پـێش هـەمان سـەدە پتـەوو جێگیربوبـوون، بـەدیوێکی تـردا سـەردەمی سـەلیمی سـێیەم ئـەوەی سـەلماند لەگـەڵ هەڵکشـانی هێـزی ئـەوروپاو بڵاوبوونـەوەی بیروباوەڕەکـانی شۆڕشـی فەڕەنسـی بەتـەواوی دونیـادا کرانـەوە بـەڕووی ئـەوروپاو ڕۆشنبیرییەکەیدا کارێك بو هەڵاتنی بۆ نەبو.

---

[1] Bombaci, A: Historye De la Litterature torque..P351

له واقیعدا ناکۆکیەك، کە بەرەنجامەکانی لە بەرژەوەندی سوڵتان و یاریدەدەرەکانیدا نەبو ڕوویدا، دوای ئەوەی "یاماق Yamak" لەبەرکردنی جل و بەرگی سوپایی ڕەتکردەوە، لە ١٥ی ئایاری (١٨٠٧ز)دا ڕاپەڕینێك لە دژی سەلیم بەرپابوو، لە ماوەی دوو هەفتەی دواتریشدا لە ئەستەمبوڵ دا پڕوپاگەندە لە دژی ڕیفۆرمەکانی زیادیکرد. سەرانی ڕاپەڕین لیستێکیان بۆ ناوی لایەنگرەکانی سوڵتان و کەسە دڵگەرمەکان بۆ ڕیفۆرم و کرانەوە بەڕووی ئەوروپادا ئامادەکردو فەرمانی مردنیان لە دژیان جێبەجێکرد. لەگەڵ ئەوەشدا سوڵتان هیواخوازبوو لەسەر تەخت بمێنێتەوە، ئەوەبوو "خەت شەریف"ی ڕاگەیاندو "نیزامی نوێ"ی هەڵوەشاندەوە، بەڵام چارەنوسی سوڵتان پێشتر دەستنیشانکرابوو، ئەوەبوو لەسەر تەخت هێنرایەخوارو عەبدولحەمیدی مامیان، بە ناوی موستەفای چوارەمەوە لە جێگەکەی دانا.

بەڵام کۆتایی سەلیمی سێیەم نزیکەی پاش ساڵێك لە هێنانەخوارەوەی لەسەر تەخت ڕوویدا، ئەوکاتەی موستەفای بەیرەقدارو سوپاکەی لەگەڵ سوپای چەلەبی موستەفا پاشای وەزیردا هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ گێڕانەوەی کارکردن بە تەنزیمات و گێڕانەوەی سەلیمی سێیەم بۆ سەر تەخت. ئەوەبوو موستەفای چوارەم فەرمانی کوشتنی سەلیم و مەحمودی برای دەرکرد، پێش ئەوەی سوپاکەی بەیرەقدار بگاتە سەرای فەرمانی کوشتنی سەلیم بەشێوەیەکی نامرۆڤانە جێبەجێکرا، بەڵام مەحمود توانی خۆی ڕزگاربکات و لە دواییشدا ببێت بە سوڵتانی نوێ.

لەم کودەتاوە، کە ئاکامەکەی بە کوشتنی سەلیمی سێیەم و چونە سەر تەختی مەحمودی دووەم لە ساڵی (١٨٠٨ز) کۆتایهات، تا کودەتای دەستوری لە ساڵی (١٩٠٨ز)دا، سەد ساڵی تەواوە، لەو

ماوەدا کاریگەری فیکری ئەوروپی بە جۆرێکی جێگیرو پتەو خۆی دەســەلماند، ســولْتان مــەحمودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩ن) هــەمان ڕێبــازی ســەلیمی سـێیەمی گرتەبـەر، چـەندین نێـردراوی ڕەوانـەی ئــەوروپا کــرد، خوێندنگــەی نــوێی بوونیادنــاو ڕاگەیانــدراوێکی هاوشـێوەی مافـەکانی مرۆڤـی دەرکـرد، تیایـدا یەکسـانی لـە نێـوان سەرجەم هاولاَتیانیـدا لـە سـەرجەم ئاییـنەکان ڕاگەیانـد: "نیازەکـانی ئێمە ئەوەیە موسڵمانەکان تەنها لە مزگەوتەکانیاندا موسڵمان بن. لە ســۆنگەی هـــەمان بۆچوونیشـــەوە، مەســـیحیەکانیش تـــەنها لـــە کڵێسکانیاندا مەسیحی بن... دەمەوێ لە دەرەوەی ئەم شوێنانە ڕێز لــە هــەموو بیروباوباوەڕەکــان بگیرێــت، هــەموانیش هــەمان مــافی سیاسی و چاودێری باوکانەی منیان بەرکەوێت"[١].

بێگومــان گــرنگترین ئــەو کارانــەی ســوڵتان مــەحمودی تــوانی جێبەجێیانبکات، بنەبڕکردن و لە ناوبردنی سوپای ئینکیشاری بوو لـە سـاڵی (١٨٢٦ن)دا، ئـەوە کارێـك بـوو لـە مـاوەی دوو سـەد سـاڵی پێشــووتراو لــە ســەردەمی عوسمــانی دووەمــەوە چــەندین جــار تــاقیکرابووەوە، بـەلاَم بـێ ئاکـام بـوون، ئـەو ڕیفۆرمـە گرنگانـەی کـە جێبــەجێیکردن و لــە مەودایــەکی دوردا کاریگــەرییان وەدەرکــەوت، ئەوانەبوون کە لە بوارەکانی فێرکردندا ئەنجامدران، ئەم ڕیفۆرمانە لە مــاوەی چــەند نەوەیــەکی جیــاوازدا چــەندین دەســتەی ڕۆشــنگەری لێکەوتەوە کە ژمارەیان هەمیشە زیادی دەکرد.

---

[1] KARAL, E. Z: La transformation du la turquie P.433

ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم نەهاتبوو، ڕۆژنامەگەرییەکی دیسپلین و ڕیکخراو کە پڕوپاگەندەیان بۆ شۆڕشی فەڕەنسی دەکرد، بەدیارکەوت، بەلاّم قەلّەمبازی ڕۆژنامەگەریی لە سالّی(١٨٦٠ن)دا ڕوویدا، ئەو کاتەی ڕۆژنامەی "ترجمان ئەحوال" دەرچوو. دوو سالّ پاش ئەوەش ئیبراهیم شناسی (١٨٢٦-١٨٧١ن) گۆڤاری "تصویری ئەفکار"ی دەرکرد. هەروەها ڕۆژنامەی تر بە زمانەکانی فەڕەنسی و یۆنانی و ئەرمەنی لە ئەستەمووڵدا دەرچوون. جێی ئاماژەپێدانێکی تایبەتە لەم ڕووەوە شناسی ڕۆڵێکی پێشەنگانەی هەبو، پاش تەواوکردنی پێنج سالّی خوێندن لە پاریس، مەسەلەی بلاّوکردنەوەو ناساندنی ئەدەبیاتی فەڕەنسی لە ئەستۆگرت، ئەوەبوو لە گۆڤارەکەیدا دەستی دایە وەرگێڕانی شیعرەکانی "لافونتین"و "ڕاسین"و "لامارتین". لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمیشدا لەگەلّ شەمسەددین شانی (١٨٥٠-١٩٠٤)دا، پەرەسەندنێکی گرنگ ڕویدا، کاتێك ئەو بو بە یەکەم کەس، کە بە تورکی چیرۆك بنوسێت، لە بەرهەمەکانیشی "تعشقات طلعت و فتنت" بوو[١].

بەلاّم ئەو کەسەی کاریگەریەکی مەزنی هەبوو، نامیق کەمال (١٨٤٠-١٨٨٨ن)ی شاعیر و نووسەر بوو، کە لە سەرەتادا لەگەلّ "شناسی" دا کاری دەکرد، خۆی بە تەنیا گۆڤاری (تصویری ئەفکاری) دەردەکرد. ناوبراو چەندین جار دورخراوەتەوەو بەندکراوە، دواتریش بە هاوکاری لەگەلّ کەسانی تردا لە سالّی (١٨٦٢)دا ڕۆژنامەی "حریت"ی دەرکردووە، و بیروباوەڕەکانی ئازادی و نیشتمانی بلاّوکردووەتەوە، کە لە ڕۆژگاری ئەودا وەرگێڕدران بۆ دروشمگەلی سیاسیی ئەکتیڤ و چالاك: " بە هۆی نامیق پاشاو شیعرو پەخشانە ڕەوان و کاریگەرەکانیەوە

---

[١] بۆ زیاتر بڕوانە: لێکۆلّینەوەکانی Dino و Bombaci کە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆکراوە.

بیروباوەرەکـانی ئـازادی و نیشـتمان، کـە ڕای گشـتی سیاسـیان دەبزواند، بڵاوبوونەوە"[١].

بەڵام شیعری نوێ لەگەڵ عەبدولحەق حەمید (١٨٥١-١٩٣٧)دا، کە قوتابی نامیق بو، دەرکەوت، حەمید توانی لە بواری شیعردا، کە تـا ئـەو ڕۆژگـارە بەتـەواوی لـە فۆرمـە کۆنـەکانی ڕزگـاری نـەبوبوو، شـۆڕش بـەرپابکات: "ئـەم شـاعیرە پـڕ بەرهەمـە تـوانی جۆرەکـانی شـیعری گـۆرانی و درامـاتیکی بێنێتـە نێـو زمـانی تورکیـەوە، لـەم ڕووەوە نووسینەکانی هـەر یـەك لـە "دانتـیٚ"و "ڕاسین"و "کـۆڕنیٚ"و "شکسپیر" نموونەیان پیٚ بەخشیوە.."[٢].

لەگـەڵ ئـەم پێشـەنگانەدا دەرگاکـانی کاریگـەری ئـەوروپی بەشێوەیەکی پان و بەرین کرانەوە، لەگەڵ ئەماندا شێوازە نوێیەکانی نووسین لـە ڕۆمـان و شانۆو شیعر هاتنـە نێـو زمـانی تورکییـەوە، لـە واقعیشـدا پەرەسـەندنی شـێوازەکانی دەربڕینـی ئـەدەبی هـەم کاریگـەری و هـەمیش هاوسـەنگییان لەگـەڵ شـێوازەکانی دەربڕینـی سیاسـی و ئـەو وەرچـەرخانانەی کـە دەوڵـەتی عوسمـانی بەدرێـژایی سەدەی نۆزدەهەم بەخۆوەبینی، دروستکرد[٣].

وەك چـۆن فەیلەسـوفە ڕۆشـنگەراکانی سـەدەی هەژدەهـەم زەمینەیان بۆ شۆڕشی گەورەی فەڕەنسی ساڵی (١٧٨٩ز) خۆشکرد، بەهـەمان شـێوە ڕۆشـنگەراکانی عوسمـانیش، ئەوانـەی وەك نموونەیەکی باڵا تەماشای شۆڕشی فەڕەنسییان دەکرد، زەمینـەیان بـۆ شۆڕشـی دەسـتوری سـاڵی (١٩٠٨ز) خۆشـکرد، کـە لای

[1] Tansel, F. A: art Kemal.Ei2 , Vol 4.PP 908-912

[2] Dino :La Genese du Roman …P.35

[٣] بۆ زانینی پەرەسەندنی فیکرو بیرو باوەڕەکان لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا بڕوانە Berkes، ی سەرچاوەی پێشووتر ئاماەپێکراو، هەروەها بڕوانە:
Mardins S:The genesis of young ototoman Thought. Prenciton University press 1962.

هاوڕۆژگارەکـانی مەزنـە کۆدەتایەکـە سـیمای دەوڵـەتی عوسمـانی دەگۆڕێ و لە دۆخی داتەپین دەریدەهێنی و بەرزیدەکاتەوە بۆ ئاستی وڵاتـە ئەوروپیـەکان.[1] لەواقعیشـدا شۆڕشـی دەسـتوری سـاڵی (١٩٠٨ز) لەسـەر ئاسـتی دەسـەڵاتی سیاسـی لەئەسـتەمبوڵ دا زۆر شـتی گـۆڕی، ئـەم گۆڕانـەش شـوێنەواری خـۆی لەسـەر تێکـڕای هەرێمـەکانی ئـەو ڕۆژگـارەی دەوڵـەتی عوسمـانی بەجێهێشـت، بەتایبـەت لـە ڕووی دزەکردنـی بیروبـاوەڕە ئازادیخوازەکانـەوە، کـە سـەرانی ڕژێمـی نـوێ بانگەشـەیان بـۆ دەکـرد، لەوانـە بـەکارهێنانی دروشمـەکانی شۆڕشـی فەڕەنسـی[2] و لێـدانی پـارەی نـوێ، کـە ئـەم دروشمانەی لەسەر نوسرابوو: ئازادی، یەکسانی، بەو پێیەی ئیسلام ئایینی دادپەروەرییە وشەی دادپەروەریشیان خستبووە جێی وشەی برایەتییـەوە، بـەڵام گونجانـدنی ئیسـلام لەگـەڵ فیکـری ئەوروپیـدا کارێکی ئاسان نەبوو. هەروەها گێڕانەوەی شکۆی سەربازیی دێرینی عوسمـانی کـارێکی مـەحاڵ بـوو، بۆیـە ئـەو پەرەسـەندنانەی دەوڵـەتی عوسمانی لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیستـەمەوە بەخۆیـەوەبینی، لـەوە زیاتر کە کۆتایی ئەم دەوڵەتەی خێراترکرد، سوودێکی تریان نەبوو.

---

[1] سولەیمان بوستانی بڕوای وابوو ماوەی (٢٥) ساڵ بەسە، بۆ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەکانی دەربازبێت و هێزی خۆی وەدەستبێتەوە.. بڕوانە : سليمان البستاني: عبرة و ذكرى أو الدولة العثمانية قبل الدستور و بعده- تحقيق خالد زيادة.دار الطليعة بيروت ١٩٧٨ز ص ص ٢٣٧-٢٥٠.

[2] عبدالمسيح الأنطاكي بە ناونیشانی (نيل الاماني فى الدستور العثماني عام ١٩٠٨، - مطبعة العرب فى مصر ١٩٠٩ ) کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە، "سەرجەمی ئەو شتانەی تێدایە کە پەیوەندیان بەو دەستورەوە هەیە کە لە ٢٤ی تەمووز/یولیوی ١٩٠٨ دا ڕاگەیەندراوە، بە گوتەزاکانی ڕۆژنامە عەرەبی و تورکی و ئەوروپییەکانیشەوە لەگەڵ گوتاری مامۆستایانی مزگەوت....هتد"، خوێندنەوەی ئەم کتێبەو باسە جۆراوجۆرەکانی کاریگەری کودەتاکە لەسەر بەرینکردنی بازنەی گفتوگۆکان سەبارەت بە چەمکەکانی وەك ئازادی و دیموکراسی و دەستور و هیتر، بۆ ئاشکرادەکەن.

# ئه نجام

سەدەی هەژدەهەم سەدەی گۆڕان و وەرچەرخانەکان بوو، نەك تەنها لەسەر ئاستی ئەوروپا، بەڵکو مەسەلەکە گشتگیربوو لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی، وڵاتە ئەوروپییەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەیان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان و سەلماندنیان بۆ هێز و پێشکەوتنەکانیان لای ئەو گەلانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ دەگرتن، لە خێراترکردنی ئەو گۆڕانکاریانەدا لای ئەو گەلانە کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەیان هەبو. دەوڵەتی عوسمانی بە تێکڕای ویلایەتەکانیەوە لە ئەوروپاو ئاسیا زۆرترین کاریگەرییەکانی ڕێنیسانس و ڕابوونی ئەوروپییان لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا بەرکەوت، هۆکاری ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە جوگرافیای دەوڵەتی عوسمانییەوە هەبوو، کە لەگەڵ ئەوروپا هاوسنوربوو و ئامادەیی تیانەبوو دان بە سنوورێکدا بنێت مێژووی دێرین بەخشیبێتی، خودی هۆکاریی مێژووویش لەم مەسەلەدا ڕۆڵی کارای خۆی گێڕابوو، چونکە ناکۆکی عوسمانی–ئەوروپی یان مەسیحی– ئیسلامی، کە دەگەڕایەوە بۆ چەندین نەوەی پێشوتر، وێڕای ئاڵوگۆڕی پێدراوەکان و گۆڕانی هاوسەنگیەکانی هێز کەچی بەردەوامبوو، ناکۆکی لەسەر هەرێمەکانی ئەوروپای ناوەندو ڕۆژهەڵات هێشتا بەردەوام بوو. لەگەڵ کرانەوەی دەرفەتدا بۆ دەریاوانی ئەوروپی بۆ سەلماندنی هەژموون و باڵادەستی نوێی خۆیان بەسەر هێزی دەریاوانی پێشوتری عوسمانیدا، بەرەنگاربوونەوە لە چوارچێوەی دەریای ناوەڕاستدا درێژەی هەبوو.

لەواقیعـدا گـۆڕان و وەرچـەرخانەکان لەسـەر ئاسـتی عوسمـانی لەگـەڵ دەسـتپێکی سـەدەی هەژدەهەمـدا دەرکـەوتن و ئاشـکرابوون، شکستەکەی ساڵی (١٦٩٩ز) یەکێك لە هێما هەرە ئاشکراکانی بوو، لەو کاتە بەدواوە عوسمانییەکان هەندێ نیمچە سەرکەوتن نەبێت، بەشیان هەمیشە بەزینی گەورەی سەربازی بوو. ئەم لاوازییە کە سـوڵتانەکان و وەزیرەکـانی و دارودەسـتەکەی هەسـتیانپێکردبوو، شوێنەوارەکانی لە ناوخۆدا دەرکەوتبوون، لاوازی سەربازی بە تەنها لاوازبوونێك نەبوو لە ئاست ئەوروپا، بەڵکو لاوازبوون بوو لە ئاست هەر هێزێکی تردا.

لـــە ســـەردەمی ئەحمـــەدی ســـێیەم (١٧٠٣-١٧٣٠)دا، عوسمانییـەکان ڕووبـەڕووی دوژمنێـك بوونـەوە کـە ئاسـان نـەبوو، ئەوانیش ئێرانیەکان بوون. لە سەردەمی مەحمودی یەکەم (١٧٣٠-١٧٥٤)دا، نادر شا توانی لە ساڵی (١٧٣٣ز)دا عێراق داگیربکات، تا کۆتایی ساڵی (١٧٤٧ز) ویلایەتی بەغداد لەژێر دەسەڵاتی نادر شادا مایەوە[1].

لە بازنەی عەرەبیدا، دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ دووربوو لەوەی بتوانێ کار لەو ڕووداوانە بکات، کە ویلایەتە عەرەبیەکانی لە ئاسـیاو ئـەفریقیا دەیـانبینی بەخۆیانـەوە، بـۆ وێنـە سـەرکردە لۆکاڵیەکان لە تونس و جەزائیردا وێڕای هێشتنەوەی پەیوەندیەکی شکلی لەگەڵ بابیعالیدا دەسەڵاتی خۆیان سەلماندبوو. لە ویلایەتی تەرابلسـی ڕۆژئاواشـدا، بنەماڵـەی قـەرەمانلی توانییـان لـە سـاڵی (١٧١٣ز)وە سـەربەخۆیانە حـوکمڕانی بکـەن، ئەحمـەد قـەرەمانلی توانی وەك پاشای تەرابلوس دانپیانانی سوڵتان دەستەبەربکات. بەم

[1] لونکریك. س.ە: اربعة قرون من تاریخ العراق. بغداد. الطبعة الخامسة بدون تاریخ، ص ص١٥٤-١٧٣.

جـــۆرە قەرەمانلیـــەکان توانییـــان لـــەم ویلایەتـــەدا، کـــارگێڕی سـەربەخۆیانەی خۆیـان بپـارێزن و لەگـەڵ وڵاتـە جیاوازەکـانی ئەوروپادا پەیوەندی دیپلۆماتی ببەستن و لەسەر خەرجی تایبەتی خۆیشـــیان تـــا ســـاڵی (١٨٣٥ز) جەنگـــە ناوخۆییـــەکانیان درێژەپێبدەن[١].

لـە میسریشـدا مەمالیکـەکان توانیـان لـە سـاڵی( ١٧٥٧ز) دا بەڕێبەرایـەتی عـەلی بـەگی گـەورە هـەژموون و دەسـەڵاتی خۆیـان وەدەستبێننەوەو دوای دە ساڵ لە حوکمڕانییکردنی فەرمانی لێدانی پـارەی دەرکـردو بـەئاماژەو نیشـانەکانی خـۆی دیـاریکرد، ئـەم هـەنگاوەش هێمـای سـەروەری بـوو[٢]. بـە مردنیشـی لـە سـاڵی (١٧٧٣ز)دا، لە میسردا دۆخەکە نەگۆڕا، چونکە جێنشینەکانی[٣] تا هێرشەکەی ناپلیۆن لە ساڵی (١٧٩٨ز)دا، درێژەیان بە کارەکانیدا.

دۆخی فەلەستین هاوشێوەی دۆخی میسر بوو، زاهیر ئەلعومـەری لە ساڵی (١٧٥٠ز)دا، توانی بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەك خۆی بکاتـە دەســەڵاتدارو گــەورەی عــەکا و ناوچــەکە، جێنشینەکەشــی، کــە عوسمانییەکان لە ساڵی (١٧٧٥ز)دا خستیانە شوێنەکەی، تـوانی بـۆ ماوەی چارەکە سەدەیەکی تر، تا مردنی لە ساڵی (١٨٠٤ز)دا، ببێتـە دەسەڵاتداری ڕەهای فەلەستین و شام[٤].

---

[1] VADALA, R:Essais sur L"histoire de karamanlis pacha de la trepolitaine de 1711 a 1835. Larevue De L"histoire des colonies francaises, VII\2 (1919) PP.117-288.

[٢] قولنی، ثلاثة أعوام فی مصر و بر الشام. دار المکشوف بیروت ١٩٤٩ الجزء الاول ص ص٨٠-٨٩.

[٣] هەمان سەرچاوە، ل٩٧ و دواتر.

[٤] لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم لێکۆڵینەوە گرنگە:

- Hourani, A:The changing face of fertile c recent in the XVIII0 Century. Studia Islamiqa N08 (1957) PP.89-122.

بێجگە لەم هەولانە، کە خۆی لە دامەزراندنی چەند میرایەتیەکی لۆکاڵی سەربەخۆدا دەبینیەوە، دەوڵەتی عوسمانی بە بەرپابوونی بزاڤێکی ئایینی لە ساڵی (١٧٤٥ز)دا لە دورگەی عەرەبی، ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی مەترسیدار بووەوە، دەوڵەتیش لە هەڵکشان و گەورەبوونی وەهابیەکان بەئاگانەهاتەوە، تادوای هەڕەشەکردنیان لە هەردوو ویلایەتی دیمەشق و بەغداد. بەوجۆرە تا دەرکەوتنی هێزێکی نوێ لە بازنەی عەرەبیدا، وەهابیەکان بەسەر دورگەی عەرەبدا زاڵ و بالادەستبوون. تا ئەو کاتەی موحەممەد عەلی پاشای میسر بۆ بەرژەوەندی سوڵتان مەحمودی دووەمی عوسمانی[1] توانی لە ساڵی (١٨١٨ز) دەوڵەتەکەیان لەنێوبدات، بەڵام پاشای میسر لە کۆتایدا بوو بەخاوەن ئەو ئامرازو کەرەستانەی کە یارمەتیدا هەڕەشە لە خودی سوڵتان بکات.

ئەگەر ئەمە دۆخی ویلایەتە عەرەبیەکانی عوسمانی بێت لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا، ئەو دۆخەی ئاسانکاری بۆ دزەکردنی بەرژەوەندی و کاریگەریە ئەوروپیەکان کرد، ئەوا هەل و مەرجەکان لە ناوخۆی عوسمانیدا جیاوازیەکی لەگەڵ ناوچەکانی تردا نەبوو، خەونی میرە خۆماڵیەکان بۆ دامەزراندنی قەوارەو دەسەڵاتی سەربەخۆ لە ئەنادۆڵ و لە بەلقانیشدا دەرکەوتن. عەلی پاشای یانینا Janina نموونەیەکی دیارە، کە توانی لە ساڵی (١٧٨٨)وە چەند بەشێك لە ئەلبانیا (و باکوری یۆنان.و.) دابڕێت[2].

[1] زانیاری جۆراوجۆر سەبارەت بە محەمەد پاشا لەم سەرچاوەدا دەبینیتەوە: حجار، جوزیف: أوربا ومصير الشرق العربي، المؤسسة العربية بيروت ١٩٧٦.

[2] SHAW. S. J:Between old and new…PP228230

ئەم گۆڕانکارییانە سوڵتانەکانی دنەدا، تا داخوازییان لەسەر ئەو هۆکارو ئامرازانەی هێز دوپاتبکەنەوە کە دەسەلاٌتیان بۆ ویلایەتە جوداخوازەکان دەگێڕێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هێزو توانای خودی سوڵتانو دەسەلاٌتەکەی ڕوو لەدابەزین بوو، هەر لە کۆتایی سەدەی شانزەهەمەوە وێنەی ئەو سوڵتانەی خاوەن هەڵس و کەوتێکی ڕەهایە، نەمابو. لە دەستپێکی سەدەی حەڤدەهەمدا ئەوە دەرکەوت کە ڕەنگە سوڵتان لە لایەن دەستەگەلێکەوە ڕووبەڕووی پلانێکی ئاشکرا بێتەوە، کە بۆ دەسەلاٌت ناکۆکی لەگەڵ دەکەن. کوشتنی عوسمانی دووەم لە ساڵی ١٦٢٢ز[١] ئەم مەسەلەی بە تەواوی سەلماند. لەو کاتەوە ئیدی بەڕوونی ئەوە دەرکەوت سێ لایەن دەسەلاٌتی عوسمانی دەجولێنن، ئەوانیش پێکهاتوون لە: سوڵتان، سوپای ئینکیشاری و پیاوانی ئایینی.

ئەم دۆخە ئەوەمان بۆ ڕاڤەدەکات کە چۆن سوڵتانە یەك لە دوای یەکەکان دوای کوشتنی عوسمان هەوڵ و کۆششیان دەکرد کاری ڕیفۆرمخوازی بکەن، یاریدەدەرە ڕاستەوخۆکانی سوڵتانەکان بینییان چۆن لە کاتی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی هۆکارەکانی کەنەفتی و لاوازی دەوڵەتدا دەستی تاوانیان بۆ ئینکیشاریەکان و پیاوانی ئایینی وەك یەك ڕادەکێشا، لە هەوڵەکانی هەر یەك لە قوچی بەگ و حاجی خەلیفەو حسێن هەزار فەن دا ئەمەمان تێبینیکرد. لە واقعیشدا وێنەی ناکۆکی و ڕکابەری لەسەر دەسەلاٌت سوڵتانەکانی والێکرد لە شێوەی ڕیفۆرمخوازێکدا دەرکەون. لە کاتێکدا سوپای ئینکیشاری و گروپی پیاوانی ئایینی لە پێگەی هێزێکی نەیاردابوون دژ بە هەر هەنگاوێکی ڕیفۆرمخوازی. ئەم ناکۆکیە لە

---

[١] بڕوانە بەشی دووی ئەم کتێبە.

مــاوەی دوو ســەد ســاڵدا[1] دۆخــی سیاســی نــاوەکی دەوڵــەتی عوسمانیــان ڕەنگڕێــژکردبوو، کــە لــە میانەیــەوە ئاقــاری جیــاوازو ناکۆکیــان لەگــەڵ یــەك جێگیرکردبــوو، بــەم جــۆرە کاریگەریــەکانی ئەوروپا دەیانتوانی بە ئاسانی بپەڕنەوە بۆ نێو هەناوی عوسمانی.

ئــارەزووی ســوڵتانەکان بــۆ کرانــەوە بەســەر ئــەوروپادا هەمیشــە لاوازو بێبنــەما نــەبوو. چــونکە ویســتی چــنگ گیرکــردن لــە دەســەڵات پاڵی پێوەدەنان بە دوای ئەو ئامرازو کەرەستە ئەکتیڤانــەدا بگــەڕێن کــە سنوور بــۆ ئاغــا ئینکیشــاریەکان و پێراکێشــانی پیــاوە ئاییــنەکان دادەنێــت. ســوڵتان ئەحمــەدی ســێیەم یەکــەم کــەس بــوو هــەوڵ و تەقــەللای دا لــەدەرەوەی بازنــەی ســوپای ئینکیشــاری ڕیفــۆرم و چاکسازی ئەنجامبدات. هەڵبەتە بەسوودوەرگرتن لە دۆخی شکست و دۆڕانە دڵتەزێنەکانی ئینکیشاری، هــەروەها لــە بوارەکــانی تریشــدا هــەوڵی نوێکردنــەوەی دا. بــەڵام سوپای ئینکیشــاری توانییــان خــۆی لەسەر عەرش لادەن و وەزیرەکەیشی، کە بەوە تاوانبارکرا بەرپرسە لەم بیدعانــە، بکوژن. لە ماوەی سەردەمی پێنچ سوڵتاندا (١٧٠٣-١٧٨٩ز) هەوڵ و کۆششی جیاوازی چارەسەرسازی درا بەتایبــەت لــە بــواری ســەربازی و لــق و بەشــەکانی کــە لێیدەبێتــەوە، لەوانــە دامەزراندنی پەیمانگە بۆ خوێندنی ئەو بابەتانەی بۆ بەرزکردنەوەی ئاســتی ســوپا گونجــاون وەك پەیمانگــەی دەریــاوانی و بیرکــاری و ئەندازیاری.

وێــڕای ئــەو ســنوورە بەرایییانــەی کــە ئــەم ڕیفــۆرم و چارەسەرسازییانە پێــی گەیشــتن، بــەڵام بــێ کاریگــەر نــەبوون. ڕاســتە هەنگاوە ڕیفۆرمکارییەکان پێگەی ناوەکی سوڵتانیان بەهێز نەکرد،

---

[1] جب و بوون المجتمع الاسلامی والغرب، ج١ ص٥٧.

ڕێگەیشـــی نـــەدا ببێتـــە خـــاوەن ئـــامرازو کەرەســـتەکانی ڕووبەڕووبوونـەوەی ئەوروپیـەکان، بـەڵام ئـەم ڕیفۆرمانـە ڕێگـەیان بـۆ پێکهێنانی دەستەیەکی ڕۆشنگەری عوسمانی ڕەخساند تا زەمینە بۆ گەشەسەندنی فیکرێکی ڕیفۆرمخوازی کراوە بسازێنن. ئەم دەستە هەسـتی بـەوەکردبوو، کـە داتـەپین و لاوازی عوسمـانی کێشـەیەکە پشـــتگوێ ناخرێـــت و هێـــزی ئـــەوروپاش مەســـەلەیەکە بـــێ دەستکاریکردنی تێڕوانینی سونەتیانە بۆ ئەوی دی و تێگەیشتن لـە زانستە نوێکان لە بەرامبەریدا هیچ ناکرێت.

ئەزمونەکـەی سـەلیمی سـێیەم (١٧٨٩-١٨٠٧ز) لـەم سـۆنگەوە سەرچـاوەدەگرێ، کاتێـك هەوڵێـدا پرۆســەیەکی چارەسەرســازی گشتگیر بوونیادبنێت. سـەرباری ئـەوەی هـەل و مەرجـەکان بـە هـیچ چەشـنێك و گونجـاوو لەبارنـەبوون، چـونکە ڕووبـەڕووی دژایـەتی ئەوروپیـەکان و لـەوەش زیـاتر لـە نێـو ویلایەتەکانـدا ڕووبـەڕووی یـاخیبوون و هەوڵـە جوداخوازیـەکانی بـووەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەزموونەکـەی دەوڵـەتی عوسمـانی فڕێدایـە نێـو سـەردەمی نوێـوە، کاریگەری ئەم ئەزموونە لەسەر گۆڕینی زەین و هۆشیاری خـەڵك زۆر زیاتربوو لە گۆڕینی بۆ واقیعی ئاڵۆزو نالەباری دەوڵەتی عوسمانی.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سەردەمی سەلیمی سێیەم گوزارشت بوو لـە سـەردەمێك، کـە تیایـدا گومانـەکانی ڕۆژهـەڵات لـە ڕۆژئاوا تـا ئەندازەیـەکی زۆر بەرتەسـك بـووەوە. وێـڕای ئـەوەی مـاوەی ئـەم "سـەردەم"ە کـورت بـو، بـەڵام ئـەو شـتەی لـە میانیـدا ڕوویـدا، گواستنەوە بوو لـە سـەردەمی ناکۆکیـە ئایینیەکانـەوە بـۆ سـەردەمی ناکۆکیـە سیاسیەکان و بەریەککەوتن و لەیەکدانی بەرژەوەندیـەکان. ڕاستە خەونی ڕۆشنگەرە عوسمانییەکان بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن لە زانسـت و تەکنیکـە نوێکـان، کـە سەرچـاوەکەی ئـەوروپا بـوو لـە

ماوەیەکی کەمدا، جۆرێك لە ساویلکەیی لەخۆگرتبوو، بەڵام کەف و کوڵ و دڵگەرمییان بۆ کرانەوە بەڕووی ئەوروپادا وێڕای هەموو تەگەرەو بەربەستەکان لە کۆتاییدا ئاکامەکانی گرنگ و بەسوود بوون.

لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمداو بەشێوەیەکی تایبەت لە قۆناغی سەلیمی سێیەم دا، ئەویدی دۆزرایەوە، ئەوروپای مەسیحی ئیدی لەوە دەرچوو دژێکی تەماوی و نادیارو دورەدەست بێت، جیهانیش ئیدی دابەش نەبوبوو بۆ دوو بەش کە بەیەك ناگەن.

دۆزینەوەی ئەویدی، واتە پەیوەندی موسڵمانەکان لەگەڵ ئەوروپا، بووە هۆی گۆڕینی گۆشەنیگای موسڵمانەکان بۆخودی خۆیان، کە تا ئیستاش هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی ئەم گۆشەنیگایە بەردەوامە.

# پێڕست


| | |
|---|---|
| **پێشەکی** ........................................ | ٣ |
| دەسپێك........................................ | ١٣ |
| **بەشی یەکەم: دەوڵەتی عوسمانی و ئەوروپا**................ | ٢١ |
| ئیسلام و مەسیحیەت........................................ | ٢٤ |
| دەوڵەتی عوسمانی و ڕۆژئاوا........................................ | ٢٧ |
| **بەشی دووەم: بیرکردنەوە لەمەڕ داتەپین** ........................ | ٣٣ |
| سەرەتاکانی داتەپین........................................ | ٣٦ |
| بیروباوەڕەکان لە پێناو ڕیفۆرمدا ........................................ | ٤٩ |
| لە داڕوخان و داتەپینەوە بۆ شکست ........................................ | ٥٣ |
| **بەشی سێیەم: دۆزینەوەی ئەوروپا** ........................................ | ٥٥ |
| وێنەی جیهان ........................................ | ٥٨ |
| ئەوروپا وێنەی پێشکەوتن ........................................ | ٦١ |
| تێگەیشتن لە تەکنیك ........................................ | ٦٥ |
| **بەشی چوارەم: هەوڵ و تەقەللاکانی ڕیفۆرم** ........................ | ٧٧ |
| دام ودەزگای نوێ ........................................ | ٧٩ |
| نیزامی نوێ (نیزامی جەدید) ........................................ | ٨٦ |
| ڕۆڵی فەڕەنسا لە ڕیفۆرمدا ........................................ | ٩٢ |
| پڕوپاگەندەی فەڕەنسی ........................................ | ٩٦ |
| **بەشی پێنجەم: گۆڕانی شێوازەکانی نووسین و بیرکردنەوە** ................ | ١٠٣ |
| لەنەریتەوە بۆ هاوچەرخبوون ........................................ | ١٠٦ |
| کتێبی گەشتنامە ........................................ | ١١١ |
| ڕاپۆرت و نامە ........................................ | ١٢٣ |
| نووسینی مێژوویی ........................................ | ١٣٢ |

شیعر .................................................. ١٣٩
**بەشی شەشەم: زمانی جیهانیی** ........................................ ١٤٣
بەکارهێنانی زمانێکی نوێ ........................................ ١٤٦
"تەنزیماتی نوێ" ........................................ ١٤٨
میتۆدێك بۆ ڕەخنە ........................................ ١٥٢
ڕۆڵی زمانی فەرنسی ........................................ ١٥٩
**بەشی حەوتەم: ناکۆکی چەمکەکان** ........................................ ١٦٣
چەمکە نوێکان ........................................ ١٦٥
پەرچە کردار ........................................ ١٧٣
دوو ئاقار ........................................ ١٧٧
ئاسۆکانی ئەزموونەکەی سەلیمی سێیەم ........................................ ١٨٢
ئەنجام ........................................ ١٨٨

# له بڵاوكراوەكانی
# ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران
## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوكراوەكان | نوسەر و وەرگێر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله<br>ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٨ | ئاين و دەسەلآت | هاشم كەريمى | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فيمينيزم | رەسول سولّتانى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجيرەيەك گفتوگۆى مەدەنى، عەلمانيەت و ئاين، عەقلّ و شەريعەت، كوردو ميدياى عەرەبى | ئومێد قەرەداغى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | كوردەكان و مافى چارەى خۆنووسين زنجيرەى هۆشيارى، ژمارە (١) | ئيسماعيل بێشكچى<br>و. رەوا حاجى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سيستمى سياسى سويسرا<br>زنجيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٢) | خەليل عەبدوللآ | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئاين و دەولّەت لەميسرى سەردەمى محەمەد عەلى پاشادا<br>زنجيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٣) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤارى كەلتور ژمارە (١) | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | رۆژنامەى كوردى گۆڤارى هەولێر سالّى (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەكردنى:<br>د. هيمدادى حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناكۆكەكان، ئايندەو ئاسۆكانى چارەسەر، زنجيرەى هۆشيارى، ژمارە (٤) | تەحسين ناميق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبكردن و بەجولەكەكردن ، زنجيرەى هۆشيارى، ژمارە (٥) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئاين و ئازادى بيروڕا<br>زنجيرەى هۆشيارى، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونيف<br>و: عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی: عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە: یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور ژمارە (٢) | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسيه: احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی<br>فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | ماموستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٣ | كوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: عەلی جۆڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە: کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. ڕێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠١ | ديموكراسيو بنەماكانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین كازم و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم (ملا بختيار) ترجمة ومراجعة: د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەركەكانی خەبات لەهەلومەرجێكی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | كێشەی شیعەو سوننە كورتەباسێكی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی و. عارف كەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو كاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەكان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێكخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنكردنی هەڵوێستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانكفۆرت | و. عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري ز. هۆشیاری، ذ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | كوردو توركمان، تێروانینێك بۆ میكانیزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەكانی، ز. هۆشیاری، ژ(٣٥) | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەكانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٩ | پێــنج لێکۆڵینــەوە لــەبواری سیاســەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگــرام و پــەیڕەوی نــاڤخۆ پەســەندکریێ سێیەمین کۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی ڕێکخستنی دهۆك بەشی روناکبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئالأ | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحي فى كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکا و جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – کوردی) | ئامادەکردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | کورد لەسوریاو ئاوەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان<br>و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ<br>لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشــاريع الــتي قــدمها الاتحــاد الــوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم: فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائيـة العراقيـة العليـا دراسـة في مبادىء العدالة | محمد ريبين حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العـدل الدوليـة في تطـوير القـانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانیەوە: هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتنێك لەگـەڵ هـەڤاڵ مـەلا بەختیاردا | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٧ | کردستان ککیان ضمنه الخطة الدولیة بداً من جنوبها | المحامی/ الشیخ سالار الحفید | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە: غسان نعسان<br>و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵیبژاردم | ئیسماعیل عوسمانو ماتیاس شیلین<br>و: حەکیم کاکە وەیس | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئایینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دیموکراسیو دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو لەروانگەی مەلا بەختیارەوە | سەردار عەبدولکەریم مەجید | ٢٠١٢ |
| ٤٤٤ | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتەدا ز. هوشیاری ژ. (٤١) | مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |
| ٤٤٥ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینیو دیاردەی فرەنەتەوەیی، ز. هۆشیاری ژ. (٤٢) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٤٦ | مێژووی نەوتی کەرکوك | فەرهاد حەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٤٧ | باشوری سودان ز. هۆشیاری ژ. (٤٣) | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٨ | الدیمقراطیة دراسة فکریة سیاسیة<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٤) | عبدالرحمن کریم درویش | ٢٠١٢ |
| ٤٤٩ | الاکراد والدیمقراطیة والاندماج<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٥) | فرید اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٠ | زمانی کوردی لەدەستورەکانی عیراقدا<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٦) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٥١ | رۆڵی ژنان لەپەرەپێدانی کاری رێکخراوەییدا (ی. ن. ك) وەك نموونە<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٧) | جەمیلە شێخ مەحمود<br>شلێر رەشید<br>نیگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٢ | ئارامو رۆڵی لەبزوتنەوەی سیاسیدا<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٨) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٣ | چەپکە گوڵ: قەفتەیەك ژ سەروەریو هەڵویستێن ئێکەتی نیشتمانی کوردستان<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٩) | قادر حەسەن عبدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤٥٤ | توماس هوبز وفلسفته السیاسیة | احسان عبدالهادی النائب | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥٥ | حزب‌و ڕێكخراوه‌ سیاسییه‌كان | محه‌مه‌د فاتیح | ٢٠١٢ |
| ٤٥٦ | المركز القانوني للمواطن وضماناته | دریڤان عبدالقادر بكر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٧ | ئه‌منی ستراتیجی عیراق‌و سێ كوچكه‌ی به‌عسیان | ئه‌مین قادر مینه | ٢٠١٢ |
| ٤٥٨ | پرۆیسترۆیكا بن لادن‌و مۆنیكا (نوسین، ئاماده‌كردن، وه‌رگێران) | ستران عه‌بدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٥٩ | دۆزی كورد له‌نه‌خشه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا | د. خه‌لیل ئیسماعیل محه‌مه‌د | ٢٠١٢ |
| ٤٦٠ | ده‌وڵه‌تی عوسمانی‌و عه‌شیره‌ته كورده‌كان له‌كوردستانی باشوور | خالید مه‌حمود كه‌ریم | ٢٠١٢ |
| ٤٦١ | دۆزی كورد له‌به‌رده‌م ڕای گشتی عه‌ره‌بدا (كۆمه‌ڵه‌ وتار) ز. نامیلكه‌ی كورد له‌میدیای جیهانیدا) | و. ڕه‌سوڵ ئیبراهیم | ٢٠١٢ |
| ٤٦٢ | فه‌لسه‌فه‌و لاهوت له‌سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاستدا | د. حه‌مید عه‌زیز | ٢٠١٢ |
| ٤٦٣ | الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة الجماعية في كردستان | نجم الدين فقي عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٦٤ | ڕۆژانی پێشمه‌رگایه‌تی | دارا محه‌مه‌د یاسین | ٢٠١٢ |
| ٤٦٥ | ئه‌تله‌سی سیاسیی هه‌رێمی كوردستان | فه‌رید ئه‌سه‌سه‌رد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٦ | الدور الامريكي في بناء الشعوب من المانيا الى العراق | ت: نظيرة اسماعيل ياري | ٢٠١٢ |
| ٤٦٧ | ده‌رباره‌ی شێوه‌ی ئاسیایی به‌رهه‌م هێنان له‌كوردستاندا | فه‌رید ئه‌سه‌سه‌رد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٨ | ده‌روازه‌یه‌ك بۆ زانستی سیاسه‌ت | عابد خالید ڕه‌سول | ٢٠١٢ |
| ٤٦٩ | كه‌لتور (ژماره ٦) | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٠ | دیپلۆمات و دیپلۆماسی | به‌هرۆز گه‌لاڵی | ٢٠١٢ |
| ٤٧١ | الدعائم الأساسية للدولة الفدرالية نامیلكه‌ی هۆشیاری ژماره (٥٠) | د. شۆڕش حسن عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٧٢ | ڕۆڵی (ی. ن. ك) له‌دیموكراتیزه‌كردنی كۆمه‌ڵگه‌ی كوردستان، نامیلكه‌ی ژماره(٥١) | ئه‌نوه‌ر حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٧٣ | ده‌روازه‌یه‌ك بۆ ئاسایشی نیشتمانی هه‌رێمی كوردستان/نامیلكه‌ی هۆشیاری ژماره (٥٢) | قادر حه‌مه‌جان | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٧٤ | النظم الانتخابية ونظام انتخاب مجلس المحافظات العراق واقليم كردستان ناميلكەی هۆشياری ژمارە (٥٣) | د. دەرباز محمد | ٢٠١٢ |
| ٤٧٥ | ئيدارەی كوردیو ئۆپۆزسيۆن زنجيرەی ناميلكەی هۆشياری ژمارە (٥٤) | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٦ | المصالحة الوطنية بين التحدي والتحقيق، ناميلكەی هۆشياری ژمارە (٥٥) | د. اسماعيل ناميق | ٢٠١٢ |
| ٤٧٧ | الطالباني وجائزة نوبل للسلام ناميلكەی هۆشياری ژمارە (٥٦) | يوناتا ديوخ موس | ٢٠١٢ |
| ٤٧٨ | بەتايبەتكردن وەك ميتۆدێكی ريفۆرمی ئابوری، ژمارە (٥٧) | فەيسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٧٩ | ئيسلامو مۆدێرنيتەی سياسی ناميلكەی هۆشياری (٥٨) | مۆريس بارييە | ٢٠١٢ |
| ٤٨٠ | (ی. ن. ك) پێناسەی حزبێكی سۆسيال ديموكرات ناميلكەی هۆشياری ژمارە (٥٩) | نەجمەدين فەقێ عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٨١ | ملحوظات عامة ودروس مستنبطة من معارك الشمال في عام ١٩٦٤ | مديرية التدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية | ٢٠١٢ |
| ٤٨٢ | بازرگانی چەك لەجيهاندا | نجم الدين فقي عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٨٣ | دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ | دلاوەر عوسمان مەجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٨٤ | التعددية السياسية واثرها على السلطة التشريعية | محمد صابر كريم | ٢٠١٢ |
| ٤٨٥ | بنەماكانی زانستە سياسيەكان | ن: د.عەبدولڕەحمان عالم و: دلاوەر عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٨٦ | قەيرانی قەرزە سياديەكانی ناوچەی يۆرۆ | فەيسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٨٧ | گەندەڵی (هۆكار، كاريگەری، بەرەنگاربونەوە) | حامد حاجی قادر | ٢٠١٢ |
| ٤٨٨ | الفساد والاصلاح | عماد صلاح عبدالرزاق | ٢٠١٢ |
| ٤٨٩ | ئەو پرۆژانەی كە يەكێتی نيشتمانيی كوردستان لەساڵی ١٩٨٤ دا پێشكەشی حكومەتی عيراقی كردووە. | | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٩٠ | کۆسرەت رەسوڵ عەلی لەپەرلەمانی کوردستان (١١/٤/١٩٩٣ -٢٢/١٢/١٩٩٤) | ئامادەکردنی: مەسعودی مەلا هەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٩١ | سەفەری کوردایەتی (بیرەوەرییەکانی شارو شاخ) ١٩٧٤-١٩٨٠ | شاخەوان عەباس | ٢٠١٢ |
| ٤٩٢ | کەلتور ژمارە (٧) | | ٢٠١٢ |
| ٤٩٣ | رەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٩٤ | کۆمەڵگەو دەوڵەت | ن: باقر پرهام<br>و: سابیر موڕادی کەمال ئەمینی | ٢٠١٢ |
| ٤٩٥ | پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی (ی.ن.ك) بەزمانی ئینگلیزی | وەرگێڕانی: نظیر اسماعیل یاری | ٢٠١٢ |
| ٤٩٦ | کورد و کێشەی نەتەوایەتی لەتورکیا زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا ژمارە (٥) | وەرگێڕانی:<br>عەتا قەرەداغی<br>ن: د.لوتفی ئەلعەمرشی | ٢٠١٢ |
| ٤٩٧ | توندڕەویی ئایینی لەجیهانێکی گۆڕاودا | ن: ئەلعەفین ئەلئەخزەر<br>سەلاح عیساوی<br>و: حەسەن یاسین | ٢٠١٢ |
| ٤٩٨ | بنەماڵەی بن لادن خێزانێکی عەرەب لەسەدەیەکی ئەمریکی دا | ن: ستیف کۆڵ<br>و: گروپی وەرگێڕانی سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر | ٢٠١٢ |

(چاپ: چاپخانەی حەمدی)

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و پێزانینی تایبەتم بۆ بەڕێز:**
**م. مەریوان مامە سالە، کە ئەرکی هەڵەبڕی ئەم وەرگێڕانەی لە ئەستۆگرت**